هێمن مەولود

# کەرکوک
## لەنێوان
## پیلان و خەمساردی دا

کۆبەندی کۆمەڵە گوتارێک



من بەش بەحاڵی خۆم داڵدەو پەنادانی هەر عارەبێکی هاوردەی دەهەزاری تەنانەت بە نامەیەکێش بێت بە خیانەتێکی گەورە دەزانم کە یەک لێکدانەوە زیاتر هەڵناگرێت، ئەویش رازیبوونە بە هاتنیان و سیاسەتەکانی بەعس و سەدام دەرهەق بە کەرکوک، کە بەداخەوە هەموو حزبەکان کردیان ئیتر بەهەر پاساو بیانوویەکەوە بێت.

ئەم داڵدەدان و هاوسۆزی نواندن و پشتگیری کردنەی عارەبی هاوردە لەلایەن حزب و کەسایەتییە کوردەکانەوە، گەورەترین خزمەتی پیلانەکانی رژێمەکانی پێشوو دەرهەق بە کەرکوک و کوردستانێتی کەرکوک کراون، کردووە.

له بلاوكراوه‌كانی كۆمه‌ڵه‌ی رووناكبیری كه‌ركوك

١٤

هێمن مه‌ولود

# كـــــه‌ركـــــوك

## لـه نێــوان
## پیـلان و خـه‌مســاردی دا

كۆبه‌ندی كۆمه‌ڵه گوتارێك

ساڵی ........... ٢٠٠٦



سه‌رپه‌رشتیاری پرۆژه‌ی كتێبی كۆمه‌ڵه

عارف قوربانی

ناوی كتێب: كـــه‌ركـــوك له نێوان پیلان و خه‌مسارد یدا

نووسه‌ر: هێمن مه‌ولود

بابه‌ت: كۆبه‌ندی كۆمه‌ڵه گوتارێك

نه‌خشه‌سازیی و به‌رگ: ئه‌نجام سه‌عید

تایپ: وریا شه‌هاب

چاپ : چاپخانه‌ی ئارابخا – كه‌ركوك

چاپی: ٢٠٠٦

## پێشکەشە بە:

- شەهیدانی کەرکوك.
- دایك وباوکم .
- کاکم ئیسماعیل کە بەو ئاواتەوە سەری نایەوە ماڵەکەی بهێنێتەوە بۆکەرکوك .
- هەموو قەڵەمێکی پاك و بوێر و راستگۆ .



# پێڕست


پێشەکی ........................................................................ ٥
رزگارکردنی کەرکوك بەخوێن یان بەپارە ...................................... ٧
تراویلکەی ئەنجومەنی کەرکوك و ((هی خۆم بۆخۆم هینەکەی
تۆش دەخۆم))................................................................... ١٠
بەسە پەنای حزبایەتی لەکەرکوك دوورخەنەوە .................................. ١٣
کەرکوك وپیلان ............................................................... ٢٠
کەی گۆدۆ دەگاتە کەرکوك ..................................................٢٤
کەرکوك بانێکە و دوو هەوا ...................................................٢٧
ئەنجومەنی کەرکوك بڕۆنەوە ماڵی خۆتان ئێوە نوێنەری ئێمە نین..................٢٩
چی بۆکەرکوك بکرێ ...........................................................٣٢
کەرکوك و دوومەڵی تەعریب ..................................................٣٧
گەڕانەوە بۆکەرکوك یان جارێکی تر ئاوارە بوونەوە .............................٤٣
باکەرکوکیش بەدەردی موسڵ و ناوچەکانی تری کوردستان نەچێت...............٥٠
عارەبی رەسەن کوا لەکەرکوك ..................................................٥٥
پۆڵ هارڤی چی لەکەرکوك کرد ................................................ ٥٨
خۆش أخوە .....................................................................٦٣
دیسان کەرکوك لە پریاسکە دەنرێتەوە .......................................... ٦٦
کەرکوك لەنێو تۆڕی پاکتاوی نەژادی دا ....................................... ٦٩
کەرکوك کاك رزگار پاکانە بۆکێ دەکات .......................................٧٥
قەڵاّی کەرکوك شەهید کرا چیمان کرد ..........................................٨٠
کەرکوك لەنێوان پیلان و خەمساردیدا ..........................................٨٤
کوردی کەرکوك خۆتان کەرکوك ئازاد بکەن .....................................٩٦

# پێشەکی

ئەوەی کە هانیدام ئەم گوتارانە لە دووتوێی کتێبێکدا کۆبکەمەوە و بیانخەمەوە بەرچاوی خوێنەرانی کورد بەگشتی و کوردی کەرکوك بەتایبەتی ، بیرخستنەوەی هەموو لایەکە لەوەی کە ئێمەی نووسەرو رۆژنامەنووسان گەرماوگەرم لەهەر رووداو وگۆڕانکارییەکدا هەڵوێست و قسەی خۆمان هەبووە ، تێڕوانینی خۆمان لەکاتی خۆیدا خستۆتە روو ، بەڵام سەرکردە وکاربەدەست و لێپرسراوان ئامادە نەبوونە گوێمان لێ بگرن و گوێی خۆیان لەئاستی بۆچوون تێڕوانین وهەڵوێستی رۆژنامەنووسە خاوەن هەڵوێستەکان داخستووە و تەنها گوێیان لە هەندێ خەڵکی کاسەلێس و دەڵەچە گرتووە .

خۆزگە ئەو گوتارانەشم دەمان و هەڵم دەگرتن کە رۆژنامەکان لەبەر دڵی کاربەدەستان نەیانوێراوە بڵاویان بکەنەوە ، بەڵکو ئێستا لەگەڵ ئەمانەدا دامدەنان.

ئەم نوسینانە و رۆژ و مێژووی نووسین و بڵاوبوونەوەیان گەواهی ئەوەن کە لەزۆر ئەدائی زۆر سەرکردەولێپرسراوانی خۆماننا رازی



بووینە وتێڕزانینی خۆمان هەبووە وهەیەلەسەر گشت رووداو وگۆڕانکارییەکان و چەندەش بەتەنگ دۆزی کوردو کوردستانەوە ودوور لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکان ، سەری بەرزی قەڵەممان کەچ نەکردووە و خۆمان تووشی سەریەشە وگێرمەوکێشە کردووە ، ئەوەش بۆئەوەی هەل ودەرفەتە مێژووییەکانمان لە دەست نەچن .

لەزۆربەی نووسینەکان و زۆرشوێندا زاراوەی (خاوە خاو)(خەمساردی)یم دووبارە کردۆتەوە ، ئەوەش وەکو تەئکیدکردنەوەیەکە لەوەی کە تائێستاش بەهۆی خاوە خاوی خۆمانەوە خەریکە کەرکوکمان لەدەست دەردەچێ و کەوتۆتە هەڵدێرێکی هەزاربەهەزاری سیاسیەوە . بۆیە لێرەوە جارێکی تربە هەموو سەرکردە و کاربەدەست و لێپرسراوێکی کورد دەڵێمەوە ، تاکو گوێ لە نووسەرو رۆژنامەنووس و رۆشنبیرو جەماوەر نەگرن و کەلێن ودیواری ئەستوور لەنێوان خۆیان و خەڵکدا دانێن ، قەت لەئێستا باشتر نابین وئەوانیش خۆشەویستی خەڵك لە دەست دەدەن .

ناشتوانن لەئاستی خواست وخەونەکانی کوردەواریدا بن !!!

زاراوەی (عارەب)یشم بۆیە بەکارهێناوە ، چونکە کوردەواری هەر وا بەکاری دێنێت ، وام پێ باشتربوو.

* * *

# ڕزگار کردنی کەرکوك بەخوێن ، یان بە پارە ؟!

هەرلە سەرەتای ناکۆکییەکانی کورد و دەوڵەتی عێراقەوە ، کەرکوك چەقی قورسایی ناکۆکییەکان بووە.حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەردەوام هەوڵی دابڕانی کەرکوکیان لەکوردستان ، کردۆتە کاری لەپێشەوەیان .

کوردیش بۆ خۆنەدانە دەست ئەو هەولآنەی داگیرکەران وبەرەنگابوونەوەیان ، بەدرێژایی شۆڕش و بزاڤەکانی ، پشکی شێری لەخوێنی ڕۆڵەکانی ئەم شارەو دەوروبەرەکەشی دا داوە .

لەدرێژەی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگارکردنی کەرکوك لە چنگی دوژمنان و هەوڵە نەگریسەکانیان ،گیانی فیداکاری و قوربانیدان  بە خوێن و سەرو ماڵ ئامادەییەکی بەردەوام و هەمیشەیی هەبووە ،چونکە بارودۆخ و هەلومەرجەکان وایان خواستووە . بەلأم سەیرەکە لەوەدایە ئێستا هەلومەرجێك لەئارادایە و بۆتە واقیعێکی دڵخۆشکەر کە چارەسەرەکەی و هەنگاوێکی زۆری چوونە پێشەوەی لەرزگارکردن بەپارە چارەسەر دەبێت و(بەبێ خوێن زۆرلەو ئامانجە نزیك دەبینەوە کە ساڵەهای ساڵ خوێن و

* لە هەفتەنامەی هەواڵ - ژمارە (٨٨) ی ڕۆژی ٢٠٠٤/٧/٣ دابلأوکراوەتەوە .



قوربانیمان بۆداوە ).هەرهیچ نەبێ بەو پارەیە یەکێك لە گەورەترین پیلانە نەگریسەکانی شۆڤێنیستی عارەبی کە تەعریب و گۆڕینی باری دیمۆگرافی ناوشاری کەرکوکە پووچەڵ دەبێتەوەو لەباردەچێت.

هەربۆیەش هەقی خۆمانە بەو کەس و لایەن ولێپرسراوانە بڵێین ئەم خەونە لەمێژینەیە بۆچی خاوە خاوی لێدەکرێت ؟!کەمتەرخەمی و لەمپەر دانان بۆچی(تۆ بڵێی پارە لەخوێن بەنرختر و خۆشەویست تربێت)؟!

کێ دەڵێ ئەم دەرفەت و هەلە مێژووییە لە سەری ساڵی ٢٠٠٥ەوە کۆتایی پێنایەت ؟ کێ دەڵێ لەم پێنج مانگەی ماوە بەم خاوە خاوە دەتوانرێ ئاوارە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان وباری ناسروشتی دیموگرافی کەرکوك سروشتی دەبێتەوە !؟

ئەگەر ئەم بەربەست دروست کردنە بۆگەڕانەوەی کوردی ئاوارە ودەرکراوی کەرکوك تاکو سەرژمێری درێژە بکێشێ، ئەوە پیلانێکە و درێژەی سیاسەتی شۆڤێنیانەی بەعسە و هەرکوردێکیش دەستی لەم دواخستنەدا هەبێت دەکەوێتە بەر دەیان تیری گومانەوە .

ئەم هەموو خاوە خاوە وکەمتەرخەمییەش کەلە بێبەرنامەیی وهەوڵەکانی گەڕاندنەوەی ئاوارەکاندایە ، لەکاتێکدایە کەتەنانەت منداڵێکیش دەزانێ بەگەڕانەوەی ئاوارەی کورد بۆ کەرکوك ودەوروبەری نەك کوردی شارەکە (داشی سوار) دەبێت ، بەڵکو تەواوی هاوکێشە سیاسییەکان بەتای کورددا سەنگینتر دەبن .

ئەو بڕە پارەیەی کە دەڵێن سێ هەزار دۆلارە و دەدرێتە ئەو ئاوارە گەڕاوانەی کەرکوك کە سوودمەند نەبوونە بە زەوی وخانوو وەرگرتن لە (ئیدارەی سلێمانی) جگە لەوەی کە کۆمەکێکی زۆر ڕەمزییە و لەکیسەی

باوكی كەس دەرناچێ و لەداهاتی ئەو نەوتەیە كە ساڵەهای ساڵە دەدزرێ ، ئیتر چ پێویست بە مەرج دانان و كڕینەوەی خانووی عارەبی هاوردە هەیە، لەكاتێكدا هیچ خانوویەك نرخی لە دەهەزاردۆلار تا بیست هەزار دۆلار كەمتر نییە ، مەگەر بێ تاپۆو بێخاوەن (علوج) بێت . بەم شێوەیە نە ئاوارە ئەتوانێ بێتەوە و خانوو بكڕێ ، نەپارەكەش دەدرێتە كەس غەیری چەند دۆست وناسیاوێك.خۆئەگەر مەبەستیان بێت دەتوانن خۆیان خانووی عارەبە هاوردەكان بكڕنەوە و دابەشی بكەنە سەر ئاوارە ودەركراوەكان بەپێی شایستەیی و شایانداری .

ئیتر هەقی وانییە مەرجی (تەعجیزی) بۆئاوارەی داماو دابنرێ وچیتریش لەمپەر لەبەر دەم هاتنەوەیان دابنرێ . تەنها گەڕانەوە بەم بارو دۆخە نالەبارە ، بەسە بۆئەوەی نەك سی گەلاَ ، بەڵكو هەموو ئەو بڕە پارەیەی كە بۆئاوارە تەرخان كراوە هەقی وایە بە دابەشكردنێكی شایستە دابەشكرێت و دوا نەخرێت.

بۆئەوەی چیتر خەڵكی شاری كەركوك وبەتایبەتیش ئاوارەكانی نەكەونە گومانەوە لەهەوڵەكانی هەردوو ئیدارەكە لەوەی (فیعلەن كەركوك دڵ وقودسی كوردستانە)!؟یانیش هەر موزایەدە بوو بۆ راكێشانی دەنگ و دەست ومەچەك بیرو هزری كوردی هەمیشە تێكۆشەر و ماندوو نەناسی كەركوك و گەرمیان !!!!ئەمە پرسیارێكی جیددی شەقامی كوردییە وەلاَمەكەشی بە رەفتارو كردار دەدرێتەوە ، نەك پەلَپ و بیانوو ، یانیش دروشم و دیماگۆگی .



## تراویلكەی ئەنجومەنی كەركوك و( ( هی خۆم بۆخۆم، هینەكەی تۆش دەخۆم ) )

وابۆ دوو مانگ دەچێت هەڵبژاردنەكان تەواو بوونە و كەچی تا ئێستاش ئەنجومەنی تازە هەڵبژێردراوی كەركوك نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێك بۆ دابەشكردنی پۆستە ئیدارییەكانی پارێزگاكە ، هۆكاری سەرەكی ئەو دواكەوتن وهێشتنەوەیەش ،وەك دەڵێن عارەب و توركمانەكانن ، كەهەقیقەتی زۆرینەی كوردیان لەم شارەدا پێ هەرس ناكرێت .

ئەم حاڵەتەش بۆناحەزانی كورد دەشێ چاوەڕوان كراوبێت، بەلاَم ئەوەی مایەی لەوە زۆرتر چاوەڕوانی كردن نییە ، زیاتر نەرمی نواندنی لیستی براوەی برایەتی زۆرینەیە ، كە هەقی وایە چیتر چاوەڕوانی ئەو كەسانە نەكەن كەتاكو هەڵبژاردنەكەش ،دژایەتی هەڵبژاردنیان دەكرد وئێستاش مایەی نائارامی و پشێوی ناو كەركوكن ، ئەم چاوەڕوانی و شل وخاوییە بۆ كەسانی خەمخۆری شارەكە بێت و خزمەتی داهاتووی كەركوك بكات ئێهێكی

---

★لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە(١٣١)ی رۆژی ٢٠٠٥/٥/١٤ دا بلاَوكراوەتەوە .

تیایه !!بەڵام ئەم چاوەڕوانییەی گۆدۆ کاتێ ئاسنی سارد کوتان بێت ودەستی ئەنقەستی لەپشتەوە بێت و بۆئەوە بێت کەرکوك لەم زەلکاوەدا بۆگەنتر بکەن و سەرەنجام ئاکامی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە !ئەوا باشتر وایە لیستی برایەتی کەرکوك زووتر لەژێر سێبەری شەرعییەتی زۆرینەی کورسییەکان و مافی یاسایی پێکهێنانی ئیدارەی کەرکوکدا،پۆستەکان دابەشبکات وپشکی عارەب و تورکمانیش لە لیستەکەی خۆیدا بەگوێرەی بوونیان دابنێت ، بی ئەوەی وەکو بارو سەربارەکە ئەوانە لەسەر کورد حیساب بکرێن و عارەب وتورکمانی دەرەوەی لیستی برایەتیش دووبارە پشکی خۆیان بەرن، چونکە لەم حاڵەتەدا کورد زۆر زەرەرمەند دەبێت .

ئەگەر عارەب و تورکمانی دەرەوەی لیستی برایەتی ئەوانەی ناوەوەیان بە نوێنەری نەژادەکانی خۆیان قبوڵ نییە ، ئەوا بۆچی کورد لەسەر حیسابی خۆی وخوێن وخەباتی دەیان ساڵەی خۆیدا کورسی ببەخشێتە ئەم و ئەو!!!؟؟

عارەب و تورکمانەکانی دەرەوەی لیستی برایەتی زۆر بێ شەرمانە دەڵێن((ئەوەی خۆم بۆخۆم ، ئەوەی تۆش دەخۆم)) چونکە پێدەچێ ئەوان ئەمانەی ناولیستی برایەتی بەنوێنەری عارەب و تورکمانی شارەکە نەزانن و دەیانەوێ لەپاڵ ئەو کورسییانەی کەکورد لەولیستەدا بەوانی دەدا ، ئەوانیش لەپاڵ پرانسیپی (توافق)ەوە کۆمەڵێ کورسی وپۆستی تر دەستەبەر بکەن و لەژێر گوشاری هەل



ومەرجی نالەباری کەرکوك ولاواندنەوەیان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە ، کورد ناچاربکەن مل بەو خواست و داوا ناڕەوایانەیان بدات !!!پێدەچێ سەرکردایەتی سیاسی کوردیش کاریگەری ئەو گوشارانەی لەسەر بێت و بەناوی داڕشتنەوەی نوێی عێراق و چەند کورسییەکی کاتی بەغدا ، بچێتە ژێر هەندێ باری ئەوتۆوە کەلەژێر دەرچوونیان لە داهاتوودا قورس وگران بێت ولە شارێی ئامانج و خواستە راستەقینە ورەواکانی دۆزی کوردایەتی بیانترازێنێ؟؟؟!!!

ڕەنگە زۆربەمان بزانین بەرژەوەندی ئەمریکاو بەریتانیا لەم مل دانە بەو نادروستییانەی هاوکێشە سیاسییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت وبووبنە خاڵی لاواز بۆ هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد ، بەڵام ئەگەر ئەمەیان لەئیرادە ودەسەڵاتی خۆمان بەدەربێت وناچاربین!!ئەی دەبێ ئۆباڵی زاڵبوونی بەرژەوەندی حزبایەتی لەناو هێزە سیاسییەکانی کورددا لەئەستۆی کێ بێت ؟؟!!ئەم بەرژەوەندی خستنە سەرووی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردەوە کێ لێ بەرپرسیارە وبۆچی خاڵی لاوازی تر بەدەستی خۆمان بخەینە پاڵ ئەو خاڵە لاوازانەی کە بێگانە بۆیان دروست کردووین !!.؟؟

منیش تەنها ئەوەندە بەسەرکردایەتی سیاسی کورد دەڵێم کە((کات وەکو شمشێرە وئەگەر نەیبڕی دەتبڕێ)).

# بەسە پەتای حزبایەتی لە کەرکوک دوورخەنەوە

لەوەتەی حزب هەیەو دروستدەکرێ ، بۆ ئەوەیە دۆزو کێشە رەواکان رێکبخات و چوارچێوەیەکی رێکخراوی رێکوپێکیان پێ ببەخشێ و لە خۆڕسکی دەربازیان بکات ، سەرەنجام بەو کارو رێکخستنەی خزمەت بە ئامانجە سیاسییەکانی بکات .

کەچی بە داخەوە حزبایەتی لە کوردستاندا تا ئێستاش هەروەکو تەریقەتی پیرو شێخ و مەشایەخەکان خەڵکیان لە ناو جەرگەی دۆزی رەوای کوردایەتیدا دەرهێناوەو پەستاویانەتە ناو چوارچێوەیەکی تەسکی حزبایەتییەوەو خەڵکیان وا فێرکردووە حزب بپیرۆزێنن و سەرکردەکانیش بپەرستن .

بە داخەوە ئەم پەتا کوشندەیە گەلێ کەسی هۆشیارو نیشتیمان و نەتەوە پەروەری لە کاروانی تێکۆشاندا سارد کردۆتەوەو دوور خستۆتەوەو بۆتە مایەی پەراوێزکردنی گەلێ تواناو بەهرەی باش و دیار لە گۆڕەپانی خەباتدا.

---

★ لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە(١٠٣)ی رۆژی ٢٠٠٤/١٠/١٦دا بلاّوکراوەتەوە.



پەتای حزبایەتی و پیرۆزاندنی یەکێکە لە گەورەترین خەتاکانی حزبەکان و سەرکردەکانیان دەرهەق بە خەڵك و گەلی کوردستان . کە چەندە لە رێڕەوی کاروانی خەبات و تێکۆشاندا خزمەتی لاوەکی دۆزەکەی کردبێ ، دوو هێندە زیاتریش بۆتە مایەی دواخستنی کاروانەکە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی.

بەڵگەی زۆر و زیندووش بۆ راستی قسەکانمان هەن ، کە دیارترینیان شەڕەکانی ناوخۆو برا کوژییەکانن ، کە حزبەکان لاپەڕەی زۆری پڕ شەرمەزارییان تیایدا هەیە .

شەرمەزاریەکەی ئەم پەتایەش بەر لە هەرشتێك لەوەدایە کە هێزی گەورەو گرانی گەل پچڕپچڕ دەکەن و بەهرەو تواناکان پەرتەوازە دەکەن و دەیانکەن بە گژ یەکتردا ، ئەمە لە جیاتی رێکخستن ویەکسەنگەری و کۆکردنەوەیان و ئاراستەکردنیان بەرەو دوژمنی سەرەکی و راستەقینە.

بۆیە هەقی وایە ئیتر لە کوشندەیی و خراپی و ناپەسەندی ئەم پەتای حزبایەتیە تێبگەین و نەهێڵین ئامانجە پیرۆز و گەورەکان بکرێنە قوربانی بچووك و شەخسییەکان و چیتر رێگە نەدەین هەست وهۆشی کوردایەتی ژەهراوی و ونجڕ ونجڕ بکرێ.

رێگە نەدەین لە جیاتی هۆش و گۆشی نەتەوەیی و مرۆڤپەروەری پەتای حزبایەتی و دۆنکیشۆتی و سۆپەرمانی سەرکردەکان زەفەر بە هەستی پاکی کوردایەتی بەرن.

سەرکردەو حزبەکان زۆر ناهەقییان بە کوردایەتی و کوردەواری کرد و قسوریان نەکرد ، هێندەی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکییان لە ناوماندا چاند

، ئەگەر دەیەکی ئەوە خزمەتی کوردایەتییان بکردایە ئەوە بێگومان زۆر لە ئامانج و ئەنجامەکانمان نزیکتر دەبووینەوە .

دوژمنە خوێنخۆرەکانیشمان ئاوەها بەم هەموو شکست و نوشستی وبوودەڵەیی و پەڕپووتییەوە نەدەبوونەوە برا گەورەو ماستاویان بۆ خەست و سارد نەدەکرایەوە.

ئەگەر حزب و سەرکردەکانی کورد هێندەی سازش وتەنازول وچۆکدادانیان پێشکەش بە دوژمن ونەیارانی کوردو دۆزەکەی کردووە ، دەیەکی ئەوە بەخشندەیی ولێبوردن و گەردن ئازادییان بۆ یەکتر بنواندایە، قەد کار نەدەگەیشتە ئەوەی (رموزنەی زەندەقی چوو بوو لە من )ئەو هاوردانەی بە پێی پەتی هاتنە شارو ولاَتە داگیرکراوو دەستبەسەرەکەم لە سەر خێرو بێرو سامانی کەرکوکی کوردستانم پۆشتەو پەرداخ بوونە لە جیاتی رەشماڵە تۆزاوییەکانی ناو بیابانە وشکەکانیان ، فێری ژیانی ناو خانووی باش و کۆشك و ناو تەلار بن و ناماقوڵی وابکەن ، بڵێن کەرکوك شاری برایەتی و هەمووانە و کوردی نییە ؟!!

هەرگیز وا لە ئاستی هەیبەت و هەڵمەت و شکۆی جەربەزانەی کوردەواری بێسڵ و بێمنەت و شەرم شکاو و بێترس و سام نەدەبوون ، هێندەش لە سەرئەنجامی ناهەقییە گەورەو زۆرو زەوەندەکانیاندا دەرهەق بە ئێمە ئاوەها بێباك و بێترس ورەپ نەدەبوون.

زۆر بە داخەوە ئەم پەتا دزێوەی حزبایەتی چەندە لە رابردوو زیانی گەورەی بە دۆزەکەمان گەیاندووە ، ئێستا لە کێشەکانی کەرکوکدا بۆتە خاڵی لاوازی کوردو لاسەنگی تەرازووی هێزەکان تا ئەو رادەیەی عارەبە



هاوردە داگیرکەرەکان بێباکانە سووربن لە سەر درێژەدان بە پرۆسەی تەعریب.

هەر ئەم پەتا نەگریسە خەریکە بە ململانێی حزبایەتی وپیرۆزاندنی و بە سۆپەرمانکردنی سەرکردەکان ، تواناو گوڕو تینەکانی کوردایەتی ئفلیج بکات .

لەبەر ئەوە دەبێ بە حزبەکان و سەرکردەکانیان بڵێین کاکە گیان کوردو کوردستان زۆر لە ئێوە گەورەترو پیرۆزترن و ئەگەر کوردەواری و کوردستان نەبێت ئێوە هیچ نین ونابن ، بۆیە وەرن لە کەرکوك کوردایەتی بکەن وخزمەتکاری بن ، هەتا لە قوڕگی دوژمن دەربازی بکەین ، ئەگەریش خۆتان لە کوردستان و کەرکوك بە گەورەترو مەزنتر دەزانن . فەرموون بێ زەحمەت شارەکەمان جێبهێڵن و هەگبەی غروری خۆتان و پەتای کوشندەی حزبایەتیتان بپێچنەوەو خوا حافیزتان بێت چونکە ئێمەی کەرکوکی و گەرمیانی ، نیشتمان و نەتەوەکەمان لە حزب و سەرکردەو بەرژەوەندییەکانیان بە گەوەرەتر وگرنگتر دەزانین و ناشمانەوێ هەتا دوژمن و ناحەزێکی کوردو کوردستان لە شارەکەماندا مابێ کوردێك مۆرە لەکوردێکی تر بکات.

ئەگەر کەرکوکی پڕ لە زام وبرین بە راستی (دڵ وقودس و خۆر و..)گەلێك دروشمی بریقەداری تریش بێت ، ئەوا قەتو قەت ، هەرگیزاو هەرگیز لە ئێستا باشتر دەرفەتی ئاوەها نارەخسێ کە بەبێ پێچ و پەنا و موزایەدە کردن بەڵێن و دروشمەکانتان بهێننە دی .

تكايه ، تكايه كوردى ساغ وتێكۆشەرى كەركوك فێرى كوردايەتين وبه پەتاى دەروێشيكردن بۆ حزبەكانتان مەيان لەوتێنن ، ئێره كەركوكەو قيبلەى هەموو كوردێكى راستگۆو راستەقينەيە لە هەر گۆشەيەكى جيهان بێت . كەس بۆى نييە بيكاتە گۆڕەپانى جريتبازى ساغ كردنەوەى رق وئارەزووەكانى خۆى . كەس هەقى ئەوەى نييە كە موزايەدەو دروشمبازى بە سەر كەركوك و كەركوكييانەوە بكات. هەركەس ولايەنێكيش هەر پرۆژەو بەرنامەيەكى هەيە بۆ رزگاركردنى يەكجارى كەركوك و خزمەتكردنى ، ئەوا لەسەر چاوانى دادەنێين و پێكەوە قۆڵى كوردانەى لێهەڵدەماڵين ، هەركەس و لايەنێكيش هاوكارى كوردە ئاوارەو دەركراوەكانى كەركوك بكات ، بۆ گەڕانەوەيان بۆ كەركوكى زێدى خۆيان و نيشتەجێكردنەوەيان ، هەركەسێك عارەبێك ، يان هەر هاوردەيەك بنێرێتەوە بۆ جێى خۆيان ، هەركەسێك وشەيەكى كوردى لە جێگەى وشەيەكى عارەبى بڕوێنێتەوە و بگەڕێنێتەوە ،دەچێتە خانەى خزمەتى كوردايەتييەوە .

به پێچەوانەى شەڕە پەڕۆكەوە ، تەنانەت هەركەسێكيش دارخورمايەك لە رەگەوە هەڵكێشێ ، خزمەتى كوردستانێتى كەركوك و ناوچەكانى دەكات ، چونكە خاك و ئاوو هەواى كەركوك و ژينگەكەى بە سروشتى دارخورماى تێدا نەڕواوە ، بەڵكو هێنانى دارخورماكانيش بۆ كوردستان بێ مەبەستى سياسى و شۆڤێنيستانە نەبووە و بۆ شێواندنى سيماى كوردستانێتى كەركوك هێنراون و هەڵكێشانيشى دەچێتە خانەى سروشتيكردنەوە (تطبيع)ى بارودۆخى كەركوك و ناوچەكانييەوە كە ئەمەش لە ماددەى



(٥٨)ى ياساى بەڕێوەبردنى دەوڵەتى عێراق بۆ قۆناغى گواستنەوە بڕيارى لە سەر دراوە.

دە ئيتر بەس و تاكەى لە لۆمەى عارەبێك سڵ كەينەوە كە تاكو ئەو شوێنە برايەتى و پێكەوە ژيان و ئاشتى و تەبايى وكۆمەڵێ بە هاى ترى مرۆڤانەى قبوڵە ، كە بارى لارەو لە لێژيدايە و بێهێز و لاواز و بێدەسەڵات دەبێت ، بەڵام كە لە سەر پێى خۆى وەستا لە خۆى و كەلەپوور وكەلتورە كەڕوو گرتووەكەى خۆى بەولاوە كەس و هيچى ترى قبوڵ نييە.

با ئێمەش رەوايى دۆزەكەمان و دەرفەتە مێژووييەكان لە پێش هەموو ئعتيبارێكەوە دابنێين ، هەڤيش دەسەندرێ ، نادرێ و بە سواڵ سەدەقەيش نايەتە دى ، كەسيش ئەوە نەكاتە پاساو و پەتاى حزبايەتييەكەى و لەو موزايەدەوە بيكاتە بازاڕەوە ، شاڕێى كوردايەتيش ديارو ئاشكرايەو لە كەسيش شاراوە نييە.

كەس هەقى ئەوەى نييە داهات و سامانى كەركوك بە تالاَن بەرێت و ئامادەش نەبێت فلسێك لە گەڕانەوەى كوردە ئاوارەو دەركراوەكاندا خەرج بكات .

هيچ كەس و لايەنێكيش هەقى ئەوەى نييە لە جياتى سارێژكردنى برينەكانى كەركوك زامى تر بخاتە جەستەى كەركوك و كەركوكيەكانەوە.

كوردى كەركوك كوردايەتييان دەوێ ، نەك موزايەدەو سۆپەرمانێتى و پەتاى حزبايەتى ، ئەوەشى ئەوەى پێناكرێ بە روو سووريەوە بڕوات باشترە ، نەك جەماوەر نەفرەتى لێبكەن .

کوردی تێکۆشەری کەرکوك و گەرمیانیش هەمیشە داینەمۆی شۆڕش و بزاڤەکان بوونە ،لەم کاروانەشدا شل وخاو نەبوونەتەوەو پشووشمان درێژە و قەتیش تەنازول لە کوردبوون و کوردستانی بوونی کەرکووك ناکەین ، ئەگەر هەتا سەریش هەر ئاوارە بین هەر کۆڵنادەین.

⋆ ⋆ ⋆



# کەرکوك و پیلان

بەداخەوە بەپێی ماددەی (١٤٠)لە دەستووری هەمیشەیی عێراق ،پێویستە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ چارەنووسی کەرکوك بەقەدەری ریفراندۆم یەکلایی بکرێتەوە .

ئەو ریفراندۆمەی کەتاکو ئێستاش سەرکردایەتی سیاسی کورد هیچ ئامادەییەکی بۆ سازنەداوە ، لەدوای چوارمانگ تێپەڕین لەو ماوە دیاریکراوە و بەفیڕۆچوونی ئەو هەموو کاتەی کە لە زێڕ گرنگترە بۆئێمەی کورد ،کەچی بەهۆی جەعفەری و پێداگرتنی ئیئتیلافی شیعەوە لەسەر کاندیدکردنی ئەو، خوێن لەبەر ئەوکاتە بەربووە کە خۆی لەخۆیدا بەشی یەکلایکردنەوەی ئەو هەموو کێشەیەی نەدەکرد کەبۆی تەرخان کرابوو ، بۆیە ئەم دواخستن و مانۆڕکردنانە چەندە رەنگدانەوەی نێگەتیڤی لە سەر باری هەموو عێراق هەیە دووهێندەش لە سەر رەوشی کەرکوك و چارەنووسەکەشی هەیە،بۆیە هەق نییە سەرکردایەتی کورد ئاوا خەمساردانە بەفیڕۆ چوونی کاتەکە بەهەند هەڵنەگرێ !!!!من بەشی بەحاڵی خۆم ئەمە بەئەڵقەیەکی تر لەو زنجیرە پیلانە دەزانم کەپێشتر لێمان کراوە،هەمووومان ئەو راستییە دەزانین کە بەفیڕۆدانی کات نەك هەرلەبەرژەوەندی کورددا نییە بگرە زۆر زیانبەخشیشە وگەورە ترین هۆکاری لەدەستدانی ئەو هەل و دەرفەتە هەڵکەوتووانەیە کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بۆئێمەی کورد رەخساون ، بەتایبەتیش بۆ

رەوشی زۆر هەستیاری کەرکوك .کەچی زۆربەداخەوە عارەب هەل و دەرفەتەکانیان باشتر قۆستۆتەوە زۆر ژیرانەش بەئاراستەی ویستە نارەواکانیاندا بەرکێشیان کردووە ،ئەوەتا هیچ کامێکیان وێڕای ناکۆکی وناتەبابییەکانی نێوان خۆشیان وێڕای دەیان بەڵێنی درۆی پێشتریان لەگەڵماندا ، نەك هیچ کارئاسانییەکیان بۆ ئاسایی کردنەوەی رەوشی کەرکوك نەکردووە، بە ڵکو بەدەیان شێوە وشێوازی جیاجیا بەربەست و لەمپەریان خستۆتە بەردەم ئاساییکردنەوەی ، بەڵکو بەهاندانی جەعفەرییەکان ئەو عارەبانەی کە لەگەڵ پرۆسەی ئازادیشدا ڕایانکردبوو چووبوونەوە بۆ باشووری عێراق ،دووبارە هاتوونەتەوە بۆکەرکوك ،نەك هەر ئەوە، بەڵکو لەجیاتی راکردن ولەکورد ترسانیان بەهۆی ئەو هەموو زوڵم و زۆرداری و ناهەقییەی کە لەکوردی کەرکوکیان کردووە ،کەچی دەستیان داوەتە تیرۆرکردن و رفاندنی کورد وتەنگیان بەکوردی کەرکوك هەڵچنیووە .حزبە بەناو هاوپەیمان و براعارەبەکانیشمان زۆر بەسووك و سانایی خەریکن کەرکوکمان بەچەند بەندیکی یاسا ودەستوور لەدەست دەرکەن ،کە بەهەموو رژێمە شۆڤێنییە یەك لەدوای یەکەکانی پێشتر نەیانتوانی بوو وپێیان نەکرابوو .ئەو تەون و پیلانەی کە زۆر بەئاسانی بەسەر سەرکردایەتی سیاسی کورد وئەو نوێنەرانەدا تێپەڕی کە لەلیژنەی داڕشتنەوەی دەستووری عێراقدا نوێنەرایەتی کوردیان پێسپێردرا ،توانییان کەرکوك بپەستنە ناو قۆزاخەی ماددەکانی جارێك (٥٨)وجارێك(١٣٠)ودواجاریش(١٤٠)کە زۆر بێشەرمانە کەرکوك کرایە ناوچەی ناکۆکی لەسەر و خاوەنی تری بۆ داتاشراو خرایە خانەی گومانی کوردستانی بوونەوە ،ئەوان توانییان سەرکردایەتی کورد بهێننە سەر ئەو



باوەڕەی کە کەرکوك خاوەنی تری هەیە و دەبێ چارەنووسەکەی بە راپرسی یەکلایی بکرێتەوە !!!!!!!!!

کەواتە ئەوەی عارەب لەماوەی دەیان ساڵ شەڕو سیاسەتی تەعریب وتەهجیرو تەرحیل و تەدمیروکوردقڕان ودوژمنایەتی بۆیان نەکرا،ئەوا عارەبە دۆستەکانی حزبە کوردستانییەکان زۆربە شێنەیی و بەناوی دۆستایەتییەوە کردیان و ئێمەش بەسەرمەستی ئاهەنگی دەستکەوتی گەورە و مێژوویی خۆمان خەیاڵاوی دەکەین و کوردەواریشمان بەخەیاڵپلاوی سڕکردووە ، ئەوەندە بەسە کە سەرکردایەتی کوردیان بەوە رازی کرد کە ئامادە بێت گومان لەکوردستانێتی کەرکوك بکات ، چونکە راپرسیکردن لەسەر چارەنووسی کەرکوك تەنها ئەوە دەگەیەنێت ،ئەگینا دوای ئەوەی مام جەلال لە مورافەعەیەکی مێژووییدا کۆمەڵێ نەخشە و دیکۆمێنتی زۆر دەگمەن و مێژووی ئەوتۆی لەبەرچاوی هەموو عارەب و دونیادا خستە ڕوو، بەهیچ شێوەیەك نەدەبوایە لە داڕشتنەوەی دەستوورەکەدا ئەو پاشەکشەیە بکرێت و ئاوا دۆزە چارەنووس سازەکان بدرێتە دەست جەعفەری وهاوشێوەکانی ؟!!!

بەڕاستی لەدوای ئەوەی هاوزمان وهاوسەنگەرو هاومەزهەبەکانی جەعفەری بەرەکە لەژێر پێی کورد دەردەهێنن و وردە وردەش ناکۆکی و ناتەبابییەکانی ناوخۆیان چارەسەر دەکەن ،ئینجا وەکو هەزاران جارانی تر لە دیرۆکی خوێناویماندا دەماندەنەوە دەست چارەنووسی یاخی بوونی ترەوە و لەسفرەوە دەست پێدەکەینەوە ،بەلاّم وابزانم ئەمجارەیان بواری ئەوەشیان لەبەردەممان نەهێشۆتەوە،چونکە ئەمجارەیان کردوویانەتە ناو

ياساو دەستوورەوە وبەخۆشمان ئيمزايان كردووە .با ئێمەش بۆ خۆمان وەكو هەموو جارێك هەرپەنجەی پەشيمانی بگەزين !!!!!
من پێم وايە هەموو ئەوەی كەلە بەغدا هەمانە و دەمانبێ و بەتەمايشين بە پۆستی سەركۆماريشەوە ،لەكۆمەڵێ رووكەشی فوودراوو سڕكەر وبێهۆشكەری كورد زياتر هيچ نين و هەر رۆژێكيش ئەوان جێگەوپێگەی خۆيان قايم بكەن و بيچەسپێنن ،ئەوا وەكو هەموو جارێك لێمان هەڵدەگەڕێنەوە ودەكەونەوە وێزەمان !
جەعفەريش لەكاتی دەسەلاتە كورتەكەيدا زۆر كردارو رەفتاری ئەوتۆی نواند كە مايەی هەڵوەستە لەسەر كردن و پەند ودەرس وەرگرتن وبەخۆداچوونەوەمانە ،زەنگێك بوو بۆوريا بوونەوەمان لەو هەموو ساويلكەيی و خۆشباوەڕييەمان بە دوژمنان و زوو لە خشتەبردنمان .
بەم بۆنەيەوە دەمەوێ پرسيار لە سەركردايەتی سياسی كورد بكەم :ئايا خۆيان بۆ هەموو ئەگەرەكان ئامادە كردووە !؟ئايا پێيان وايە تازە تەواو، ئيتر كورد و دۆزەكەی هيچ پيلانێكی لێ ناگێڕدرێ!!؟؟ ئايا سەدام و حزبی بەعس لەمنداڵدانی خۆياندا بەسەدان سەدام و بەعسيان لەناو قۆزاخەی عێراقدا لەپاش خۆيان بەجێ نەهيشتووە !!؟؟ئايا كورد پرسياری لە جەعفەری كردووە لەدوای ئەو هەموو بەدنيازييەی سەردەمی دەسەلاتەكەيدا بەرامبەر بە كورد و كەركوك چيتری لە هەگبەدا هەيە ؟!

★ ★ ★



# كەی گۆدۆ دەگاتە كەركوك؟

وا بۆ سێ مانگ دەچێ ئۆپەراسيۆنی ئازادكردنی عێراق رژێمی بەعسی روخاندووە.(هەرچەندە بەروح هێشتا نوزەی هەرماوە)، بەلام پێ دەچێ خاوە خاوی هێزەكانی هاوپەيمانان مەبەستێكيان لەمەدا هەبێ ،چ لەبەر ئەوەی ئەو دەنگانە كپ بنەوە كە لە دوای پەت خستنە ملی پەيكەرەكەی سەدامەوە دەيانگوت با هێزی هاوپەيمانان بچنە دەرەوەو ئيتر كاريان تەواو بوو ، چ بۆ ئەوەی كەناڵی تەلەڤزيۆنە عەرەبيەكانی هاوبيری سەدام (مێشێ بكەن بە گامێشێ)لە پاشماوەی چەكدارەكانی رژێمی روخاو ، گوايە عێراقيەكان بە مانەوەی هێزی هاوپەيمانان رازی نابن وەكو داگيركەر بمێننەوە ، چ بۆ ئەوەش بێت لە پاش ئەم خۆ شلكردنەدا پاساوی زياتر مانەوەيان لە عێراقدا مسۆگەر بكەن.
بە هەر حاڵ و لە بەر هەر هۆو بە هەر بيانوويەكەوە بێت هاتنی هێزەكانی هاوپەيمانان(ئەمريكا وبەريتانيا)مايەی خۆشحاڵی و پێشوازی كردنی گەرمی زۆربەی هەرە زۆری عێراقيەكان بوو ، بە پلەی يەكەم كورد.لەبەر كۆمەڵێ هۆ، كە رەنگە گۆڕە بە كۆمەڵەكان و هەر رۆژەی

..............................................................................

★لە هەفتەنامەی كەركوكی نوێ ژمارە(١) ی ٤ئابی٢٠٠٣ دا بلاْوكراوەتەوە.

هەڵدانەوەی چەند گۆڕێك ، جۆرێك لە بەلگەنەویستی بۆ دڕەندەیی سەدام و رژێمەکەی بۆ رای گشتی و وڵاتانی دەوروبەرو جیهانیش دەرخات.کە لەمە زیاتر پێویست بەباسکردنی هۆیەکانی تر ناکات ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە بۆچی ئەمریکا هەوڵی جیدی و بەرچاوی بە پەلەی نییە لە ئاسایی کردنەوەی زۆربەی شارەکان بە(بەغدا)ی پایتەختیشەوە؟!بۆچی ئەمریکیەکان لە پێکەوەنانی حکومەتی کاتی سستی دەنوێنن؟!

بۆچی لە هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی بەرامبەر بە کورد کە خۆی لە تەعریب و راگواستن و کاولکردنی گوندو شارۆچکەکانی کوردستاندا دەنوێنێ، خاوە خاودەکەن؟بۆچی عارەبە هێنراوەکان ناگێڕێتەوەو کوردی دەرکراویش ناگەرێنرێنەوە بۆ باوەشی زێدەکانیان؟!!

بۆچی ئەمریکیەکان تا ئیستا هەوڵی جیددی بۆ رێکخستنەوەی کارو باری هاووڵاتیان وفەرمانگە حکومیەکان لە شارەکاندا نادەن؟!ئیتر بۆچی و...کۆمەڵێ بۆچی تریش؟!

با لە هەموو ئەو بۆچییانە بگەڕێین و بچینەوە بۆلای بۆچی ئاوارەکان ناگەڕێنەوە؟!تاکەی لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان و ناو چادرو پەنای کەلاوەی شارەکاندا چاویان لە گەڕانەوە بێ؟تاکەی لە وڵات ونیشتمانی خۆشیاندا هاووڵاتی پلە دوو بن ؟ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بیرێکی جیددی لێ بکرێتەوە و بەربەو هەموو کارەساتانە بگیرێ کە لەو ئاوارەیی و دەربەدەرییەوە سەرچاوەیان گرتووە؟!



ئەگەر لەمەو پێش رژێمی بەعسی و سەدام لێی بەرپرسیار بوونە ئەی لە دوای رووخاندنی ئەو و رژێمەکەوە، کێ لێی بەرپرسیارە؟!خۆ ئەگەر خەڵکەکەش تا ئێستا دەستە وەستانە ، لەبەرئەوە نییە کە خۆیان هیچیان پێ ناکرێ و دەست وپێ سپین ، یان دەترسن. نەخێر بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە باری ناسکی قۆناغەکە رەچاودەکەن و رێنومایی حیزبەکان و بارودۆخەکە لەبەرچاو دەگرن.

ئەگەرنا زۆربەیان ئەو خەڵکە تێکۆشەرەن کە هەوێنی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردایەتی بوونەولەهیچ سەختی و دژواری وسەرئەنجامێك سڵ ناکەنەوەو زۆر شتیان پێدەکرێ ، بۆیە هەقی وایە هیچ نەبێ ترووسکاییەك دەربخەن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی کە خەڵکانێکی کرۆکی کوردایەتی بوونەتە قوربانی و لەبەر هەستکردن بە لێپرسراوەتی ، خۆیان بە دەست و بازووی خۆیان هیممەتی بۆ ناکەن.

ترووسکاییەك ببێتە مایەی ئەوەی هەست بکەن کە کارو کردەیەك بەڕێوەیە بۆ سووك کردنی باری سەرشانیان و خەمیان لێ دەخورێ . هیچ نەبێ ئەوە دەبێتە مایەی دڵنەوایی ئاوارەو دەرکراوو راگوێزراوەکان و ئەو هەستەیان لەلا قووڵتر دەبێتەوە کە رەچاو کردنی بارودۆخەکەیان لە جێی خۆیدایە.

ئەگەر زوو ترووسکایەك بۆجێبەجێ کردنی گەڕانەوەیان دەرنەکەوێت، رەنگە کاری توندو تیژی وردە وردە سەرهەڵبدات و بارودۆخەکەش ئاڵۆز بکات و زیانی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە کە ئەمڕۆ حیسابی بۆ ناکرێت.

# کەرکوك بانێك ودوو هەوا

ئاسایی کردنەوەی رەوشی پارێزگا و شاری کەرکوك یەکێکە لە گەرمترین باسەکانی خەڵك وحزبە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقیش.

ئەگەر نەختێك لەوە رابمێنین کە تەنها بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکوك ئەم هەموو کێشەو گرفت و هاوارەی بۆ بکرێت و بەربەست و لەمپەری بخرێتە بەردەم ، ئەی دەبێ سەلماندن و یەکلاییکردنەوەی کوردستانێتی کەرکوك چ هەوڵ وکۆشش و خەبات وتێکۆشانێکی نەبڕاوەی پشوو درێژی بوێ .

ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق دا مادەیەکی بۆ تەرخان کراوە و کارێکە یاسا رێگای داوەتێ!ئەی دەبێ بۆ چارەسەرکردنی ریشەیی کەرکوك وەکو چەقی قورسایی دۆزی کورد ، چ دوژمن و ناحەز و نەیارێك پەردە لە روویان هەڵماڵدرێ؟!

چارەسەری بنەڕەتی وهەنگاوی یەکەمی ئاساییکردنەوەی کەرکوك تەنها بە گەڕانەوەی ئاوارەو دەرکراوە و گێڕانەوەی هێنراوەکان بۆ جێگەی پێشوویان ، دەست پێ دەکات. کە ئەمەش لە هەموو گفتارو رەفتارەکاندا ئەوە دەردەخات کە ئەمجارەش هەر عارەبە هێنراوەکان سوودمەندی یەکەم دەبن ، هەروەکو لە هێنانیان و هاتنیان بۆ کەرکوك بە پارەو زەوی و کارو پیشەی باش و جۆراو جۆر پاداشت کران. ئەوە ئێستاش بە هەمان ئەو پێوەرە دەبێ نقومی پاداشت بکرێن ، ئەگەر بە چوونەوەش رازی بن .



بە پێچەوانەی ئەوەشەوە کوردی دەرکراو و راگوێزراوی کەرکوك و دەورو بەریشی هەموو ماڵ و زەوی و زارو کارێکیان لێ سەندراوەتەوەو بە سەڵتە خێزانی دەربەدەر کراون ، ئەوە تا ئێستاش بۆ گەڕانەوەیان تەنانەت بۆ سەرماڵ و زەوی وکاری خۆشیان ، دەیان گرفت و نارەحەتییان بۆ دروست دەکرێت ، ئەوە زیاتر لە دوو ساڵە بەسەدان خێزان گەڕاونەتەوە کەرکوك. کەچی هێشتا لە کەلاوەی یاریگەو سەربازگەکان و ژێر چادردا دەژین و تەنانەت خانووەکانی خۆشیان نەدراوەتەوە پێیان .

بێ ئەوەی لەوێش دا سادەترین خزمەتگوزاری رۆژانەیان بۆ دابین بکرێت .

هەقی وایە ئیتر کورد ئەم هاوکێشە چەوت و ناهاوسەنگەی کە عارەب هەردەبێ سودمەندبێت و کوردیش هەر برا گچکەو ماڵوێران بێت ، تێکوپێك بشکێنێ و تەنها ئەوەندە پەندو دەرسە لەوانەو فێربێت هەموو کێشەو ململانێی چینایەتی و مەزهەبی و ناوچییەکانی خۆیان لە ناو خۆیان دا بە لاوە دەنێن.

هەقی وایە سەرکردایەتی سیاسی کوردیش هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر ئەو بانێکەو دوو هەوایە بەوە دەربڕێ کە کاری جیددی و پەلە بۆ ئاوارە کوردە گەڕاوەکانی ناو کەرکوك بکات ، ماوەی خاوە خاوو چاوشارێکی بە هیچ حزب و دەسەڵاتێکی عارەبی نەدات ، ئاوا یاری بە چارەنووسی سەدان هەزار کوردی تێکۆشەرەوە بکەن کە چارەنووسی تەواوی دۆزی کورد بە لایەکدا دەخەن وتای تەرازووی هێزیش بە تەواوی هەڵدەگێڕنەوە و گەورەترین و ترسناکترین سیاسەتی جینۆسایدکردنی کوردیش پووچەڵ دەکەنەوە.

# ئه نجومه نی كه ركوك برۆنه وه مالّی خۆتـان
# ئێوه نوێنه ری ئێمه نین

پێشترولەچەندین گوتاری ترمدا ئاماژەم بەوەداوە،هەست کردن بەلێپرسراوێتی بۆخزمەتکردنی کەرکوك ئەرکی هەموو تاکێکی کوردە لەهەرکوێیەك بێت،ئەی ئەگەر لەگەڵ ئەوئەرکەدا خەڵکی شارەکەش متمانەی نوێنەرایەتی کردنیانت پێ ببەخشن؟!ئەوکاتە ئەمانەتەکە چەندە گەورە ترو ئەرکەکە چەندە پیرۆزتر دەبێت !!!

ئەی ئەگەر کوردی شارەکە پێتان بڵێت ئەمانەتی ئێوەو خزمەتی کەرکوك ،ئەمانەتی ئێوەو برینەکانی کەرکوك،ئەمانەتی ئێوە وچارەنووسی کەرکوك .ئاخر ئەم متمانەیە هێندە گەورەوگران وپیرۆزە کەتەنانەت بچووکترین بێ ئاگایی وکەمتەرخەمی تیایدا دەبێتە خەتای گەورەوسەرئەنجام لەدەستچوونی دەرفەت وهەلە زێڕینەکان دەخاتە ئەستۆی ئەوان .ئەم متمانەیە ئەمانەتێکە پشتگوێ خستنی دەچێتە خانەی خیانەتەوە.ساڕێژکردنی برینەکانی کەرکوك وخزمەتکردنی و بەتەنگەوە

٭ لە هەفتەنامەی هاواری نوێ - ژمارە ١٦ ی ڕۆژی یەکشەممە ١٩/٣/ ٢٠٠٦دا بلاّوکراوەتەوە.



هاتنی چارەنووسی ئەرکێکی لەدواخستن نەهاتوو وبەپەلەی ئەوتۆیە کە زۆرلەپێش خەمی زگ تێرکردنەوەیە ، هەوڵی خۆدەوڵەمەندکردنیش خەمێکی خۆپەرستانەیەو وەکو تیزاب متمانە دەپڕووکێنێ!

بۆیە ئێمەی کوردی کەرکوك بەدەنگی بەرز هاوار دەکەین (هەرکەسێ بیەوێ لەسەرخوێن وبرینەکانی کەرکوك زگ تێربکات و هەوڵی گیرفانی خۆی بدات ئەوەنەك نوێنەری ئێمەنییە ،بەڵکو داوادەکەین بدرێتە دادگاوبکرێتە پەندی زەمانە ).

ئاخرکەرکوکێك هێشتا خوێن لەبرینی جادە وکۆلاّن و گەڕەك وقوتابخانە و فەرمانگەو بازاڕو دوکان وتەنانەت خەڵکەکەشیەوە بچۆڕێ!کەی ڕەوای هەقە ئەنجومەنی کەرکوك بەسەدان ملیۆن دینار بۆ زگ تێرکرن وپۆشتەوپەرداخ کردنی خۆیان داوابکەن؟!!

کەچی دەبوایە سواڵ و سەدەقەی دنیا بۆسڕینەوەی شوێنەواری تەعریب وتەرحیل وتەهجیرو تەهدیم وتەشریدو...تەیەکانی تریش بکەن ولەخەمی نیشتەجێکردنەوەی ئاوارە گەڕاوەکانی ناوکەرکوکدابن و ئەوچەندین ساڵە ئاوارەییەیان بۆ قەرەبوو بکەنەوە ونازی دنیایان بکێشن !!

دەبوایە شەقامە وێران وکۆلاّنە بێنازەکانی و گەڕەکە نوقمی زبڵەکانی چارەسەربکەن ،دەبوایە خەمی گەڕانەوەی ئاوارەکانی حەویجەیان بخواردایە ،دەبوایە شەڕی دنیایان لەسەر وەرگرتنەوەی خانووە حجزکراوەکان بکردایە ، دەبوایە ئاو وکارەباو قوتابخانە و نەخۆشخانەوپڕکردنەوەی چاڵ وتاسە و نەوت وبەنزین وغازیان بۆمان

چارەسەربکردایە،دەبوایە لەئاستی ئەومتمانەیەدا بوونایە کەبەسەدان وهەزاران کەس وکاری شەهید وپیرو پەککەوتەو نەخۆش ومالۆێران پێتانی بەخشی .

دەبوایە لەجیاتی داوای ٦٠ملیۆن دینار بۆبەنزین و٧٠ملیۆن بۆ زگ و ٢٠ملیۆن بۆچاککردنەوەی سەیارە و ٢٨ملیۆن بۆکارتی مۆبایل و ١٩ی‌تریش بۆ جیهازی سورەییاو مۆبایل ،داوای پارەتان بۆ چاککرنەوە و چارەسەری ئەو سەدان کەم وکوڕی و وێرانەیە بکردایە کەشارەکەی کردۆتە گوندێکی وێرانی دواکەوتووی پەرپووت،دەبوایە داوای پارە بکەن بۆگەڕاندنەوەی ئەو عارەبە هاوردانەی کەدەمێکە ناوی خۆیان نووسیووە بۆ گەڕانەوەیان بۆجێگەو ڕێگەی خۆیان لەخوارووی عێراق !!!!

دەبوایە خەمی زانکۆ بێنازەکەی کەرکوك بخۆن کەزانکۆی سلێمانی دوای وەرگرتنی رەحلەی تازە ، ئامادە نەبوون رەحلە کۆنەکانی خۆشیانی بۆبنێرن وگوتیان دەیفرۆشین !!؟؟

بەڕاستی سەدان لاپەڕەش بەشی وەسفی ئەومەهزەلەیە ناکەن کەئەم ئەنجومەنە داوایان کردووە،تەنها ئەوەندە دەڵێم هەزار حەیف ومخابن بۆ دەنگە بەفیڕۆ چووەکانمان ،هەزار حەیف و مخابن بۆمتمانەی دۆڕاو و هەرزان فرۆشکراومان ،پەشیمانم هەزارجار پەشیمان کەدەنگم بەئێوە داوە و ئامادەش نیم جارێکی تر دەنگ بەلیستێك بدەم کەبۆهەوێنیش ناوی یەکێکتانی تیابێت ، بۆیە دەڵێم خۆتان هیچ ، بەلاّم هەقە ئەوەی ئێوەی کاندید کردبوو نەك بەخۆیدا بچێتەوە ،بەڵکو سەری خۆی هەڵبگرێ و لەڕووی نەیەت بێتەوە بۆکوردستان!!!؟؟؟



# چی بۆ کەرکوك بکرێ؟

**(برینی کەرکوك زۆرن و قووڵیشن پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە ، نەك زۆرتر کردن و قوڵترکردنەوە ، شڕەخۆری وتالاّن و شەڕەپەڕۆش ، زامی تریان خستە جەستەی شاری شکۆی کوردایەتی ، کەرکوکەوە ، نەك خزمەتیان کردبێت)**

ئەگەر بڵێین شاری کەرکوك بێنازترین شاری عێراقە ، زیادەڕۆییمان نەکردووە ، لەبەر ئەوەی نەك هەر کەرکوکییەك، بەڵکو هەر کەسێك تەنانەت بێگانەیەکیش بە خێرایی بە ناو ئەم شارەدا گوزەر بکات زۆر بە ئاشکراو بە زەقی ئەو بێنازییەی دەبینێ و هەست بەوە دەکات، کە ئەم شارە نەك بەقەد دێرینی و ناوداری و دەوڵەمەندیەکەی خزمەتی نەکراوە ، بگرە بە قەد هەژارترین شار کە هیچ لە ناو هەناویدا نییەو تازە شارو بێ ناوبانگیشە خزمەت نەکراوە، جگە لەو گەڕەکە بە عارەب کراوانەی کە بەهۆی هاندانی نیشتەجێکردنی عارەبە هێنراوەکانەوە نەختێك سیمای شارستیانەی پێوەیە.

---

★لە هەفتەنامەی ئالاّی ئازادی ،ژمارە (٥٢٠) ڕۆژی دووشەمە ٢٠٠٣/٦/٢٣دا بلاّوکراوەتەوە .

ئەگەر نەختێك لەو هۆكارانە رابمێنین كە لەپشت ئەو فەرامۆش كردنەوە بوون كە رژێمی بەعسی بە مەبەستەوە پشتگوێی خستووە، ئەوە جگە لە چەندین هۆكاری لاوەكی، دوو هۆكاری زۆر بنچینەیی و تەواوكەری یەكتری بەدی دەكەین ، كە یەكەمیان بە مەبەستی شێواندن و گۆڕاندنی سیمای كوردانەی شاری كەركوكەو، دووهەمیشیان كە دیوی دووهەمی هەمان هۆكارە :ئەویش لە بەر ئەوەی بەشێكی گرنگ و پڕ بایەخی كوردستانەو هەرگیز كورد ئامادە نییەو نەبووە دەستی لێ هەڵگرێ و دڵنیابوونە كە رۆژێك لە رۆژان هەردەبێ بگەڕێتەوە بۆ باوەشی كوردستان ، جا چ بە خۆشی و دان پێنان بێت ، یانیش لە ژێر گوشاری دیفاكتۆیەكی لەو شێوەیەی كە ئەمڕۆ هەیە بێت.

ئەڵبەتە پێویستیش بەو خوردكردنەوەیە ناكات كە بۆچی گەڕەك و كۆڵانە كوردنشینەكان (كە زۆربەی گەڕەكەكانی شارەكە پێكدەهێنن) لەوانەی تر زۆر زیاتر و ئاشكراتر ئەو فەرامۆش كردنەیان پێوە دیارە..؟

هەمومان باش دەزانین كە رژێم بۆ پێكانی مەبەستە نەژاد پەرستییەكانی خۆی هەموو شێوەو شێوازێكی گرتۆتەبەر ، كە رەنگە فەرامۆش كردنەكە هەرە سووك وئاساییەكەیان بێت ، بۆیە پێویستە تەنها خۆمان بەوەوە خەریك نەكەین كە كێ وای لێ كردووەو بۆچی و چۆن و كەی؟

بەڵكو لەوە پێویستتر ئەوەیە ، هەمووومان لەوە ئاگادار بین كە ئەم شارە هێندە پێویستی بە خزمەت كردن ونازكێشان وئاوەدانكردنەوە و جوانكردن و بایەخپێدان هەیە ، بە قەد بالاَو قورسایی دۆزەكەمان لەم بەشەی كوردستاندا ، چەندەش وادەخوازێ كە كەركوكییەك وەكو



بیلبیلەی چاوەكانی بپارێزی و خزمەتی بكات ، ئەوەندەش لە سەر هەر كوردێكی ساغ وكوردپەروەر لە هەر شارو جێگەو لایەكی تری كوردستاندا بێت پێویستە،چونكە هەموو كوردو كەسێكی تر لە خودی خەڵكی شارەكە زیاتر سوودمەند بووە لەو سامان وخێرو بێرەی كە تیایەتی ، جا بە هەر شێوەیەك بێت لە شێوەكان ، بەڵكو كەركوك هەمیشە بۆ خودی خەڵكەكەی خۆی هەر مایەی سەر ئێشەو ئازارو مەینەتی و ئاوارەیی و دەربەدەری بووە ، بە هۆی سیاسەتە چەوت و دوژمنكارەكانی رژێمە یەك لە دوای یەكەكانی بەغداوە.

ئەمڕۆ شاری كەركوك لە هەموو شوێن و كات و سەردەمێك زیاتر پێویستی بە نازكێشان و خزمەتكردن هەیە ، تەنانەت ئەگەر بە هەڵگرتنەوەی پووشكەیەكیش بێت لە سەر سینگی كۆڵان و شەقامە داهێزراوەكانی ، رەنگە تەنها هەست كردنیش بەو حەقیقەتە بچێتە خانەی كوردایەتییەوە بۆ ئەو كەسانەی كە دوورن و دەستیان ناگاتە راستەوخۆ خزمەت كردنی.

دیارە ئەوەش لە بەر تەنها یەك هۆی سادەو ساكار بەڵام زۆر گەورەو مەزنە ،كە ئەوەیە چ دۆست و چ دوژمن وەكو هێمای كوردایەتی و كرۆكی كێشەی دۆزەكەمان سەیری دەكەن و هەرچی رژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراقەو بە تایبەتیش رژێمی بەعس پێی كردووە،هەر لەو سۆنگەیەوە بووە.

ئەمە جگە لەوەی كەركوك وێڕای بە هێما بوونی لە نێو چەقی قورسایی دۆزە رەواكەماندا ، سەرچاوەی سامانێكی زۆری زێڕی رەشی ئەو تۆی لە ئامێزە كە تەنانەت گەورە دەوڵەتانی دنیاش منەتباری كورد دەكات ،

ئەگەر ئەقڵێکی ساغی ناو جەستەیەکی ساغی گوتارو سەرکردایەتی سیاسی کورد بتوانێ لە ئاستی ئەو ئەرك و لێپرسینەوەیەدا بێت و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلە مێژووییە رەخساوە دا بکات.

زۆر بە دڵنیایەوە دەڵێم و دەیڵێمەوە ، ئەوەی لە ئاستی لێپرسراوێتی ئەو خزمەتکردنەی ئەمڕۆی کەرکوکدا بێت ، تەنها و تەنها کوردایەتی کردنێکی بێ پێچ و پەناو بێ شەرم و ترس و بێ لە روودامان و موجامەلە کردنی ئەملاو ئەولای بێباکانەیە لە ئاستی رووبەڕوو بوونەوەی گشت هاوکێشەو دیاردە دزێوەکانی بەرژەوەندییە تەسکە جۆراو جۆرەکان ، هەڵوێست و خزمەتێك تەنها و تەنها لە بەرژەوەندی باڵای کوردو کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبێت و هیچی ترنا.

بێجگە لەوەش هیچ بڕوبیانوو پاساودانەوەیەك کە ئەو ئامانجە پیرۆزە بخاتە لێواری هەڵدێرانەوە ، ناگاتە ئاستی قولەپێی ئەوهەقیقەتە ، نەك هەر ئەوە بگرە هەقیقەتێکی تریش هەیە ، کە ئەمڕۆ لە سێبەری هیچ دروشم و دروشمکارییەکدا جێگەی نابێتەوە ، ئەویش ئەوەیە کە خزمەتکردن و پاراستنی شاری کەرکوك بە هەر شێوەو شێوازێکی عەمەلی ، پێودانگ و پێوەری کوردایەتییە بۆ هەر حزب و لایەن و تەنانەت تاکێکی کوردیش .

ئەمڕۆ میللەت گەیشتۆتە ئەو ئاستە هۆشیارییەی کە ئەم شارە چەقی قورسایی کوردایەتی وشاڕێی خەبات وتێکۆشانی کوردە لە هەر شوێن و پلەو پایەیەکدا بێت ، قورسایی راپەڕاندنی ئەم ئەرکەش جیاوازی هەیە بۆ هەرحزب و لایەن و کەسێك بەپێی جیاوازی کێش و قورسایی ئەو



حزب لایەن و کەسانەوە لە نێوەندی گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواریداو ، بەرپرسیارێتیەکەشی هەر بەو پێیە لە سەر هەر لایەك دەکەوێ.

شاڕێی کوردایەتی کردنیش هێندە پان وپۆڕۆ بەرینە ، کە جێگەی هەموومانی بە ئاسانی لێ دەبێتەوە بێ ئەوەی کەس رێگەو جێگە لەوی تر بگرێ . بێ ئەوەی نەکەسی بێگانەو نە خۆماڵیش بە کەس بڵێ ئاڵای کوردستان گەورەو پیرۆزترە لە رەنگی پەڕۆکان . رەنگە ئێستاش باشترین کات و هەل بێت بۆ ئەوانەی کە هەر گفتارو رەفتارێکی نامەسئولانەو دزێو، یان هەر نمەك حەرامییەکیان دەرهەق بەو شارەو خەڵکەکەی کردبێت خۆپاگژ کردنەوەش لەو کارو کردەوە هەڵەو خراپەکارییانەی کە دەرهەق بە شاری کەرکوك و ئاوارەکانی و نیشتەجێکانی و خودی دارو بەردەکەشی کراوە ، هەلێکەو هەموو کات و سەردەمێك لە ئارادا نییەو هەموو زەمانێك نارەخسێ ، لە مەشدا بە کارهێنانی ئەقڵ وحیکمەت تەنیا فریادرەسە ، نەك هیچ دەسەڵات و گفت و دروشمێکی دیماگۆگیانە.

ئەوەتا دیفاکتۆی کوردستانێتی شاری کەرکوك و شەکانەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان تیایدا زۆر ڕچە ڕێی لەروودامان(إحراج)بوونی لە کۆڵی زۆربەی هێزو لایەنە سیاسییەکان کردەوەو، زۆر هەڵوێستی ناحەزانەو دوژمنکارانەی ئەم واقیعەشی پێخوست کرد . دە ئیتر (ئەوە ئەرز و ئەوە گەز)و کەرکوکیش چاوەڕێی هەموو هەوڵ و خزمەت و نازێکی کوردانەی بێ منەتە.

# کەرکوک و دوومەڵـــــــــــی تەعریب

شاری کەرکوك یەکێکە لەو شارانەی کە زۆرترین و خراپترین پشکی بە عارەبکردنی بەرکەوتووە ،زۆر جارو لە زۆر شوێنی تردا باسی شێوازەکانی تەعریب و هەندێ جاریش مێژووی ئەو پرۆسەیە کراوە،بەلأم ئەوەی من لێرەدا ئەمەوێ زیاتر تیشکی بخەمە سەر ئەوەیە کە ئەرکی پیرۆزی راگرتن و پاشەکشە پێکردن و نەهێشتنیەتی و ئینجا هەوڵی سڕینەوەی شوێنەوار و دەرهاویشتە خراپەکانیەتی کە ئەرکێکی هەنووکەیی لە دواخستن نەهاتووەو پڕاوپڕی قورسایی و خەتەرناکیەکەی وادەی دەست بەکاربوونە،ئەو ئەرکەش چەندە راستەوخۆ دەکەوێتە ئەستۆی حیزب ورێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ،هێندەش لە ئەستۆی هەموو تاکێکی رۆشنبیرو هۆشیاری کوردپەروەرە ،هەڵبەتە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ورد هەڵدەگرێ کە ئەوەیان بۆ پسپۆرانی تۆژەرو لێکۆڵەر لێ دەگەڕێین.

پێموایە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆسە جینۆسایدە تا سەر ئێسقان دوژمنکارانەیەی حیزبی بەعسی شۆفینی تەنها دەرهەق بە خودی ئەو کەسانەی کە راستەوخۆ ئەو پرۆسەیە بەرۆکی گرتوون نەکراوە،تەنها کەرکوکیش نەبۆتە قوربانی ئەو بیرە شۆفێنیستانەیە ،بەڵکو لە رێگای

★ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٠٨٩)چوارشەممە ٢٠٠٣/٦/١١ دا بلأوکراوەتەوە.



بەقوربانی بوونی ئەو کەسانەوە هەوڵی سڕینەوەی جوگرافیاو مێژوو و کەلتوورو هەموو سیمای کوردانەی ئەم بەشەو ناوچە تەعریب کراوەکانی دراوە، راستەوخۆ بێت، یانیش ناڕاستەوخۆ بەرۆکی هەمووومان دەگرێتەوە .

راستە هەر شارو شارۆچکەو ناوچەو گوندو تەنانەت گەڕەك و کۆلأنێکیش کە کەوتۆتە ناو جغزی ئەم پرۆسەیەوە بارتەقای خۆی کێش و سەنگ و گرنگی خۆی هەیە ،بەلأم ئەوەی وامان لێدەکات کە چڕتر قسەوباس لە سەر کەرکوك و ناوچەکانی دەورو بەری بکەین. شوێن و جێگاو قورساییەکەیەتی لە ستراتیژی ئەمنی قەومی کوردو کوردستاندا.

ئەرکی هەنووکەیی و بەپەلەی ئێستامان لەو بوارەدا تەنیا زەمینە خۆشکردن نییە بۆ گەڕانەوەی دەرکراوەکان بۆ جێگەو رێگەی خۆیان ،هەرچەندە ئەمەیان ئەرکێکی هەرە لە پێشەوەی ئێستایە.بەلأم هاوکات لەگەڵ سەپاندنی دیفاکتۆی بەپەلەی گەڕانەوەی راگوێزراوەکاندا ، گەڕاندنەوەی ناوو ناونیشانە کوردییەکانی شارو شارۆچکەو گوندو گەڕەك و قوتابخانەو دەزگاو دوکان و شوێنەکانە ،هەروەها ساردنەبوونەوەمانە لە بەرامبەر کاتبردن و ویستی رێکخستن و کاروباری گەڕاندنەوەو دەرکردنی عارەبە هێنراوەکان(مستوطن)ەکانە کە سوودیان لە جێبەجێ کردنی ئەو بیرو سیاسەت و پرۆسە نادروستە نامرۆڤانەیە وەرگرتووە.هەروەك زیاتر جۆش و خرۆشدانی گیانی لە بەریەکترازان و هەڵوەشاندنەوەیەتی، کاری چڕوپڕو بێ بڕانەوەی بەردەوامە بۆ داتەپین و داوەشاندنی گیانی داگیرکارانەی ئەو عارەبە هاوردانەی کە ببوونە ماشەو هۆکاری جێبەجێ کردنی ئەم پرۆسەیە.کاری بەردەوام و شەو و رۆژ خستنە سەریەکی بێ

ماندوو بوون و وەرس بوون نەبێ ، رەنگە هۆکارە بابەتی و دەرەکییەکان و تەنانەت ناوخۆیەکانیش ببنە پاڵنەری نێگەتیڤانەی ساردبوونەوەی جەماوەریی لە ئاست راپەڕاندنی ئەم ئەرکە ،بۆیە جێگای خۆیەتی دەم و دەست گشت رێکخراوە سیاسی و پیشەیی و کۆمەڵایەتیەکانیش هەر یەکەو لە جێگاو رێگای خۆیەوەو بە شێوە و شێوازی دروست و لە بارو مەدەنیانەوەو گونجاو و دوور لە حیزبایەتی کردن بە هاریکاری و لە خۆبوردووانە کار بۆ ئەوە بکەین.ئەگینا خۆدزینەوەمان لەو ئەرکە بە هەر بڕوبیانوو پاساوێکەوە بێت لە دایکبوونی هیواو ئاواتی سڕینەوەی پرۆسەی تەعریب لە باردەبات، خاوە خاوو ساردو سڕی و لە پریاسکەنانی ئەم ئەرکەو دواخستنی لە ژێر هەر پاساوێکدا بێت بە ئەنجام گەیاندنی لە ناوبردن و نەهێشتن و سڕینەوەی شوێنەواری تەعریب زیاتر دوا دەخات.

چەندەش لە ئان وساتی راپەراندنی پڕ وەختی خۆشیدا دوا بکەوین، هێندە کارەکە ئاڵۆزتر دەبێت و زەمینەی لە بارو گونجاوی خۆیی(ذاتي) پڕ جۆش و خرۆشی جەماوەریش( کە عارەبە هاوردەکانی لە خەوی داگیرکەرانەیان راچڵەکاندبوو) دەخاتە بەر خەتەری لە باربردنەوە. لێرەدا حەز دەکەم بە گێڕانەوەی رووداوێکی کورت کە راستەوخۆ پەیوەندی بەم بارەوە هەیە، هەڵوەستەیەك بکەم.

( لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا لە گەڵ مامێکمدا کە خانوو ماڵەکەی لە ساڵی ١٩٧٥وە بە هۆی بەشداریکردن لە شۆڕشی ئەیلولدا ،رژێم دەستی بە سەرداگرتبوو، دواتریش دابوویە عارەبێك ، چووینە شاری کەرکوك بە مەبەستی چارەسەرو رێگەو شوێنی مەدەنیانەو بێ کێشەو شەڕ بۆ



وەرگرتنەوەی خانووەکەی کە کابرای عارەب لە گەڵ رزگاربوونی کەرکوکدا لە ترسا چۆڵی کردبوو چووینە لای ئەو ئەمریکیانەی کە ئەم جۆرە کارو کێشەیەیان پێسپێردراوە، بەڵام دەبوو لای عەریزە نووسەکان کلێشەیەکی داواکاری بۆ ئەو مەبەستە پڕبکەینەوە ،بۆیە روومانکردە لای یەکێك لە عەریزە نووسەکان عارەب بوو کە بە تەواوی نەیتوانی ونەیزانی کلێشەکە پڕ بکاتەوە ،بۆیە دوای ئەوەی پارەی عەریزەکەمان داپێی و چووینە لای یەکێکی تریان کە بە رێکەوت ئەمەیان تورکمان دەرچوو، کەچی هێشتا لێ نەبووبووینەوە کابرای عارەب هاتە سەرمان هەر بە نەفەسە بەعسیەکەی جارانییەوە پێی گوتیین(أنتوا لێش هلگد عنصريين ،عليش تحولتوا..)منیش وەڵامم دایەوە(لا تغلط...)کەچی مامم نەیهێشت و هاتە نێوانمانەوە، ئەمە با لێرە لێی گەڕێین .

هەر لەو رۆژانەدا ئەو عارەبەی کە خانووەکەی لە ساڵی١٩٧٧ەوە داگیر کردووە ، چوو بووە لای خزمێك و نارەزایی خۆی لەوە دەربڕیبوو کە پێی وترابوو با بە شینەیی خانووەکە چۆڵ بکات ،خۆمان دێینەوە ،کەچی ئەو داگیرکەرە کە زیاتر لە ٢٦ساڵ خانووەکەی داگیرکردووە گوتبووی(الله مايقبل ..الله ينتقم منكم..)ئەمە بە مەرجێك نە هەڕەشەی لێکراوە ، نە لێیدراوە نە زۆریشی لێکراوە ، کە دەبوایە وەکو (داگیرکەرێکی زۆردار مامەڵەی لە گەڵدا بکرایە..!)

لە هەردوو بارەکە هەردوو عارەبەکە ئەو پەندە کوردییەمان دەخاتەوە بیر کە دەڵێ (تا خاوەن ماڵ دزی گرت..دز خاوەن ماڵی گرت.)

با ئێمە نەختێ لەم رووداوە رابمێنین و بزانین بۆچی کابرایەکی گۆشگراوی ٣٥ساڵ رەگەزپەرستی و شۆڤینی حیزبی بەعس بە نێچیرەکەی بڵێ تۆ شۆڤینی ئەوی تریان خۆی لە خاوەن خانووەکەو دەرکراوەکە بە بەشخوراوترو زۆرلێکراوتر بزانێ!!

ئەمە لە کاتێکدا لە سەرەتای رزگاربوونی کەرکوکدا هەموویان لە بەر ئەوەی دەیانزانی داگیرکەرو زۆردارن کەرکوکیان جێهێشت.بەلاَم دوای ئەوەی کە زانییان کەس لە ناو خانووەکە نەکوژراو کەسیان باجی بەعسێتی و زۆرداری وداگیرکارییان لێنەسەندرایەوەو دواتر کورد لە کەرکوك چەك کرا..ئەمانە هەمووی وایکرد لەو دڵەراوکێ و ترسی باجدانە تا رادەیەك دڵنیاببن و هەر لە بەر ئەوەش(داوای باقی لە ئێمە دەکەن!)

بە هەر حاڵ هێشتا باری دەروونی و واقیعی شپرزەی عارەبە هێنراوەکان زۆر لە بارە بۆ ئەوەی زۆر ژیرانەو لۆجیکانەو مەدەنیانە بتوانین بۆ پاشگەزبوونەوەیان لەو عەقلیەت ونەفسیەتە داگیرکارانەیەو ئەو گیانە خۆپەرست وشۆڤینیستانەیە بەبێ توندو تیژی کار بۆ ئەو هاوکێشەیە بکەین ، کە ئەوان بە ناحەقی هاتوونەتە سەر خاك و ماڵ و زێدی ئێمەو جێبەجێکەری سیاسەت و پرۆسەی ناڕەوای بە عارەبکردن بوونە و ئێمەش دەرکراو و ئاوارەو ماڵوێران و قوربانی هەمان سیاسەت و پرۆسەین.

کارکردن بە هەموو شێوازێکی سیاسی و دیپلۆماسی و هۆشیارانەو رۆشنبیرانەو تەنانەت کۆمەلاَیەتی و ئەدەبی و لە رێگەی کۆڕو کۆبوونەشەوە کارێکی باش و لە بارودروست و رەوایە ، بۆ ئەوەی لەم



بارودۆخە ناسکەی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەی کە بۆ دۆزەکەمان رەخساوە ، دوور لە توندو تیژی و دەمارگیری ئەوتۆ کاربکەین کە راستی و دروستی و رەوایی دۆزو کێشەکەمان نەخاتە بەردەم هەر گومان ولەرزۆکییەکەوە ، بە پێچەوانەشەوە رەنگە هەلی گونجاوی هەردوو باری بابەتی و خۆیی و دەرەکی و ناوخۆیی و بکەوێتە ژێر هەڕەشەی لە باربردنەوە ، چونکە هەڵپەکردن و رێگەدان بە خەڵکی هەڵپەرست وئەنارشیست، رەنگە بڕوبیانووی ئەوتۆ بۆ ناحەزو نەیارو ئەو وڵات ولایەنانەی کە لە بۆسەدان و چاو لە رێگان بۆ لە ناوبردنی ئەم بارودۆخە رەخساوە بداتە دەستەوە ، کە خزمەت بە دۆزەکەمان نەکات.لە هەمان کاتدا ئەو شێوەو شێوازی کارکردنە بە مانای ئەوەی نییە کە کارو ئەرکەکانی خۆمان فەرامۆش بکەین ، یان سستی بنوێنین یانیش لە پریاسکەی بنێین بۆ وەرزێکی تر. نەخێرو سەد جار نەخێر بەڵکو دەبێ بەو مانایە بێت زۆر شێلگیرانەتر هاریکاری یەکتربکەین و رۆژ بەرۆژ جۆش وخرۆشی لە باربردن و هەڵوەشاندنەوەی تەعریب و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بدەین ، ئەمڕۆش لە سبەی باشترە بۆ نەشتەرگەری ، بەڵکو بۆ تەقاندنی دوومەڵی تەعریب و پاککردنەوەی شارو شارۆچکەو گوندو گەڕەك وهەموو شوێنەکان لە چڵك و کێمی تەعریب.

⋆ ⋆ ⋆ ⋆

# گەڕانەوە بۆ کەرکوك ، یان جارێکی تر ئاوارە بوونەوە؟

خۆشەویستی زێد هێندە مەزنە مرۆڤ لە پێناویدا دەیان قوربانی بە سەرومالّی و خۆی دەدات ، کەرکوك ئەو شارە خۆشەویستەی زێدی کوردان ، نموونەیەکی زیندووی ئەو عیشق وخۆشەویستییەی خاك و زێدو ئاوێتە بوونیەتی بە کەرکوکیەکانەوە.
کوردانی کەرکوك بەدرێژایی زیاتر لە نیو سەدە روو بە رووی دەرکردن و راگوێزران و بە عارەب کردن بوونەتەوە دلێری و خۆراگری خەڵکی ئەم شارە نموونەی هەمیشەیی تێکۆشان وبەرگری وبەگژاچوونەوە بووە.
ئەو گیانی دلێری و خۆراگرییە لە سەرچاوەی پاکی کوردایەتی و عەشقی زێدەکەیانەوە هەڵقولاوە ، چ لە ناو شارەکەدا بۆ مقاوەمەی دژی دوژمن ، چ لە دوای ئاوارەبوونیشیان لە ئاستێکدایە کە هیچ یەکێك لە رژێمەکان نەیانتوانیوە چۆکیان پێ دابدەن ، تەنانەت تۆزقالێکیش لەو عەشقەیان کەم بکەنەوە.
کوردە ئاوارەکانی ناو شاری کەرکوك لەم کاروانە سەخت و دژوارو پڕ لە

---

⋆ لە هەفتەنامەی گەڕانەوە ژمارە(٦)ی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٣/١٠/٢٩دا بلاّوکراوەتەوە.



کارەساتی راونان و دەرکردن و راگوێزانیاندا ، دەیان وسەدان گیرو گرفتی سیاسی و ئابووری کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگی هاتۆتە رێگەیان ، سەدان سەگ بەو کاروانە وەڕیون ، دەیان تەنگوچەڵەمەو نەهامەتی رووی تێکردوون ، بەلاّم ملکەچ نەکردن و کۆڵنەدانیان بەرامبەر رژێمە دوژمنەکانی ناوەند ، سەرەنجام کاروانەکەیان گەیشتە جێ و زۆر سەربەرزانە ڕچە سەختەکانی ئاوارەیی ناو خێوەتگەو ئۆردوگاو کۆمەڵگە زۆرە ملێکانیان شکاند.
ئێستاش وا زیاتر لە چوار مانگە رژێمی بەعس لە گۆڕنراوە شارەکانی تری کوردستان بە کەرکوکیشەوە رزگارو ئازادبوونە ، کەچی هیچ هەوڵێکی جیددی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك دەرنەکەوتووە،نە لەلایەن هاوپەیمان ، نە لە ئیدارەی شاری کەرکوکەوە و، نە لە لایەن حیزبەکانی خۆشمانەوە ، ئەوانەش هەر نەیسا ، بەلاّم بۆچی کۆمەك و یارمەتی و هاوکاری ئەو کوردە سەردەق شکێنانە نەکرێ کە خۆشەویستی و عەشقی زێدەکەیان بۆ گەڕانەوە راپێچی کردوون؟
دەبوایە گەڕانەوەی کۆمەڵێك خێزانی کورد بۆ زێدی باوك و باپیریان لە شاری کەرکوك رێزی لێ بنرێ و کاری جیددی بۆ دابینکردنی جێگەو رێگە بۆ نیشتەجێکردنەوەیان بکرێ ، دەبوایە وەکو هاندانێکیش بۆ گەڕانەوەی خەڵکی تر لێ نەگەڕێن ئەوانە لە ناو تەپ و تۆزی کەلاوەکانی (معسکر خالد) و (فیلق) وشوێنەکانی تردا ، پێدەچێ قوڕو چلّپاوەکەی زستانیش گێرە بکەن –بێ ناز بکەون . دەبوایە گەڕانەوەی ئەو کوردانە بۆ شارەکەو قبولّکردنی ئەو بارە نالەبارەی کە تێیدا دەژین لەلایەن دەسەلاّتەکانی کوردستان و نوێنەرەکانی کوردەوە لە ئەنجومەنی حوکمدا وەکو کارتی گوشار بە کار بهێنرایە بۆ دەرپەڕاندنی عارەبە هێنراوەکان و گەڕانەوەی

سەرجەم ئاوارەکان بۆ سەر جێگەو ڕێگەو ماڵ و حاڵی خۆیان ، هیچ نەبێ بۆ بیرکردنەوەو بایەخدانی ئەنجوومەنی حوکم لەو پرسە گەورەو کێشە ئاڵۆزەو غەدرە مێژووییەی کە لەو خەڵکە کراوە . دەبوایە نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە یەکەم هەنگاودا مەسەلەی گەڕانەوەی ڕاگوێزراوەکانی کورد بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی وەکو کێشەیەکی بنچینەیی کورد و ناوەند بە هەند وەربگرتایە ، لەئەژندەی خۆیاندا حیسابیان بۆی بکردایە ، تاکو ئەنجومەنی حوکمیان دەهێنایە سەر ئەوەی کە ئەولەوییەت بەو کێشەیە بدەن . لەبەر ئەوەی ئەگەر نوێنەرانی کورد لەو ئەنجومەنەدا ئەو پرسە نەوروژێنن و جەوهەری کێشە بنچینەییەکانی کورد-ناوەند نەخەنە ناو ئەژندەی ئەنجومەنەوە ، ئەوە پێم وانیە خەمخۆری تری هەبێت . ئەوەتا ئەنجومەن لە دوای ڕاگەیاندنی کابینەی وەزارەتەکانەوە ، هێندەی خۆی بە خۆلکاندن و بەشداری کردنیان بە جامیعەی عەرەبییەوە خەریك کردووە کە ڕەنگە توێکڵی کێشەکانی ئێستای عێراقیش نەبێت ، نەك جەوهەری. ئەوەندە سەرقاڵی ئەو دەردو نەخۆشییانە نییە کە پێوەی دەناڵێنن ، با بێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست پێم وانییە کەس بەوە ڕازی بێت کە کوردی کەرکوك لە ناو شارو زێدی خۆشیدا هەر ئاوارەو سەرگەردان و بێ نازو خزمەت بن . ڕەنگە زۆر کەس لایەنی(بەرئاگردان)هەبن و بڵێن باشە پەلە پەلی بۆچییەو لێی گەڕێن تا خەڵکی بەشێوەیەکی ڕێکو پێك و بەبەرنامە دەگەڕێنرێنەوە، با چاوەروان بن تاکو جێگەو ڕێگەیان بۆ دابین دەکرێ و قەرە بوو دەکرێنەوە.

بەڵێ زۆر باشەو ئێمەو ئاوارەکانیش هەروامان پێ باشەو هەروا چاوەڕوانی ئەو هەنگاوانەین کە تروسکایەکیشی دیار نییە . ئێمەش دەمانەوێ



ئاوارەکان بەڕێزو حورمەتەوە ، بە ڕێکوپێکی بەبەرنامەرێژی و قەرەبووکردنەوەشەوە . بەڵام کوا ؟ کەی ؟بۆ خەمی لێ ناخورێ ؟ بۆچی خاوە خاوی لێدەکرێ ؟ بۆ هەنگاوی بۆ نانرێ؟

دیسان ڕەنگە خەڵكێك هەبێت و بڵێت ئێ باشە ئاخر چوار پێنج مانگێکە ڕژێم رووخاوە کەی فریاکەوتوون؟

منیش دەڵێم بەڵێ پێنج مانگ بۆ گەلێ کارو پرسی ئاوا ئاڵۆز ڕەنگە ماوەیەکی کەم بێ چارەسەر بکرێ ، بەڵام ئێمە دەڵێین با تروسکایی و هەنگاونان و دەست پێکردن هەبێت ، با گەرماو گەرم هاوکێشەی هێنانی عارەب بۆ سەر زێدی کوردو دەرکردنی کورد لە زێدی خۆیان و داگیرکردن هەڵگێڕینەوە ، با پەلە بکرێ لە پرسێکدا کە ساردبوونەوەی بەربەست و لەمپەری زیاتر دێنێتە ئاراوە ، با دوا نەخرێ و لە پریاسکە نەنرێ !!کەس ناڵێ لەم ماوەیەدا بۆچی هەموو ئاوارە بە گشتی کێشەکەیان چارەسەر نەکراوە ، یان بۆچی کێشەکە بنبڕ نەکراوە ، بەڵام پێویستە تروسکایی خەمخواردن دیاربووایە ، کە هەنگاوی یەکەم دابینکردنی نیشتەجێکردنی ئەو ئاوارانەیە کە لە ناو شارو زێدەکەی خۆشیاندا هەر ئاوارەن و بێبەشن لە سادەترین و سەرەتایی ترین خزمەتگوزاری.

ئەی سەرباری مانەوەی ئەو ئاوارانە لەو بارە نالەبارەداو نزیك بوونەوەی وەرزی زستان وکرانەوەی قوتابخانەکان چی دەگەیەنێ ؟

بۆچی هەتا ئێستا عارەبە هێنراوەکان(بسکەی سمێڵیان دێت) و کوردیش لە زێدەکەی خۆشیدا بستێ زەوی پێ ڕەوا نەبینرێ و ئەنجوومەنی حوکمیش (تەقەی سەری بێت)؟!

تۆ بڵێی ئەو هەواڵانەی جار جار باسی گەڕانەوەی ئاوارەکان دەکەن بۆ شوێنی خۆیان لە راگەیاندنەکان ، یان وەڵامدانەوەیەکی سەر پێیی وورووژاندنی پرسەکە بە پرسیارێکی رۆژنامەنووسان بەس بێ؟!

ئەگەر نیازێکی دروست هەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وەکو هەنگاوی یەکەم ئەوا دەبێ پێش کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان وهاتنی وەرزی زستان با خەمی ئاوارەکانی سەربازگەکانی (خالید و فەیلەق) بخورێ ، ئنجا وردە وردە دەست بکرێ بە گەڕانەوەی ئاوارەکانی دەورو بەری هەولێرو سلێمانی و لە جێگەی عارەبە هێنراوەکان دابنرێن و ئەوانیش بە خۆشی خۆیان کەرکوك جێ بهێڵن باشترە ، وا تێنەگەن کە خەڵکی کەرکوك دەستبەرداری مافەکانی خۆی دەبێت .

سەیرەکە لەوەدایە تەنانەت ئامارکردنی ناوی ئاوارەکان و ناونووسینیشیان وەکو پێوست و رێکو پێك بەرنامە رێژ نەکراوە چ جای گەڕانەوەیان و قەرەبووکردنەوەیان!

ئەوەتا پیاوێکی پیری کەرکوکی کە دوای زیندانی کردنی و گرتنی خۆیی و ژنەکەشی لەبەر ئەوەی کەکوڕەکەی پێشمەرگە بووە لە ئاماری سییەکان ، رەگەزنامەی ١٩٣٤یشی هەیە لە تۆماری (سجل وصحیفە) ی کەرکوکدا ، لە بنکەیەکی ناونووسینی ئاوارەکان ، لە هەولێر ناویان نەنووسیووە ، تەنیا لەبەر ئەوەی کە شوێنی لە دایکبوونەکەی هەولێر نووسراوە . دانیشتن و ژیانی سێ چارەگە سەدەی کوردێك لە کەرکوك کە تا ئەمرۆش(نفوس)کەی هەر لە فەرمانگەی کەرکوکە و لە سەر کوڕە پێشمەرگەکەی ئاوارە کرابێ و بێبەش بکرێ لە گەڕانەوە ! دەبێ چ بەرنامە رێژییەك بێت ؟! کە رەنگە ئەوە(مشتێك بێت لە خەروارێك).



وا پێ دەچێ تا ئێستا بەرنامەیەکی تۆکمەو رێکو پێك وجیددی تەنانەت وەکو پرۆژەش لە ئارادا نەبێت (جگە لەو ناونووسینە رەشۆکیەی) کە بەزۆرو بۆری کراوە . هەقی وایە پەرلەمان و حکومەتەکانی کوردستان جیددی تر رێ وشوێن و بەرنامەی بۆ دارێژن و چیتر دوای نەخەن . دڵنیام ئەگەر پرۆژەی وا پەلەی لێ بکرێ ئاوارەکان خاترجەم دەبن و خۆڕسکانە هەڵپەی گەڕانەوە ناکەن ، لەبەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی وەکو ئەوانەیان لێ نەیەت کە ئێستا لەو سەربازگانەی ناو شاری کەرکوك حاڵیان پەرێشانە.

ئێستا بە هەزاران ئاوارە لە ناوچەکانی سلێمانی و هەولێرو بیتوێن دا ،چاوەروانی ئەوەن. دەیانەوێ بە رێکو پێکی بگەڕێنەوەو ئیش و کارو فەرمانەکانیان لە دەست نەچێ ، نایانەوێ ببنە مایەی جەنجاڵی و کێشە نانەوە لە ناو شاری کەرکوك ، زۆریش هەن لەبەر ئەوە ناگەڕێنەوە، نایانەوێ عارەبە هێنراوەکان بە دەستی خۆیان دەرپەڕێنن ، نەوەکو عەرەبە شۆفینیستەکان و کەناڵەکانیان بە بارێکی تردا بی وروژێنن و سەرەنجام کێشەکە بە ئاراستەیەکی خراپ و نەخوازراودا ببردرێ.

لە بەرامبەر ئەوانەدا ئەم پرسە جیددی بوونی زیاترو لە دوانەخستن دەخوازێ.

لایەنێکی تریش لەو پرسەدا کە پەلەکردن دەخوازێ ئەوەیە ، کە باری دەروونی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئاوارەکان گەیشتۆتە ئاستێکی ئەوتۆ کە چیتر قابیلی هەڵکردن وتەحەمولکردنی نییە.

ئەوەتا هەندێ لە ئاوارەکان دەڵێن (ئێمە ئاوارەین ،ئاوارەین، کەواتە با لە شارەکەی خۆمان ئاوارەبین ، هیچ نەبێ کەسی ناحاڵی و ناکەس

وناحەزیش ناتوانێ چیتر بە چاوی سووك سەیرمان بكات و توانج و قسەو قسەلۆكمان تێ گرن)

بۆیە دەشێ ئەو بارە نالەبارەی ئاوارە گەڕاوەكانی ناو سەربازگەكانی(خالید و فەیلەق) وەكو كارتی گوشار بۆ سەر ئەمریكیەكان و ئەنجوومەنی حوكمیش بە كار بهێنرێت بۆ چارەسەری ئەو كێشە ئاڵۆزەی كەركوك.

پاشان حەق وایە هەموو لایەك ، هەموو كوردێك ڕێزی زۆر لەو هەنگاوە بنێ كە ئەو ئاوارانە ناویانە ، لەبەر ئەوەی یەكەم هەنگاوی جیددی و عەمەلییە بۆ سڕینەوەی پاكتاوی نەژادی لە ناو شاری كەركوك ، بۆیە لێرەوە هەزاران سڵاوی كوردانە دەنێرم بۆ ئەو كوردانەی ناو هەردوو سەربازگەكە(خالید وفەیلەق) كە بە ئاوارەیی لە ناو شارەكەی خۆشیاندا رازین ، لە پێناوی ئەوەی كەركوكی كوردان بگەڕێتەوە باوەشی كوردستانی دایك و سیاسەتی شۆفینستیانەی تەعریب وراگواستن و راونان-ی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ كە دەرهەق بە كورد كردوویەتی لە ناو شاری كەركوكدا هەڵوەشێننەوە.

تەنها دەمەوێ تەئكید لەوە بكەمەوە كە پشتگوێ خستن و فەرامۆش كردنی ئەو ئاوارانە تەنها یەك واتای هەیە ، كە ئەویش گوێ داخستنە لە ئاستی هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی(تەعریب) كردنی شاری كەركوك و سڕینەوەی شوێنەوارە خراپەكانی.

⋆ ⋆ ⋆



# با كەركوكیش بە دەردی موسڵ و ناوچەكانی تری كوردستان نەچێت!

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوەو چاوێك بە دیكیۆمێنتە مێژووییەكاندا بخشێنینەوە.دەبینین بەشێكی زۆر لە خاورووی كوردستانی عێراقدا وەكو بەدرەو جەسان و باقوبە و تكریت و سامەڕڕاو..تاد ، خەریكە بەتەواوی لە جوگرافیای كوردستان دادەبڕێن و هەر كەس باسیشیان ناكات ، وەكو حلە كە هۆزی (جاوان)ی كورد دەستێكی بنچینەییان لە دروست كردنەوەیدا هەبووە و لێی نیشتەجێ بوونە ، جگە لە دەشتی حەویجە و دەوروبەریشی كە تا ئێستاش چەندین خێزانی كوردی تیا دەژیێت ، پێشتریش هەموو ئەو زەوی كشتوكاڵیانەی كە ئێستا بە دەستی عەرەبەوەن هەر لە دەستی جوتیارە كوردەكان بوونە ، بەڵام لە ئەنجامی تەوژمێكی توندی تەعریبەوە ئاوا سیمای گۆڕاوە ، كە تەنانەت ئێستا خۆشمان باسی ناكەین.

شاری موسڵیش لە ماوەی ئەم سەدەیەی رابردوودا بە هەمان دەرد چووە كە تا ئێستاش بە سەدان هەزار خێزانی كوردی تیادا دەژیێن كەچی وا

⋆ لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی ، ژمارە (٥٤٠) ی رۆژی ٢٠٠٣/١١/١٠دا بڵاوكراوەتەوە.

له ژێر دەستمان دەرکراوەو هێندەی عارەب تێ پەستێنراوە.تا ئەو رادەیەی که ئەوەتا سەرکردایەتی سیاسی کورد هەر بە شەرمیشەوە باسی کوردستانێتی موسڵ ناکەن .

هەموو ئەو گۆڕاندن و شێواندنانە بێگومان لە ژێر چەکمەی داگیرکەران و له ژێر زەبرو زەنگی حاکمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا داگیرکراون و باری دیموگرافی و سیمایان شێوێنراون ، هەر ئەو دیفاکتۆیانەش ئێمەیان پەستاوەتە نێو ئەو گۆشە تەسکەی کە بە ناچاری بڵێین : سنوری کوردستان چیای حەمرینەو نەتوانین باسی ئەودیوی بکەین .

ئەو بارو دۆخە سەخت و هەلومەرجە دژوارە سیاسیانە ، کوردو دۆزە رەواکەیان ئاخنیوەتە ئەو چوارچێوە تەنگ و تەسکەوە تەنانەت موسل و دەشتی حەویجەودەشتەکانی ئەو نێوانەش ، کەوا خەریکە خۆی لە قەرەی شارەوانی هەولێریش دەدات هەر دەچێتە خانەی ئەو کاریگەرییانەوە .

سەرکردایەتی سیاسی دۆزی کوردیش سەبارەت بەو بارودۆخە سیاسیە ئاڵۆزەی کە دوای دابەشکردن و پارچەپارچەکردنی کوردستان لە دوای پەیمان و رێککەوتنامەکانی(سایکس بیکۆ ، سیڤەر ، لۆزان)ەوە تێی کەوتووە ، ساڵ بە ساڵ تەنگی پێ هەڵچنراوەو تاکو بۆ هەڵکڕاندنی دەسکەوتی سیاسی و تاوێك خۆڕاپسکاندن لە دەستی ئەو گەمارۆدانە سەختەی کە خراوەتە سەر کوردستان لە لایەن چوار داگیرکەرەوە .

هەروەها لەبەرئەوەی کەلە هەرێمەکەو جیهانیشدا شۆڕش و بزاڤەکەمان نەکەوێتە بەر تیروتوانجی (توندڕەویی و نا واقیعی بوون)ەوە ناچار بوونە



هەمیشە دروشمی ئەوتۆ بکەنە بەرنامەی سیاسی بزاڤەکانەوە ، کە زۆر لە مافی راستەقینەی کوردەواری و دۆزە رەواکەشی کەمتر بووەو کەمترە.

هەموو ئەوانەی سەرەوەو دروشم و بەرنامە سیاسییەکانی ئێستای سەرکردایەتی سیاسی کوردیش هەر لە سۆنگەی ئەو گوشاری دیفاکتۆیانەوەن کە لەو قالبە تەنگ وتەسکانەدا چەقیان بەستووە.

ئەگەر کاڵ بوونەوەو سڕینەوەی ئەو بەشە خاکانەی کوردستان لە زاکیرەماندا لەوێوە سەرچاوەیان گرتبێت و گوناه و تاوان و خەتاکەی لە ئەستۆی دوژمنەکان بووبێ و ناچار کرابین . ئەوا ئێستا هەلومەرجەکە گۆڕاوەو هاوکێشەکان لەبەریەك ترازاون ، بۆیە زۆر پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردیش چاوێکی جیددی بەو هۆکارو فاکتەرانەدا بخشێنێتەوە کە راستەوخۆ کاریگەرییان بە سەر هەلومەرجە ناوخۆیی و بابەتییەکانی دۆزە رەواکەمانەوە هەیە ، هەر هیچ نەبێ بۆ ئەوەی کەرکوك و خانەقین و مەندەلی و شنگال وشێخان وکۆمەڵێ ناوچەی تری کوردستانیش بە هەمان دەردی ئەو ناوچانە نەچن کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن.

ئەوەی کە پێویستە هەڵوەستەی لە سەر بکەین و لێکۆڵینەوەی وردی لە سەر بکرێ ودواش نەخرێ بە راستی گۆڕینی خیتابی سیاسی کوردو سەرکردایەتیەکەیەتی.

تێگەیشتن لە شیتەڵکردنی هاوکێشە سیاسییە نوێیەکان کە کوردو رۆڵ وتوانای گەمەی تێدا هەیە ،چ بۆ گەڕاندنەوەی ئەوەی کە لەدەستی چووە ، یانیش بۆ ئەوە بێ ئەوەی ماوە لە دەستی نەچێ و بە دەردی ئەوانی تر نەچن.

ئەرکێکی هەنووکەیی زۆر جیددی و پێویستی سەرکردایەتی سیاسی کوردە بە هەموو حزب و گروپ وکەسایەتیەکانیەوە.

ئەم وەرچەرخانە مێژووییەی کە بەبارێکی زۆر پۆزەتیڤ و قازانجی دۆزی کوردو شۆڕش و بزاڤە رزگاریخوازانەکەی روویداوە ، چاکترین هەلو دەرفەتی بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد رەخساندووە ، کە سەرباری کۆمەڵێ دەسکەوتی سیاسی ، دەشێ گەلێ دەرفەتی لە دەستچوو قەرە بوو بکاتەوە .

بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێ پرسیار قوت دەبنەوەو داوای وەڵامی دەستبەجێ لە بڕیاربەدەستانی سەرکردایەتی سیاسی کوردایەتی دەکەن.

بۆچی سەرباری گۆڕانی ریشەیی لە هەلومەرجی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێو دەوڵەتیشدا ، ولەبەر یەکترازان و تێکچوونی شیرازەی هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمەکەو جیهانیش ، هێشتا سەرکردایەتی سیاسی کورد هەر بە هەمان ئیقاعی جارانەوە لەگەڵ رووداوەکاندا دەجوولێنەوەو لەو قاڵبە بەستووەدا نایەنە دەرەوە؟!!

بۆچی سەرکردایەتی سیاسی کورد خیتابی سیاسی کلاسیکی خۆی ناگۆڕێ و وەکو جاران بە گوشار واقیعی پێ نیشاندراوە ، ئێستاش واقیعی نوێ و هەلومەرجە گۆڕاوە تازەکان نابینێ؟!!

بۆچی لە قۆزاخەی موجامەلەی سیاسی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا نایەتە دەرەوەو بە ناوی دیبلۆماسیەتەوە (دەس بە کڵاوەکەیانەوە دەگرن با نەیبات)؟!



بۆچی لەناوخۆدا ڕەق و زبرو وەستای مراوەغەن و لە ئاستی دەرەوەو بێگانە و دوژمنیشدا نەرم وشل وشەرمنن ؟!

ئەگەر چاوەڕێی ئەوەن مافمان بدرێتێ ، ئەوا بێکەسی شاعیر گوتەنی (هەق دەسەنرێ نادرێ)،خۆ ئەگەر لە کاردانەوەی عەرەبی وجیهانیش دەپرینگێنەوە!ئەوە دەبێ دڵنیابن کە هاوکێشە سیاسیەکان وەکو جاران نین و کوردیش لە گۆڕەپانەکەدا یاریکەرێکی سەرەکیەو هاوپەیمانی سەرەکی تاکە زلهێزی دنیایە.

سەرباری هەموو کەم و کوڕییەك ، ئێستا کورد ئەزموونێکی زیندووی حوکمڕانی هەیە ، کە دەشێ لە هەموو رۆژهەڵاتی ناڤیندا ، وەکو نموونە سەیر بکرێت و عەرەبی عێراقیش دەبێ زۆر بەرێزەوە سەیری بکەن و تەقدیری بکەن .

جگە لەوانە ، کۆمەڵێ ڤاکتەری تری پۆزەتیڤ کە دیارترینیان ناسراوی کورد و دۆزەکەیەتی لە نێوەندی هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتیدا و گەورەوبوونی قەبارەو قورس بوونی کێشەکەشیەتی وەکو دیفاکتۆیەك کە ئەمجارەو ئەم دیفاکتۆیە رێك پێچەوانەی دیفاکتۆکانی پێشترەوە کە بە زیانی کوردو دۆزەکەی تەواو دەبوون .

بۆیە هەقی وایە هەموو کوردێکی دڵسۆزە بپرسێ و داوای وەڵامیش لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان و بڕیار بە دەستەکانی بکات ،خۆ ئەگەر لەوەش زیاتر خاوە خاو بکەن و لەو ئەرکە هەنووکییە زۆر زۆر هەستیارانەش نەچنە پێشەوە ، ئەوا لە خۆمان و لەوانیش دەپرسین تۆ بڵێی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە ئاستی ئەم ئەرکە مێژووییانەدا نەبن؟؟!!

# عارەبی( رەسەن )کوا لە کەرکوك !!؟

لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دروستکراوە شاری کەرکوك هەرەشەی شێواندنی سیمای کوردانەکەی لەسەرە ، پیلانی لێدەگێڕدرێ ، هەر لە سەردەمی یەکەم پاشای عێراقیشەوە ، بەردەوام عەرەب هێنراوەتە ئەم شارە ، هەتا دوارۆژی دەسەلاتە خوێناوییەکەی سەدامیش درێژەی هەبووە.

هەر هەموو هاوردە عارەبەکانیش هەر لە سەرەتاوە بە نیازی خراپی شێواندنی باری دیمۆگرافی کەرکوك و بێ بەشکردنی کوردەکەی بووە لە سامان و خێرو بێرەکەی ، بە داخەوە ، ئێستا زۆر لە لێپرسراوە گەورەکانی کوردیش ، بەو عارەبە هێنراوانەی لەو سەردەمانەو هەر بە هەمان بەدنیازیشەوە هێنراون دەڵێن( عارەبی رەسەن)!!

بە راستی داتاشینی زاراوەی عارەبی رەسەن ، تەنیا لەبەر کۆن بوونی هاتنەکەیان و بەسەرچوونی چل پەنجا ساڵ وشتێ زیاتر تەنانەت ئەوانەی چەندین سەدە پێشتریش هاتوونەتە کوردستانەوە خەتەرێکی گەورەیەو دوور نییە بە دواخستنی ئەمانەی سەردەمی سەدامیش لە دوای چەند ساڵێکی دیکە ، هەمان ناوو زاراوە بە کار بهێنرێت .

★ لە هەفتەنامەی کەرکوکی ئەمڕۆ، ژمارە (٤٤)ی رۆژی ٢٠٠٤/١١/٢١ دا بلاّوکراوەتەوە.



کارەساتە لەوەدایە هەر کورد خۆی خەریکە شەرعیەت بەو عارەبانە دەدات کە پێشتر و لە سەردەمەکانی پێش سەدام و بەعسدا وەکو (نیشتەجێ)و داگیرکەر هاتوونەتە کەرکوك.

خۆ ئەگەر ئەوانەی (رەسەن)دەخەنە پاڵ عارەبە کۆنە هێنراوەکان بۆ ئەوە بێ کە لە عارەبە هێنراوە(نیشتەجێ)یەکانی سەردەمی حیزبی بەعس و سەدامدا هاتوون ، جیا بکەنەوە ! یان بۆ جۆرێك لە پۆلێن کردنیان بێت ، ئەوە دیسان هەر هەڵەیەکی کوشندەیە ، چەسپاندنیشی وەکو زاراوە خەتایەکی گەورەیەو نابێ و ناشێ قبوڵی بکەین ، چونکە لە راستیدا هیچ (رەسەن)ایەتیەك بۆ بوونی عارەب نییە لە کەرکوك و دەورو بەریشیدا.

ئەمە حەقیقەتێکەو کێ پێی هەرەس دەکرێت ئەوە سەرچاومان ، کێش پێی ناخۆشەو ناچێتە عەقڵیەوە ئەو کێشەو گرفتی خۆیەتی ، بەلاّم ئەگەر ئەو ناولێنانەو (رەسەن) خستنە پاڵە بۆ ئەوە بێ ، کە هەلومەرجی ئەم قۆناغە دژوارەو ناکرێ لەم قۆناغەدا داوای دەرکردنی هەموو عارەب بە یەکجار بکرێ و بۆشمان ناچێتە سەر. ئەوە هیچ نەبێ دەتوانین بۆ سەردەمەکانی هێنانیان پۆلێن بکرێن ، ئەگەر لەبەر ئەو هۆیانەو شێوازی بیرکردنەوە لە هەلو مەرجەکە بێ دروستەو لە جێی خۆیدایە ، بەلاّم ناولێنانەکە بە (رەسەن) هەر نادروستەو لە جێی خۆیدا نییەو عارەب گوتەنی (ئیستیفادەی خراپ)ی لێدەکرێت.

ئەگەر مەبەست چارەسەریش بێت ، دەکرێ سەرکردەو لێپرسراوەکان ،کادیرەکانی راگەیاندن و نووسەرو رۆژنانووسانی کورد ، بە شێوازی دیکە چارەسەرێکی بکەن ، نەك بیکەینە ماڵ بە سەر خۆمانەوە ، لەبەر ئەوەی ئەگەر بمانەوێ ئەمڕۆ بەوە خۆمان لە هەندێ کێشە لابدەین ، ئەوە بۆ داهاتوومان کێشەی گەورەتری لێدەکەوێتەوە . بۆیە دەتوانیین..بۆ نموونە لە جیاتی بە کارهێنانی (عارەبی رەسەن) بگوترێ (عارەبە کۆنەکان)ی

شاری کەرکوك ، یان بە ناوی سەردەمەکانی ئەو رژێمانەی کە هاوردوویانیەتی ناوزەد بکرێن .
گرنگ ئەوەیە زاراوەی (رەسەن)بەکار نەهێنرێ و نەیکەینە ماڵ بە سەر کەرکووکەوە ، هەتا نەشبووە بە زاراوەی ناو خەڵك و باوی شەقام چارەسەری ئاسانترە،چونکە دوای چەسپاندنی لە لای شەقامی کوردی، کارەساتەکە دەخولقێ و بە رادەیەك ئاڵۆزی دەکات. کە پەشیمان بوونەوە لێی و لابردنی زۆر سەختترە ، لەوەی کە ئێستا دەکرێ.
هەقی وایە هەموو لایەکمان وردتر ئەو پرسانە هەڵسەنگێنین و لە هەر ناولێنان و هەر جۆرە موجامەلەیەك ، پێویستە پێشتر باش رەهەندە سیاسییەکەی لە بەرچاوبگرین و حیسابی بۆ بکەین ، پێش ئەوەی ببێتە دیفاکتۆ (ئەمری واقیع) بە سەرمانەوە بۆیە تاوەکو زووە ، دەبێ زاراوەی(رەسەن )بۆ هیچ عارەبێکی ناو کوردستان بە گشتی و کەرکوکیش بە تایبەتی بەکار نەهێنرێ.
هەر کەس و لایەنێکی سیاسیش بۆ موزایەدەی حیزبی خۆی بە کاری بهێنێ و برەوی پێبدات ، ئەوە لە بەرامبەر مێژووی کوردو کوردستاندا بەرپرسیار دەبێ .
دەشێ و دەبێ(رەسەن)ایەتی بخەینە پاڵ ئاشووری و کلدانییەکان ، چونکە لەم شار و خاکەدا لەگەڵ کوردا هاوبەشن و هەزاران ساڵە پێکەوەین ، بەڵام عارەب هەرگیزاو هەرگیز لەم شارو خاك و نیشتمانە(رەسەن) نەبوونەو وەکو داگیر کەرێك هاتوونەتە سەرمان.

★ ★ ★



# پۆل هارفی چی لە کەرکوك کرد؟!

پۆل هارفی کە لێپرسراوی (CPA)یە لە شاری کەرکوك ، کەسێکی بەڕەگەز بەریتانییە ، هێزەکانی هاوپەیمانان هێنایانە شارەکە ، بە نیازی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شارەکەو خزمەتکردنی . ئەگەر گرژی و دڕدۆنگی و نائارامییەکیش هەبێت ئەم خاوی بکاتەوەو چارەسەری بکات .
دەبوایە چارەسەری کێشە بنچینەیی وسەرەکییەکانی کەرکوك بکات ، کە لەسڕینەوەی شوێنەواری تەعریب و گەڕاندنەوەی هاوردەکان و ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی کوردە ئاوارەو دەرکراوەکاندا خۆی دەنوێنێت.
بە کورتی هارفی بۆ ئەوە هێنرابوو کێشەکانی کەرکوك چارەسەر بکات ، بەڵام تا چەند بۆی کرا ، یان راستتر بڵێین هەوڵی جێبەجێ کردنی داوە؟وەڵامی ئەم پرسیارە لەلای کەرکوکیەکان بە گشتی و لەلای کوردەکانی کەرکوك بە تایبەتی ئەوەیە : رەفتارەکانی هارفی رێك پێچەوانەی ئەرکەکانی بووە ، چونکە لە پێش هاتنی ئەو ،دۆخەکە ئارامتر بوو ، تیرۆر

★ لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە(٣٤٠٥)ی رۆژی سێ شەمە ٢٠٠/٦/٢٩دا بڵاوکراوەتەوە.



پۆل هارفی

کەمتر بوو ، ئەگەر نەڵێین هەر نەبوو ، گرژی و ئاڵۆزی نێوان نەژادە جیاجیاکان بەو ئەندازەیەی دوای هاتنی ئەو توند نەبوو .

بۆیە شەقامی کوردی لە کەرکوك هارڤی وەکو ناحەزی کورد پێناسە دەکەن ، جگە لەوەی کە دەڵێن هیچی باشی نەچاندووە کەوا نەژادە جیاجیاکان لە کەرکوك لە یەکتری نزیك بکاتەوە .

کوردی کەرکوك ناهەقیان نییە ئەم جۆرە تێڕوانینەیان لەلا بچەسپێت ، لەبەر ئەوەی بە کەمێك رامان لە لێدوان و رەفتارەکانی سەبارەت بەم شارە ، هەموو کەس لێی دەکەوێتە گومانەوە ، هارڤی لە کۆنگرەیەکی



رۆژنانەمەوانیدا گوتی: (کەرکوك شارێکی کوردستانی نییە!)ئەمە بە لای کەمەوە ئەو بەریتانییەو دەبوایە لانی کەم بزانێت کەرکوك لە مێژووی ئەوان و هاوکێشەی سیاسی و ئابووری بەریتانیادا چی دەگەیەنێ و بە چ ناهەقییەك بە عێراقەوە لکێنراوەو کێش لێی بەرپرسیارە؟.

جگە لەوەی دەبوایە رەهەندی ئەم لێدوانە ناڕەوایەی بزانێ و بزانێ چەندە رەنگدانەوەی خراپی لەسەر نەژادە جیاوازەکانی کەرکوك دەبێت.

هارڤی چەندین جار لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوەو لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووساندا ، سەبارەت بە گەڕاندنەوەی عارەبی هاوردەو سودمەندی کەرکوك بۆ شارو زێدی خۆیان ، کەسیاسەتێکی نارەوای رژێمی بەعسی پێ ئەنجامدراوە ، لێدوانی نابەجێ و خراپی داوە کە نابێ هاوردە بە زۆر لە کەرکوکەوە بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدو جێگەو رێگەی سروشتی پێشووی خۆیان لە باشووری عێراقدا .

لە کاتێکدا یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی ئینتقالی راشکاوانە ئاماژەی بە گەڕاندنەوەی عارەبە هاوردەکان بۆ زێدی خۆیان و کوردە ئاوارەکانیش بۆ کەرکوکی زێدی خۆیان کردووە.

هارڤی بڕیاری گەڕانەوەی بەعسیەکانی بۆ سەر کارەکانیان بە پەلە جێبەجێ کرد ، لە کاتێکدا سەدان و هەزاران کورد لە سەر کار لادران و راگوێزران تەنیا لەبەر کورد بوونیان رژێمی بەعس دەریکردبوون، تا ئێستاش هەر چاوەروانی گەڕانەوەیانن بۆ سەر کارەکانیان ، بۆ گەڕانەوەی ئاوارەو کوردە دەرکراوەکان ، هارڤی نەك هیچ ئاسانکاری نەکردووە ، بگرە

پشتگوێشی خستووە ، تاکو ئێستاش یەك خانووی داگیرکراوی کورد کە بەعس دابوویە عەرەب نەدراوەتەوە بە کورد و هارڤیش هیچی نەکرد.

هارڤی لە کاتی دانانی ئەندامی نوێ لە ئەنجومەن لە جێی ئەندامە کوژراوەکانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بە ئاشکرا فێڵی لە گرووپی کوردی کرد لە جیاتی (عەگار تەویل)ی عەرەب کوڕەکەی دانرا ، بەلاّم بۆ دانانی ئەندامێك لە جێگەی خوالێخۆشبوو (نیزامەدین گلی)کورد ، رازی نەبوو یەکسەر براکەی دابنرێت و کردیە هەڵبژاردن و دەرگای خۆ کاندید کردنی بۆ عارەب و تورکمانیش خستە سەر پشت ،کەچی دەبوایە هەر بۆ کورد بێت ، لە کاتێکدا دوای مردنی (مستەفا کەمال یایچی)ی تورکمان ، هارڤی خۆ کاندید کردنی بۆ جێگەکەی تەنها لە تورکماندا قەتیس کرد.

هارڤی بۆ گەڕانەوەی (یایچی)بۆ سەر ئیدارەی کەرکوك کارئاسانی بۆ تورکمان و داواکەیان کرد ، بەلاّم بۆ گەڕانەوەی هەر سێ ناحیەی (قەرەهەنجیر و شوان و سەرگەران)کە داوای گرووپی کورد بوو بۆ گەراندنەوەیان بۆ سەر ئیدارەی کەرکوك ، گوێی لە کورد نەگرت و هەر دوای خست.

ئەم هەموو لایەنگیری و ناعەدالەتییە ئاشکرایەی پۆل هارڤی لە ماوەی بەرێوەبردنی پۆستەکەیدا لە کەرکوك ، نەك هەر جێی گومانی کورد بووە لە پاکی و بێ لایەنی هارڤی ، بەڵکو تێڕوانینی(دژە کوردی) لە کارەکانیدا لە لای کەرکوکیەکان چەسپاند.

نەك هەر ئەوەندە بگرە بووە مایەی گرژی و دڕدۆنگی و نا ئارامی زیاتر ، لە جیاتی چاندنی تۆوی ئاشتی و برایەتی و تەبایی لە شارەکەدا.



بۆیە کوردی شاری کەرکوك هەقی خۆیانە بپرسن ئەرێ هارڤی بۆچی وا دەکات؟ئایە بەم رەفتارانە خزمەتی چی و کێ دەکات؟!ئەم قسانەی شەقامی کوردی نیشانەی دەیان پرسیاری بێ وەلاّم وەکو رای گشتی کەرکوکیەکان ، رووبەڕووی حکومەتی بەریتانیا دەبێتەوەو هەق وایە (تۆنی بلێر)ی سەرۆك وەزیرانی ولاّتەکەی کە دۆست و هاوپەیمانی کوردە (خۆی گوتەنی)لە رەفتارەکانی پۆل هارڤی بکۆڵێتەوەو بزانێت ئەم پیاوە کە نوێنەری ئەوانە بۆ پۆستێکی وا گەورەو گران لە ماوەی جێبەجێکردنی کارەکانی لە پۆستەکەیدا ، ئایا لە ئاستی لێپرسراوێتیدا بوو؟یان بۆتە مایەی دروستکردنی تێڕوانینی خراپ لە بەرامبەر ولاّتەکەی کە رۆڵی بەرچاوی لە رزگارکردنی گەلانی عێراقدا گێراوە؟!

# خۆش أخُوه

نه دۆست و نەدوژمنیش چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد ، کە گەڕانەوەی کەرکوك بۆ ئامێزی کوردستان لە دوای نەمانی صەدام و رژێمەکەیەوە هێندە بخایەنێ و کوردو عارەبیش هەر یەکە بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوە ، عارەب کەرکوك چۆڵ کات و کوردیش بگەڕێتەوە بۆ کەرکوك . بەڵام پێدەچێ گەمە سیاسییەکان پاشە قولگرتن بن لە نەرم و نیانی و پشوو درێژی سەرکردایەتی سیاسی کورد و رێگەی هاتنە دی ئەو ئاواتانە ، پڕ درك و داڵ تربکات و تا دێت ئالۆزتریش بکرێت. راستە کورد پشووی درێژە و توانای ئارام گرتنی لە خەڵکی تریش زیاترە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەوا گرووپی کوردی لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا ، کلك گرێدان و پیلانی گرووپی عارەبی و تورکمانی بە سەریدا تێپەڕێت ، بەو مانایەش نییە کە هەر کارو رەفتارێکی پیلانگێڕانە بکەنە (أمر الواقع)لە ناو ئەنجومەنی پارێزگاداو گرووپی کوردیش ناچار بکەن دەنگی بۆ بدات، ئیتر ئەوە هەڵوێستی کوردە .

مانای وانییە هەرچی لەناو ئەنجومەندا گرووپی ئێمەی پێ (ئیحراج)کرا ،

★لە هەفتەنامەی گەڕانەوە ، ژمارە (١٢)ی رۆژی ٢٠٠٤/٥/٢٧ دا بلاۆکراوەتەوە.



ئەوە هەموو کورد پەسەندیەتی ، نەخێر بۆ کلك گرێدان و پیلانگێڕی لە دژی کوردستانێتی کەرکوك و زۆرینەی کوردیش لەم شارەدا.

ئەم شاری گڕو کڵپەیە ، دەریایەك خوێنی کوردی تێکۆشەری لە پێناودا دراوە ، ئەگەر بەرامبەر نەرمی نواندنی سەرکردایەتی سیاسی کورد ،کلك گرێدان و پیلانەکانی ئەمڕۆ درێژە پێدانی پیلانەکانی رابردوو بن، بەڵام لە ژێر ناوی (قارداش) و (إخوه)وە بە شێوازی مۆدێرن و تازە ئەوە سەرنجام قبوڵ کردن و هەرس کردنیان (مەحاڵە).

دەستبەردان و سازش و تەنانەت بچووکترین پاشەکشە پێکردنی کورد لە هەوڵەکانی دا بۆ ئازادکردنی راستەقینەی گیانیی و جەستەیی کەرکوك ، لە ژێر هەر پەردەو پاساوو بڕوبیانوویەکەو بێت ، تەنانەت بە سەر لەقاندنی ئەمریکیە هاوپەیمانەکانیشەوە ، چانسی سەرگرتنیان ئەستەمەو گەمە کردنێکی ناحەزانی کوردە بە کارتی سوتاو.

نەرم ونیانی سەرکردایەتی سیاسی کوردیش سەبارەت بە گێڕانەوەی کەرکوك بۆ ئامێزی کوردستانی دایك ، لەبەر حەساسی هەلومەرجەکە ،مانای ئەوە نی یە بەرامبەرەکان هەل پەرستانە (حیز فرسەتی)بنوێنن و پێشیان وابێ کە بۆیان دەچێتە سەر ، ئەوە با دڵنیابن و زۆر (سەهون) ، چونکە ئێمەی کورد پشوومان درێژەو (حەوت پەراسوومان لە ئومەتی محەمەد زیاترە) بەڵام لە هەموو کەس و لایەك زیاتر شارەکەی خۆمان خۆشتر دەوێت .

خواردنی هەڤیشمان مێژوو سەلماندوویەتی کەوا (یاریکردنە بە ئاگر) هەر کون و کەلەبەرێکیش کە بۆنی ئاژاوەو پشێوی نانەوەی لێوە بێ ناهێڵین

تاسەر ئاوالأبێت ، زۆر لاشمان ئاسانە کە بە شێوازی کوردانەی خۆمان و حیکمەتی پشوو درێژیمان ، هەموو کون و کەلەبەرێك کە بۆنی ناحەزی و ئاژاوەگێڕیی و هەق خواردنی لێ ئاودیو بێت بە کۆنکرێت بگرین .

هەق خوادنی کوردیش لە کەرکوکدا وەکو خواردنی ئەو لەتە نانە وایە کە بزن نەگبەتی دەیگرێ و نانی شوان دەڕفێنێ.

★ ★ ★ ★



# دیسان کەرکوك لە پریاسکە دەنرێتەوە!!

کەرکوك بە درێژاییی تەمەنی عێراق تەوەرەی سەرەکی کێشەی نێوان بزاڤی کوردایەتی و دەسەلأتی ناوەند بووە ، رژێم لە دوای رژێمیش ئەم کێشەیەی بەرەو ئالۆزتر بردووەو هەوڵی چڕوپری گۆڕینی سیماو باری دیمۆگرافی تاکو رووخاندنی رژێمی بەعس و سەدامیش لە گەرمەیدا بوو.

کەرکوك لە گشت دانوستانەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد و دەسەلأتی ناوەندا ، ململانێی توندی لە سەر کراوە ، وێڕای ئەوەی کە دوژمنەکان لە دۆستەکانمان چاکتر حەقیقەتی کوردستانێتی کەرکوك دەزانن . بەلأم دەریاچەیەك نەوت و کانگای پڕ لەسامانی وایکردووە ، کە دەستبەرداری نەبن و هەمیشە لە پیلانگێڕان و گۆڕاندنی سیمای کوردانەی دابن.

هەر لە سۆنگەی ئەوەشەوە بووە ، کەهەمیشە لە دانوستانەکاندا پرسی کەرکوك لە پریاسکەنراوەو دواخراوە تاکو ماوەی خۆ قایم کردنیان پێ بە سەر بردووەو مانۆڕ و مانۆڕکارییان تێدا کردووە.

هەموو کاتێك لە سەرەتای گفتوگۆکاندا بەرامبەرەکانمان نەرمییان

---

-★لە هەفتەنامەی ئالأی ئازادی ، ژمارە(٥٥٠)ی رۆژی دووشەمە ٢٠٠٤/١/٢٦دا بلأوکراوەتەوە

نواندووەو بەڵێنی بریقەداریان سەبارەت بە ئاکامی ئەو لە پریاسکەنانەی کەرکوك داوینەتێ ، پاشان کە خۆیان قایم کردووەو دەسەڵاتیان توندوتۆڵ کردووە ، بەدەیان بڕوبیانوو پاشگەز بوونەتەوەو کەوتوونەتە وێزەی کەرکوك و دەستیان داوەتە دەرکردن و راونان و کوشتن و گرتنی کوردەکەی و دەیان شێوەو شێوازی زۆر نا مرۆڤانەیان لە پێناو بە عارەبکردنیدا بە کار هێناوە.

هەقی وایە لەم وەرچەرخانە گەورە مێژووییەدا ، ئیتر سەرکردایەتی سیاسی کورد لەو هەموو بەڵێنە درۆو پاشقولە لەبۆسە نراوانە بێداربێتەوەو بەرۆکی خۆشباوەڕی و موجامەلەو سازش کردنیش بەردەن ، دەئیتر لە (پریاسکەنانی کەرکوك) بابەس بێ ، ئاخر کەی کورد داشی لەمە سوارتر دەبێ؟!!

هەقی وایە ئەزموونە تاڵەکانی خۆمان لە بیر نەچێتەوەو دەرس و پەندی لێ وەرگرین . هێندەش ئەزموونمان هەیە بەشی زانکۆیەکی سیاسی دەکات بۆ پێگاندنی سەدان سەرکردەی بە هەڵوێست و بوێر و خۆنەویست . بەلاّم بە داخەوە هەندێکی بە نەخۆشی بیر چوونەوەو هەندێکی تر بە کورسی چەسپ بوون .

هەندێك گیرفان کون بوون و هتد ، خەریکن ئەمجارەش پیلان و فرت و فێڵە کۆنەکەی دوژمنانی کەرکوك و کوردستان لە خشتەیان دەبات و بە بڕوبیانووی نابەجێ تێدەکەون.

ئەگەر ئەمجارە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە سەنگی خۆی و دۆزەکەی و کەرکوکیش لە ناو هاوکێشە سیاسیەکاندا حاڵی نەبێت.ئەوا غلۆر



بوونەوەیەکی تری نەگبەت بەرێوەیە بۆ چارەنووسی کەرکوك و کەرکوکیەکان و تەنانەت دۆزەکەش بە گشتی ، چونکە کەرکوك چەقی قورسایی دۆزی کوردە لەم بەشەی کوردستاندا.

سەرکردەکانی کورد ئەگەر ئێوە لەبەر سەرقاڵی خۆتان بوارتان نییە بەو ئەزمونانەدا بچنەوە کە لە زاکیرەماندا هەڵکۆڵدراون ، ئەوە هەقی وایە تاوێك گوێ بۆ رازو نیازی قەڵەمەکانی ئێمەی خەمخۆریش بگرن و بزانن ئایە ئێمە گوێز دەژمێرین ، یان دەست لە سەر برینەکاندا دەنێین، ئێ خۆ مەرج نییە حەکیم هەر لە سەر کورسی بێت . زۆر جار لە سەر دۆشەگ و زەوی رەق و تەڤیش حەکیم چارەی دەردی پێیە.

★ ★ ★

# کەرکوك لە نێو تۆڕی پاکتاوی نەژادی دا

بە درێژایی کێشەو ململانێکانی بزاڤی کوردی لە گەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقدا شاری کەرکوك هەمیشە خاڵی بنچیینەیی و تەوەرەی سەرەکی ناکۆکییەکان بووە،چونکە کورد نە دەستبەرداری کەرکوك دەبێت نە سازشی لە سەر دەکات.

لە هەموو دانوستانەکانی کوردو لایەنی دووەمدا هەمیشە شاری کەرکوك قورسترین کێش و گەورەترین قەبارەی گفتوگۆکانی هەبووە،لە ژێر کاریگەری زۆر هەلومەرجدا ،لە ژێر گوشاری دەیان کارت و ناهاوتایی تەرازووی هێزەکانیشدا،هەرگیز هیچ یەکێك لە رژێمەکان نەیانتوانییوە کورد بهێننە سەرچۆك بۆ سازشکردن لە سەر کەرکوك ،ئەویش رەنگە زیاتر لە بەر دوو هۆی بنچینەیی بێت کە کورد ناشێ و نابێ دەستبەرداری بێت،یان سازشی لە سەر بکات:

یەکەمیان: لە بەر ئەوەی کەرکوك لەوەتەی هەیە واتە لە پێش لە دایکبوونی مەسیح و لە دێر زەمانەوە زێد و خاك و نیشتیمانی باوك و باپیرانیەتی و ئەوەش چۆتە خانەی بەڵگەنەویستییەوە.

دووەم: کەرکوك هەڵکەوتەیەکی جیۆپۆلەتیکی باشی هەیەو بە

* لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ-ژمارە ٩٩٢٢ پێنج شەمە ٢٠٠٠/١١/٩ دا بلاْوبۆتەوە



دەوڵەمەندترین بیرە نەوتیەکانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست دادەنرێن هەروەکو ئینگلیزەکان وتویانە لە سەر دەریاچەیەکی نەوتدایە.بەلاّم بە داخەوە هۆی دووەم کە بۆ هەموو دونیاوهەمووگەلان مایەی بەختەوەری و ئاسودەیی یە،کەچی بۆ ئێمەی کورد، زیاتر دۆزەکەمانی ئالْۆز کردووەو بۆتە مایەی بەدبەختی، چونکە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکیەکانی مانەوەی داگیرکەران و دەست لێ هەڵنەگرتنیان لێی .

بۆیە هەمیشە رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق دوای ئەوەی کە بێ ئومێد بوون لەوەی کەرکوك لە ژێر دەستی کورد دەربهێنن و لە ئەنجامی بێ هوودەیی هەوڵە بەردەوامەکانیان هەمیشە بیر لە رێگەو شێوازی ئەو تۆ دەکەنەوە کە درێژە پێدەری هەوڵ و سیاسەتەکانیان بێت.هەر بۆیە رژێمی بەعس لەعێراقدا هەر لە سەرەتای حوکمڕانییەکەیەوە تاکو ئەمڕۆش بەم بیانوانەوە درێغی لەو سیاسەتە نەکردووە، کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە :

یەکەم:حکومەتی ئێستای عێراق هەر لە گەڵ هاتنە سەر حوکمی دا دەستی بە گواستنەوەی کرێکارو فەرمانبەرو تەکنیککارەکوردەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك کرد بۆ دامودەزگاو فەرمانگەکانی شارەکانی تری کوردستان و هەندێکیشی بۆ شارەکانی خوارووی عێراق رەوانە کرد.

دووەم: لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕی کوردو دەسەلاّتی مەرکەزی لەنێوان ئازاری سالاْنی ١٩٧٤-١٩٧٥دا رێژەیەکی زۆری کوردی شاری کەرکوك چوونە ریزی شۆڕشی ئەیلولی کوردایەتیەوە،ئەوەش وایکرد کە رژێم لە دوای

نسکۆی ساڵی١٩٧٥وە ماڵ و موڵك خانوویان حیجز بکات و نەهێڵێت بگەڕێنەوە بۆ جێگەو ڕێگەی خۆیان.

سێیەم: لە دوای نسکۆکەوە تاکو شەڕی عێراق –ئێرانیش ڕژێم بە دەیان بیانووی ترەوە کەوتە تێکدانی گەڕەکەکان وگۆڕینی ناوی گەڕەك و شەقام و خوێندنگەو شوێنە گشتییەکان و ناوی عەرەبی لێنان.

بەناوی نەخشەی تازەی شارو دروستکردنی شەقام و جادەشەوە چەندین کۆڵان و گەڕەکی شێواند.لە کاتێکدا پەیتا پەیتا عەرەبی دەهێناو دەیان ئیمتیازی دەدانێ . گەڕەکی دوو هەزارماڵ لە پاڵ گەڕەکی عەرەفە و شوقەکانی موسەڵلاو ئینجا گەڕەکەکانی (النصر، یەکی ئازار ،وەحدە،حوڕییە) و چەندینی تر کە بە عەرەبە دەهەزارییەکان ناسراون.

چوارەم: لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی شۆڕشی نوێدا کەرکوکیش وەکو هەموو جارێ کە داینەمۆی شۆڕش بووە، لاوەکانی کەوتنە جۆش و خرۆشاندنی شۆڕشەکە.بەتایبەتیش لە کۆتایی حەفتاکاندا زیادبوونی هێزی پێشمەرگەو لە کاتێکدابوو کە ڕژێم لە گەڵ ئێراندا نیازی باش نەبوو،لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕەکەشدا لەگەڵ ئێراندا، زۆربوونی پێشمەرگەو سەربازی هەڵاتوو لەو کاتەی کەرژێم پێویستی بە چەکدارێك زیاتر هەبوو تا بیکات بە گژ ئێراندا، باشترین بیانووی بۆ ڕەخسا کە گوشار بخاتە سەر کوردی کەرکوك.بۆیە پەنای بردە بەر ڕەفتارێکی دڕندانەی تر، ئەویش گرتن و ئازاردانی باوك و دایك و کەس وکاری پێشمەرگە، پاشان ڕاگواستنیان و ناچار کردنیان بە بەجێهێشتنی شاری کەرکوك.



پێنجەم: پێ بە پێ دەرکردن و ڕاگواستنی کورد لە کەرکوك و هێنانی عەرەب و بەخشینی چەندین ئیمتیاز پێیان ، بڕیاریدا تاپۆ کردنی زەوی و خانوو بۆ کورد قەدەغە بکرێت، کورد بۆی هەبوو خانوو یان زەوی و موڵك لە کەرکوك بفرۆشێت، بەڵام ئیتر نەیدەتوانی زەوی وخانوو بکڕێت چونکە تاپۆ نەدەکرا.

شەشەم: لەناوەڕاستی هەشتاکان بە دواوە، بەتایبەتیش دوای سەرنەکەوتنی دانوستانی حکومەت و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ڕژێم زۆر دڕندانەتر لە جاران کەوتەوە وێزەی ناوچەکانی دەورو بەری کەرکوك و کەوتە ڕاگواستنی هەموو گوندەکانی ناوچەکانی (سەرخاسەو، بیبانی و دەشتی ساڵەیی وشوان و تڕکەڵان و تۆپزاوەو کۆمەڵێکی تر) گوندەکانیشی تەخت کردو خەڵکەکەی لە چەندین ئۆردوگای زۆرە ملێدا لە دەوروبەری هەولێرو سلێمانی پەستا.

حەوتەم: لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨یشەوە ڕژێم دەستی بە شاڵاوەکانی ئەنفالە بەدناوەکان کرد و لەوەشدا گەورەترین شاڵاوەکان بەبەر ناوچەکانی کەرکوك کەوتن،لەگەڵ ئەو شاڵاوانەشدا ڕژێم لە ناو شاری کەرکوکدا ماڵ و خێزانێکی زۆری دەرکرد بە بیانۆی ئەوەی گوندنیشینەکانیان لە ماڵی خۆیاندا حەواندۆتەوە.

هەشتەم:دوا بە دوای داگیرکردنەوەی شاری کەرکوك و شکستە کاتییەکەی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یش،لە کاتی کۆڕەوەکەدا ،ڕژێم زۆر بە توندی کەوتە وێزەی کوردی کەرکوك و بە بیانۆی بەشداری کردن لە ڕاپەڕینی شاری

كەركوك و رزگاركردنی .سەدان كوردی گرت و دەركرد و راگواست،گیراوەكان تاكو ئێستاش بێ سەر و شوێنن.

نۆیەم:دوای دیاری كردنی هێڵی (٣٦)لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە كە شاری كەركوك ناگرێتەوە،رژێم باشتر دەستی والآ بوو بۆ دەركردن و راگواستنی كوردی كەركوك و دەوروبەری و هێنانی عەشیرەتە عەرەبە مەڕدارەكان بۆ باكوری خۆرهەلآتی كەركوك بە نیازی دروستكردنی پشتێنەیەكی ئەمنی بە دەوری كەركوكدا ئەویش بە دروستكردنی چەندین ئۆردوگا و خانوو دابەشكردنی زەوییە كشتوكالّیەكانی ئەو ناوچانە بە سەریاندا ،لەگەلّ چەندین ئیمتیازی تریشدا .

دەیەم:دوای دەست والآ بوونی رژێم بۆ زیاتر شێواندنی باری دیموگرافی كەركوك وپاكتاوكردن وراگواستنی بەردەوام و چڕوپڕكردنی شالآوەكانی گەیشتە ئەوەی بە زۆر كوردی كەركوك ناچار بكات كە ناسنامەیان لە كوردەوە بگۆڕن بۆ عەرەب هەركەسێكیش ئەوە نەكات كاری رایی ناكەن و دواتریش گوشاری دەخەنە سەرو دەری دەپەڕێنن.دیارە (تصحیح القومیە)لەراستیدا(تغیرالقومیە)یە رەفتارێكی شۆفێنیستانەی تری حكومەتی عێراقە كە لەگەلّ هیچ عورف و یاساو رێسا و نەریتێكی مرۆڤانەو نێو دەولّەتیشدا یەك ناگرێتەوە .لێرەدا وا پێویست دەكات كە لە ئاستی هەلّكشانی شالآوەكانی تەعریب وراگواستن لە دوای دەستنیشانكردنی هێڵی(٣٦)ەوە هەلّوەستەیەك بكەین و ئەو پرسیارە لە خۆمان و نێوەندە سیاسییەكان و نەتەوە یەكگرتووەكانیش بكەین كە بۆچی لەدوای



دیاریكردنی ناوچەی دژەفڕین و هێڵی (٣٦)ەوە لە لایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە،حكومەتی عێراق زۆر گەرمتر ،چڕتر،خێراترو بە گوڕتر لە پێشان كەوتۆتە شالآوی راگواستن و پاكتاوكردنی نەژادی كورد لە كەركوك بە تایبەتی و ناوچەكانی تری كوردستانیش بە گشتی؟!

لە هەموو بارەكاندا چڕو پڕو خێراتر كردنی شالآوەكانی پاكتاوكردن و راگواستن لە كەركوك و ناوچەكانی تری كوردستاندا حەقیقەتێكی تالّی حاشا هەلّنەگرە هەق وایە هۆكارەكانی دەست نیشان بكرێن و نەتەوە یەكگرتووەكانیش لەو راستیە تالّە بەردەوام ئاگادار بكرێنەوە كە چیتر بێ دەنگ نەبێ ، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە یەكدەنگی رای گشتی كوردی دروست بكرێت و بكرێتە كارتی گوشار بۆ هەلّوێست وەرگرتنی دەزگایەكی گرنگی نێو دەولّەتی وەك (UN)لەو سیاسەتە ترسناكە.

* * *

# كەركوك ....كاك رزگار پاكانە بۆ كێ دەكات ؟

(( لەپێش هەموو شتێكدا كەركوك بەم هەموو برینەوە بەرگەی ئەم هەموو ترۆمنەتە ناگرێت وخزمەتكردنیشی بەهەموو شێوەكانیەوە ئەركی هەمووكوردێكە،ئەگەر تۆزقاڵێك هەست وهۆشی كوردانەی هەبێت چ جای ئەوەی كە خۆی بە لێپرسراو دەزانێ )).

لەم رۆژانەدا ڕزگار عەلی سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك لەدیمانەیەكی تەلەفیزیۆنی كەناڵی ئاسمانی كورسات دا وەڵامی هەندێك پرسیاری دایەوە،ئەوەی جێی سەرنج بوو لە وەڵامی یەكێك لەپرسیارەكاندا زۆر راشكاوانە پاكانەی بۆ دەسەڵاتی كوردی و حكومەتەكانی هەرێم كرد كەزیاتر مەبەستی ئەوەی سلێمانی بوو ،گوتی((حكومەتەكانی هەولێرو سلێمانی هیچیان لەرووی یاساییەوە مولزەم نین كەپارە بۆكەركوك و پرۆژەكانی بنێرن ،بەڵام وەكو ئیلتیزامێكی ئەخلاقی ناردوویانە ))گوایە كەس هەقی ئەوەی نییە لۆمەی هەرێمەكانی كوردستان بكات لەخۆدزینەوەیان بەرامبەربەكەركوك و نابێ گلەیی و گازاندەیان لێ بكرێ . نازانم چی لەپشتی ئەم پاكانە و پاساوهێنانەوەیەوە هەیە،رەنگە بۆرازیكردنی سەرووی خۆی بێ لەحزبەكەیدا،یانیش بۆدڵدانەوەی حكومەتی هەرێمەكەی سلێمانی بێت،كە چەند رۆژێك پێشتر لە

٭لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە ١٧٠ رۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٥ دا بلاوكراوەتەوە.



بەرنامەیەكی تەلەڤزیۆنیدا نووسەریكی كەركوكی رەخنەی لێیان گرتبوو بە كەمتەرخەمی كردن بەرامبەر بە كەركوك..بەهەرحاڵ ئەوە خۆی باشتر دەزانێ بۆچییە؟!!!بەلام ئەم تێڕوانین و لێدوانانە ڕەهەندی زۆر خەتەرناكیان بۆ داهاتووی دۆزی كەركوك هەیە ،هەروەك چۆن لە تێوە ترنجاندنی بۆناو مادەی (٥٨)ی یاسای كاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بێ لێكدانەوەی ئاكامەكەی دوژمن توانی گومانی كوردی بوون و كوردستانی بوونی كەركوكمان پێ بكاتە ناوچوارچێوەیەكی یاساییەوە و دواتریش لەدەستووری هەمیشەییدا چەسپێندرا و وەكو هەنگوینیان لەدارا دۆزیبێتەوە ،كەوتنە زۆڕنا لێدان بۆدەستوورەكەو كەركوكمان دایە دەستی قەدەری راپرسییەك، كە تائێستا نەخۆمان بۆی ئامادە كردووە نەدەشتوانین خۆمانی بۆ ئامادەبكەین .

بابێمەوە سەر ئەو یاسا نایاساییەی كە كاك رزگار باسی دەكات و شەرعیەتی بێ دەنگی ودووره پەرێزی لەكەركوك دەداتە دەسەلاتی كوردی ، بۆیە ئێمەی كەركوكی دەپرسین ئەی ئەو كاتانەی كە رۆڵەكانی كەركوك لەهەموو كونج و گۆشەو پەنا بەرد و سەنگەرێكی ئەم كوردستانەدا ودوور لە كەركوك شەهید دەكران بە چ یاسایەك بوو!!!!؟؟؟

ئەو كاتەی كاك ئازاد هەورامی لە(شێخ ئایش) لەبناری قەندیلدا شەهید بوو،ئەو كاتەی كە پێشمەرگەكانی كەركوك لە تیپەكانی ٢١ی كەركوك و٢٣ی سورداش و ٢٥ی خاڵخاڵان و٥٧ی سەگرمە وگەڵێ تیپ و مەڵبەندوتەنانەت حزب و رێكخراوی تردا لەدوورترین شوێن و سەنگەری

کوردستان و تەنانەت کوردستانی رۆژهەڵاتیشدا لە گەرمەی هەڵمەتدا شەهید دەکران بە چ یاسایەك بوو!!؟؟؟

ئەی ئەوکاتەی کە شەهید(پاڵە)ی کادیروفەرماندە وقارەمان لەسەنگەرەکانی بادینان لەداستانێکدا شەهیدبوو،کەپێکەوە چوبوونە بادینان بەچ یاسایەك بوو ؟!!ئەوکاتەی کە رۆلەکانی کەرکوك لەدۆڵەکانی(باڵەییان ، پڵنگان ، شەهیدان ، مەلەکان ، بالیسان ، هیران ونازەنین، سماقولی، شارباژێر ، شارەزوور، پشدەر، بیتوێن ، دەشتی کۆیە وبەڕانەتی وهەولێر) لەسەنگەرەکانی پێشەوەدا شەهید دەکران بەچ یاسایەك بوو؟.ئەوە دانەدانەی داستانەکانی پێشمەرگە لەسەرتاپای کوردستان دا بە هەوێنی خوێنی شەهیدانی رۆڵەکانی کەرکوك تۆمار دەکران بەچ یاسایەك بوو؟؟؟!!

من نازانم کاك رزگار چەندە لەیاساو پابەندبوون بەیاساو کام یاسا دەدوێ ؟؟!!!لەکاتێکدا لەم ولأتەدا ئەوەی سەروەرنەبێ یاسایە ئەوەی پێشێل دەکرێ یاسایە،هەرچەندە لەراستیدا دەتوانین بڵێین یاسا هەرنی یە ،ئیتر بۆ لەبەدبەختی کەرکوکیەکان وپاکانە بۆ خەڵك کردن، یاسا وا قیتەوە بووە!!!؟

زۆرشت کران وکەس باسی یاسای نەکرد ،کەنەجەف و کەربەلا نۆژەن دەکرێنەوە بەچ یاسایەکە، کە پردی (ئەئمە) رووخا بەچ یاسایەك مردووەکانی نوقمی کۆمەك کران وتەنانەت لەهەرێمەکان وئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیشەوە شیوەنی دنیایان بۆکرا لە کاتێکدا خەمخۆری خۆیان هەبوو زۆر بەزیادیشەوە،کەچی ئاوارە لەقوڕگەوزاوەکانی ناو



فەیلەق ومەلعەبەکە و پەنجا عەلی وهتد زۆر لەپێش تر بوون ،کەچی تائێستاش نوقمی دەیان کێشە وگرفتن و کەسیشتان مێش میوانتان نی یە بەچ یاسایەکە !!!؟؟ئایا کەس لە حکومەتەکانی سلێمانی وهەولێر لەپرۆژەو نازو نیعمەتەکانی خۆیان گرتەوە ؟؟؟؟!!! ئەی ئەو ملیۆنان دۆلارەی سالأنە سەرکردەکانی کورد لەسەر حیسابی کوردو کەرکوك تەخشان و پەخشانی دەکەن بەچ یاسایەکە؟؟!!!

من تێ ناگەم ئێستا بۆچی تڕومنەتی (ئیلتیزامی ئەخلاقی) بەئێمە دەفرۆشن ؟؟!!کامە ئیلتیزامی ئەخلاقی رێگە بەوە دەدات کە بەبیانووی نایاساییەوە کەرکوك لە کوردستان دابرپێنرێت ؟!کامە ئیلتیزامی ئەخلاقی دەڵێ کاتێك پارەی پیاڵە چایەك (لەچاوئەوەی سلێمانی یەوە) بۆ کەرکوك خەرج بکرێ، منەتی یاساو نایاسایی و تڕومنەت کردنی تیا بکرێتە سەر ئەم کەرکوکە نوقمی خوێن و برینەی قوربانی ی کوردستان ؟؟!!لێرەوە دەمەوێ بە کاك رزگار عەلی و هەمووسەرکردایەتی کوردودنیاش بڵێم ئەوەی کە بەم تڕو منەتەوە بۆ ئەم کەرکوکە کراوە ،ناکاتە پارەی تەنیا یەك خانووی هەندێکیان،ناکاتە تەنیا یەك دلۆپێ خوێنی تەنیا یەك شەهیدێکی گومناوی کەرکوکیش . چ جای خوێن وقوربانی چەندین سەرکردەو فەرماندەو پێشمەرگەوزیندانی وهی تریش .

ئەوە کام یاسا یان ئیلتیزامی ئەخلاقییە وا لەسەرکردایەتی کورد دەکات کە کەرکوکی پەستایە ناو قۆزاخەی مادەی نەگریسی (٥٨) ودواتریش مادەی(١٣٦)ەوە کە دامانییە دەست قەدەری چاوەڕوانی خێر و سەدەقەی جەعفەرییەکانی بەغداوە و خۆیان لە ئەرکی لەپێشینەی سڕینەوەی

Kurdistannet کوردستان نێت

شوێنەواری تەعریب و تەرحیل و تەهدیمەکانی سەدام و جەعفەرییەکان بدزنەوە !!!؟؟؟

لەوانەش سەیرو غەریب تر ئەوەیە کە هەرکەسێکمان لەوپەڕی پەرۆشییەوە باسی بێ نازی کەرکوک دەکەین و دەڵێین کەرکوک لەگوندێکی گەورەی کۆن دەچێت ،یەکسەر هەندێ سەرکردە ولێپرسراو شێتگیر دەبن و هەڵدەبەزنەوە و دەکەونە هەڕەشەو گوڕەشەی نان بڕین و پاشەقولگرتن و ناو و ناتۆرەلێنانی خەمخۆرو نووسەران!!وبەیاسای جەنگەڵیش چەندین سزای مادی ودەروونی ئەوتۆی دەدەن و تاوانباری دەکەن .

لە کاتێکدا نەهێنانەوەی ماڵی زۆربەیان بۆکەرکوک ، باشترین بەڵگەی ئەوەیە کەخۆیان بەخاوەنی نازانن و بێزیان نایەت ماڵ و منداڵیان لەکەرکوک بخوێنن و بژین .

کاک عەلی ، کاک ئازاد ، سیروانەکان ئەنوەرەکان ، شوانەکان ، مامەڕیشە و هەڵۆکان و...و...وهەزاران شەهید ، گۆڕ هەڵتەکێنن و وەرنەدەرەوە وبڕوانن کە لەپەناوسایەی خوێنی ئێوەدا چۆن بەپاڵ پاساوی یاساو تڕومنەتی ئیلتیزامی ئەخلاقییەوە کەرکوک لەناو قوڕو لیتەی بێنازیدا زیاترنوقمی برین دەکرێ !!!!!!



# قەڵای کەرکوک شەهید کرا چیمان کرد؟!

یەکێك لە سەروەرییەکانی هەر نەتەوەو گەلێك شوێنەوارو مەعالیمە دێرینەکانیەتی .دوژمنایەتی و رەگەز پەرستی بەعسیەکانی بەغدا هەر لە سەرەتای دروستکردنی حیزبەکەیانەوە سەبارەت بە کوردو خاکی کوردستان سەرچاوەی گرتووە،هەر لەو رۆژەوە درێغییان لە شێواندن و سڕینەوەی گشت بنەمەکانی بوونی نەتەوایەتیمان نەکردووە.

ئێمەی کورد ئەزموونی زۆر تاڵمان لە گەڵ بەعسیەکاندا هەیە هەر لە کودەتا شوومەکەی شوباتی١٩٦٣وە،کە لە لای ئێمە بە (حەرەس قەومی)ناو دەبرێ،بۆ دووەم جاریش لە ساڵی ١٩٦٨وە بێ پسانەوە تا ئەمڕۆش درێغی یان لە گۆڕینی سیمای کوردانەی(هەر لە خانەقین ومەندەلی و هەتا کەرکووك و شەنگار) نەکردووە لە درێژەی ئەم رەفتارە شۆفینیستیانەیاندا قەڵای کەرکوکی داگیرکراویش لەم دواییەدا بە شێوەیەکی زۆر بێ بەزەییانە کەوتە بەر شاڵاوی سڕینەوەو شێواندن.

شەهیدکردنی قەلای کەرکوك بەڵگەی ئەو حەقیقەتەیە کە حیزبی بەعس لە سەرە مەرگیشدا دوژمنایەتی هەموو پیرۆزیەکانی کورد دەکات.بەڵگەی ئەوەیە کە چەندە دوژمنێکی سەرسەختەو تەنانەت دژی دارو بەردەکەی کوردستانیشە.رەفتاری شۆفینیستیانەی سەدام و داروەدستەکەی بە

---

⋆لە گۆڤاری شەهید ژمارە(٥)ی ئایاری ١٩٩٩ دا بلاوکراوەتەوە.

رووخاندن و شێواندنی یەکێك لە کۆنترین قەڵاکانی لانکەی شارستانی ، دەڤەری میسۆپۆتامیاو رۆژهەڵات وهەموو دونیاش ، بریندار کردن و خوێن وبەربوونی مێژووی کوردو کوردستان نییە بە تەنیا،بەڵکو چەندە کوردی پێ بریندارو نەزیف دەبێ هێندەش بەهاکانی مرۆڤایەتی دەڤەرەکەو فولێتی رەگی شارستانیانەی رۆژهەڵاتی ناڤینی پێ دەڕووشێ هێندەش کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەخاتە بەردەم گەورەترین سەر زەنشتەوە.

هەرچەندە کەم دەنگی کورد لە ئاستی ئەم تاوانە زێدە گەورەیەدا،لە بێ دەسەڵاتی و دامانیەتی ،لەخۆ بەکەم زانین ونا هۆشیارییەتی لە کێشی دۆزە رەواکەی،بەڵام مانای ئەوە نییە کە کورد بە گشتی و لە عێراقیش بە تایبەتی و هەر لە حیزب ورێکخراوو گروپە سیاسیەکانەوە،هەتا رۆژنامەنووسان و ئەدیب و نووسەرو شاعیران و باقی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵی کوردەواری ،هیچیان پێ ناکرێ بە شێوەیەك لە شێوەکان،بە قەڵەم،خۆپیشاندان، یاداشتنامەدان بە هەموو دونیا(UN)یش.

هەقی وایە هەموو تاکێکی کوردو هەرکەسێ بە پێی کێشی خۆی و لە جێگەی خۆیەوە بەرپەرسیارەتی و وروژاندنی ئەم تاوانە لە ئەستۆ بگرێ و بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بزانێت کەچی بە داخەوە نەك وروژاندنی وەکو تاوان لە بەر چاوی دەرەوەو جیهان،بەڵکو لە ناوخۆشدا هێندەی پێویست گوێ نەدرا پێی.جگە لە چەند هەوڵێکی بچووکی رووناکبیرانی کەرکووك بۆ وروژاندن و خستنەڕووی تاوانی تێکدان و شێواندنی رەمزی کوردانەی شاری کەرکووك زێدی دێرینی کوردەواری ،کەسی تر متەقی نەکرد،ئەمەش نیشانەی لاوازی هەست وهۆشیاری



نەتەوایەتی ونیشتیمانییە لەلای زۆربەی کوردەوارییەوە.هەستێك تەنانەت تاکو ئاستی داکۆکی کردن لە حزبایەتی تەسکیش هەڵ نەکشاوە،کە گوزارش لە بەرژەوندی گروپێك دەکات.

ئەوەتا زۆر ئاساییە گەورەترین شەڕو نا ئارامی کە بەرەو چارەنووسی نادیار ڕامان دەپێچێ ، لە سەر ریزە دوکانێك یان لە لا کۆڵانێك روو بدات.کەچی سەروەرترین مێژوومان بە دڕندانەترین شێوەو لە بەر چاوی هەموو دونیاو بە رۆژی رووناك سەر دەبڕدرێ ،کەچی هێندە ساردو سڕین بە دەیەکی حیزبایەتیەکە ،نە قەڵەم خرۆشا نە هیچ کۆڕو سمینارو هاوارێکیش جۆشێکی سەند.تۆ بڵێی ئەوە هەر خەمی چەند کەسێکی ئاوارە بێت ،یان نەبەکامی هەست و هۆشی نەتەوایەتی بێت و نەگەیشتبێتە ئاستی پێویست و هێشتا کیسەڵ ئاسا لە دامێنی هەست و هۆشە ناوچەییەکانەوە بە کووڕە کووڕ دەجووڵێ ؟! تۆ بڵێی ئاسنی سارد کوترابێ،یانیش هەر پاشەکشەمان کردبێ و تەسلیمی دیفاکتۆی داهێنراوی دەستی دوژمنان بووبین،ئەگینا هەر بە ئاوڕدانەوەیەك فرمێسکی کەرکووك دەبینین کە چۆن بۆ مەملەکەتە بچووکەکەی شێخی نەمر ڕچکەی دەگرت،سلێمانیمان دێتە بەرچاو لە گەڵ دەستە خوشکەکانی دا بۆ تەرمی کۆماری ماهابادی شین و شەپۆڕیان دابەستابوو، خۆ ئاوڕێکی نەختێ دوورتر شێخی نەهریمان پیشان دەدات شیوەنی هەموو رۆڵەکانی کوردستانی گەورەمان لە دامێنی لاپەڕەکانی مێژوودا دەخاتەوە بیر،ئەی ئێستا دەبێ قەڵای هۆلاکۆ بەزێن چۆن پشتی بچەمێتەوە بۆ کۆستی خوشکە قەڵای ئاراپخای دوا ئارامگای دانیال پێغەمبەر.

به هەرحاڵ هەست و هۆشی نەتەوایەتی بە لاوانەوەو سەردولکە ، نە دروست دەبێ ، نە گەشەش دەکات، بۆیە دەبێ لە گەمەی ترسناکی سڕکردنی هەست و هۆشی نەتەوەیی و نیشتیمانی بێدار بینەوە، کە دوژمنانمان لە سەر مێزێکی رەنگین دەیخەنە بەردەم سیاسەتمەدارانمان و توێژە رووناکبیرەکانیشمان دەبنە تەمەشاکەر (متفرج)ی ئەو گەمە سامناکە.

رووخاندنی شوێنەوارو شێواندنی سیمای دێرینی کوردانەی قەڵای کەرکووک زەنگێکی ترسناکی چارەنووس سازە بۆ هەموو کوردێك کە لاقی کوردایەتی لێدەدات ، ئەگەر لەم کارەساتەدا قەڵەمەکان نەخرۆشێن ،شانۆکان نەجۆشێن رقەکان گڕ نەگرن ،مێژوو چیمان پێ دەڵێ،نەوەکانمان بە کوێماندا هەڵبڵێن ؟!چی بۆ رووسپێتی مێژووی خۆمان و شانازی رۆڵەکانمان جێ بهێڵین؟!.ئەگەر شەرەفخانی بەدلیسی و حوزنی موکریانی و زەکی بەگ و قاسملو لە مۆڵەتێکدا هاتنەوەچاوی ئازادی و سەرفرازیمان ماچ بکەن؟چییان پێ دەڵێین ؟چۆن ئارەقەی شەرمەزاریمان بسڕینەوە؟.



# کەرکوك لە نێوان پیلان و خەمساردیدا

مێژووی شاری کەرکوك هەرلە کۆنەوە پڕ بووە لە پیلانگێڕان دژی و هەوڵی سڕینەوەی سیمای کوردانەی دراوە ، لەپێش ئەوەی عارەب بەچڕی هەوڵی عارەباندن(تعریب)ی بدات و بەنیازی گۆڕینی باری دیمۆگرافی شارەکە ، عارەبی بۆ بهێنێ ، تورك لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتی عوسمانیدا هەوڵی چڕوپڕی داوە بۆ نیشتەجێکردن وهاوردنی تورکمان ، عوسمانییەکان نرخی هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی کەرکوکیان باش دەزانی ، بۆیە بەهەزاران تورکمانیان بەخێزانەوە بۆ تورکاندن (تتريك)ی کەرکوك وناوچەکانی دەوروبەری هێنابوو ،جگە لەوەش بەدرێژایی دەسەڵاتی عوسمانییەکان ودواتریش پاشماوەکەیان بەهۆی زاڵبوونی بیری تۆرانچێتییەوە بەچەندین شێواز هەوڵی گۆڕینی باری دیموگرافی کەرکوك و دەوروبەریان داوە . تاکو ئەم دواییانەش تورکمان بەمەرجێ ئامادەبوون کچی خۆیان بدەن بەکورد ، کەببێتە تورکمان و خۆی بەتورکمان بزانێ . ئەم رەفتارانەی تورکمان ئەگەر دەسەڵاتیشیان نەبووبێ بەهۆی زاڵبوونی بیری شۆڤێنیستانەیانەوە لەڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە بەسەدان کوردی نەفس نزم و خۆپەرستیان کردە تورکمان (ئەو کەسانەش با هەر پیرۆزی ئەوان بن) .

عارەباندن(تعريب)یش هەرچەندە لەکوردستاندا مێژووەکەی بۆ سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەگەڕێتەوە ، بەڵام سەبارەت بەکەرکوك و بەو شێوازە نوێیانەو بەو چڕوپڕییە و بەمەبەستی گۆڕینی باری دیموگرافی شارەکە ، لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لەبیستەکانی سەدەی بیستەمەوە ، بەتایبەتیش لەدوای دۆزینەوە ودەرکردنی نەوت لەکەرکوکدا ، بەبیانووی هێنانی کرێکار و فەرمانبەر و پۆلیس و سەربازەوە سیاسەتەکە پەرەی پێدرا و تەشەنەی کرد، بێجگە لەوانەش زۆر لە عەشیرەتە عارەبەکان بەهۆی لەوەڕگاو هەندێکیشیان بەهۆی دوژمندارییان لەگەڵ عەشیرەتی عارەبی تر هاتنە ناوچەکانی حەویجە و دەوروبەری کەرکوك و کوردیش بەسینگی فراوانەوە داڵدەیانی داوە ، وەکوعەشیرەتە عارەبەکانی (عوبێدی و حەمدانی ).

سیاسەتی عارەباندن لە دوای کودەتا شوومەکەی ١٧ای تەمموزی ١٩٦٨ لەسەردەمی رژێمی بەعس و بەتایبەتیش لە کاتی حوکمی سەدامدا گەیشتە ترۆپك ، بەرووخاندن و شێواندنی قەڵای کەرکوك و تەنانەت گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بۆ عارەب بەناوی (تصحيح القوميه) وە کەلەراستیدا(تغيرالقوميه)یە ، ئەم شێوازی تواندنەوەیە لەبۆتەی نەتەوەی داگیرکەردا ، پێم وایە هەموو ئاکار و رەوشت و بەهاو پرانسیپەکانی مرۆڤی بەزاندووە .

هەموو ئەمانە جگە لە کوشتن و برین و زیندانی و زیندە بەچاڵکردن و گۆڕی بەکۆمەڵ و ئەنفالی بەدیش .



دەشێ تەنها ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان بە جینۆساید لە قەڵەم بدرێن ، واتە سڕینەوە و لەناوبردن وقەلاچۆکردنی نەژادو نەتەوە و میللەتێك بە هەموو مرۆڤ وکەلتوور ومێژوو وبوونیەوە .

ئەم هەموو سیاسەتە گلاوو نەگریسە دژە مرۆڤانە پڕجینۆسایدەی کە بە هەزاران تەون و نەخشە و پیلان پیادەو جێبەجێکراون ، کەرکوکیان بەدەیان ساڵ لەڕەوتی گەشەکردن و پێشکەوتنی سروشتی خۆی داوەتە دواوە و وای کردووە بەدرێژایی ئەومێژووانەی کەدوژمنانی تورك و عارەب چاویان تێ بڕیبوو، کوردەکەی هەمیشە هەر کۆڵبەکۆڵ و نەحەساوە بێت و هەمیشەش بەئاگاو دەست لەسەر پەلەپیتکەو چەکی خۆپاراستن و داکۆکی کردن لەمان و بوونی خۆی بێت.

هەموو ئەو پیلان و سیاسەتانەی ئەو دوژمنانە بەسەدان هەزاران ڕۆڵەی کورد بوونەتە قووربانی و بەخوێن و سەرو ماڵی کوردی خێر لەخۆ نەدیوی ئەم شارەو ناوچەکانی دەوروبەری ئەو هەندە مۆرك و سیماکوردانەیەی کەپێوەی ماوە، هێڵراوەتەوە و پارێزراوە و بەو هەموو خوێن و خەباتەی کوردەکەی ئەوەی ماوەتەوە پارێزراوە و لەفڕکردن ولەناوچوون و سڕینەوە ڕزگارکراون تاکو ئێرە دوژمن پێمانی کردووە، ناشکرێ لەوەزیاتر لەهەگبەی دوژمناندا چاوەڕوان بکەین!.

بەڵام ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەر کردن و تێڕامان و ورد بوونەوەیە، هەڵسوکەوت و ڕەفتار و مامەڵەی دەسەڵاتداران و حزبە خاوەن بڕیارەکانی کوردستانە، بەپلەی یەکەم پارتی و یەکێتی لەماوەی ئەم سێ ساڵەی

ڕابردوودا ،کەدەکرێ قسە و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بکرێ وڕاستگۆیانە تاوتوێ بکرێ ، تاکو بزانین چەندەی دوژمن بەکەرکوکی کردووە، چەندەش ئەوانەی خۆمان لە ماوەی ئەم سێ ساڵەو لەم هەل و دەرفەتە مێژووییە زێڕینەدا بەم شارەیان کردووە، خەمساردیبووە، یان خەتاو گوناهی بێ باکی و بێ دەربەست بوون، یان کاڵ و کرچی هەست وهۆشی نەتەوایەتی و ئینتیمای نەتەوەیی ونیشتیمانییانە ، کەکار گەیشتۆتە ئەوەی کەرکوک لەجیاتی رزگار و ئازادکردنی تەواو ، تادێ رەوشەکەی بەرەو خراپتر بچێت و عارەبیش لە جیاتی بەخۆداچوونەوە و پەشیمانی وداوای لێبووردن لەکورد وبەجێهێشتنی بێ شەڕو بەئاشتییانە . رۆژ بەرۆژ سەنگەرمان لێ توند تر دەکەن و زیاتر درێژە بەو سیاسەتە نەگریسانەی سەدا م وبەعس کە دەرهەق بەکەرکوک کردوویانە، دەدەن .

دەبێ بۆچی پارتی و یەکێتی و تەنانەت خەڵکی کەرکوکیش ئاوا خەمساردانە رووداوەکان رایان بماڵێ ، کەچی بێ دەنگ وبێ هەڵوێست بن ؟؟!!

تاکەی خۆشباوەڕی و خەمساردی دەرفەت و هەلە مێژووییە زێڕینەکانمان لەدەست بدەن و دوای بەسەرچوونیان ئینجا پەنجەی پەشیمانی بگەزین!!؟

تاکەی خاوەخاو و ساویلکەیی لەسیاسەتدا بەدبلۆماسیەت بزانین وماڤ تۆڵە سەندنەوە و وەرگرتنەوەی مافەکانمان لەدەست بدەین !!؟

با لەیەکەم وێستگەی دەست پێکردنی هەڵەکانی خۆمان لەدوای ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراقەوە دەست پێبکەین ...



لەیەکەم سەردانی سەرکردەی خاوەن بڕیارو گەورە مام جەلال بۆکەرکوک لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کەهێشتا تەپوتۆزی رووخانی سەدام ورژێمەکەی بەتەواوی نەڕەوی بووەوە لەناو پارێزگای کەرکوک و بەبەرچاوی هەموو کەناڵە ناوخۆیی و جیهانییەکانەوە کۆمەڵێ قسەی ئەوتۆی کرد کەدواتر رەنگدانەوەی زۆر خراپیان بۆ سەر رەوشی کەرکوک هەبوو ، ئەویش فوودان وگەورەکردنەوی قەبارەی تورکمان وپیاهەڵدانیان بەشێوەیەک کەتورکمان خۆیان سەریان سوڕمابوو گووتی((برا تورکمانەکان زۆرلەکورد زیاتریان پێکراوە وزیاتر ئازارو ناخۆشی و دەربەدەرییان بەدەستی رژێمی بەعس وسەدامەوە چێشتووە )) ئەمەش نەک هەر وانییە ، بگرە دەیەکی کوردی کەرکوکیان بەسەرنەهاتووە ، بۆیە لەدوای ئەم قسانەوە تورکمان با چووە کەوڵیانەوە و خۆیان لەکورد بەمەغدورتر زانی و داوا و مەرجەکانیشیان زۆر لەقەبارەی راستەقینەی خۆیان زیاتر بوو کە تا ئێستاش کێشە وسەرئێشەی بۆکورد دروستکرددووە. لەدابەشکردنی پۆستەئیدارییەکانی ناوپارێزگای کەرکوکدا. ئەم گەورەکردنەوەیەی تورکمان وای لێیانکرد کە نەک هەر چاویان واقیع و راستییەکان و قەبارەی راستەقینەی خۆیان بەرێژە وئەندازەی خۆیان نەبینن ، بەڵکو بەرەنگاری هاتنەوەی کوردی ئاوارە و دەرکراوی کەرکوک ببنەوە و باوەڕ بە رێژەی کوردی ئاوارەو دەرکراوی کەرکوک نەکەن وخۆیان لە هەموو کەس بە موستەهەق تر بزانن بۆ خاوەندارێتی کەرکوک .

هەر ئەو فوودان و گەورە کردنەوەیەش بوو کە دەوڵەتی تورکیای کەمالیستی هاندا هەق بەخۆی بدات کە دەست لە کێشەی کەرکوک

وەربدات و باوەڕ بە درۆ شاخدارەکانی جەبهەی تورکمانی بکات سەبارەت بە ژمارە وریژەی تورکمان .چونکە قسە و لێدوانی کەسی وەکو مام جەلال (سەرکردە و سیاسی و بڕیار بەدەست) وەکو دیکۆمینت سەیری دەکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ !!!!!!!

ئەو قسانە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە سەر قەڵەوبوون وبەهێزبوونی جەبهەی تورکمانی کرد ، بەوەی کە تورکمانێکی زۆر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە بەو دروشم و قسە نادروست وناواقیعییە توندڕەوانانەیان باوەڕبکەن و بکەونە دوایان .

سەرەنجام بەرەی تورکمانی ئەو قسانەیان بەئاراستەیەکی ئەوتۆ قۆستەوە کە نە مام جەلال بەونیازانەوە کردبوونی ، نە خزمەتی تەبایی نێوان کوردو تورکمانیشی کرد . گەورە بوونی بەرەی تورکمانی لەکەرکوك زۆر لەو ئامانجانەی هێنایەدی کە ڕژێمی بەعس لەماوەی زیاتر لە٣٥ساڵ هەوڵی دڕدۆنگی و ناتەبایی نێوان کورد وتورکمانی دەدا ودنەی تورکمانی دەدا دژی کورد و هەوڵی دەدا کەرووداوەکانی ساڵانی دوای کودەتاکەی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسم بەتایبەتیش ئاژاوەکانی ساڵی ١٩٥٩ بە سەر کوردا بشکێنێتەوە و کورد وتورکمان تێك بەردات ، تەنانەت دروست کردنی هەردوو پەیکەری ئاوچییەکان لەناو کەرکوك لەلایەن ڕژێمەکەی سەدامەوە بۆ هەمان مەبەست بوو ، کەئەمڕۆ بەرەی تورکمانی زۆر بە تۆخی لەسەر ئەو ژێیە کاردەکات .

بەرامبەر بەوقسانەش کە درایە بەرگوێی هەموو دنیا ، ئینجا کاربەدەستەکوردەکانی کەرکوك زۆربەیان هاتن بە شێوازێکی تری خراپ



مامەڵیان لەگەڵ تورکماندا کرد کە لە کێش قەبارەی خۆیان کەمترە ، ئیتر لەهەردوو بارەکەدا (گەورە کردنەوە، بچووك کردنەوە)ی قەبارەی ڕاستەقینەی تورکمان هەڵسەنگاندنێکی ناراست و نادروست بوو، کەلە ئەنجامیاندا ئەو دڕدۆنگی و گرژییەی چارەسەر نەکرد ،کەپێشتر لەنێوان کورد وتورکماندا هەبوو بە ئێستاشەوە .

بەشێکی تری ئەو قسانەی مام جەلال کە گاریکەری ناڕاستەوخۆی نێگەتیڤی لەکەرکوك دا لێکەوتەوە ، بەکارهێنان و داتاشینی زاراوەی (عەرەبی ڕەسەن) بوو، کەلەراستیدا هیچ عارەبێکی ڕەسەن لە کەرکوکدا بوونیان نییە ، بەلاَم کۆن وکۆنتریان هەیە کەنەدەبوو بە ڕەسەن ناوزەد بکرێن ، (گوتارێکی تایبەتیشم لەم بارەیەوە لەرۆژنامەدا بلاَوکردەوە و لەم کتێبەشدا نووسیومەتەوە ) .

لەراستیدا من بزانم بەکارهێنانی زاراوەی عارەبی ڕەسەن لەلایەن مام جەلالەوە بەمەبەستی جیاکردنەوەیان بوو لەو عارەبە دەهەزارییانەی کەرژێم هێنابوویانیە کەرکوك ، بەلاَم خەتەرناکی لەوەدایە ئەم زاراوەیە لەسەر خۆمان بکەینە ماڵ و لەشەقامی کوریدا بلاَوبێتەوە و بەکاربهێنرێ!!!

چونکە بەرەسەن ناساندنی عارەب لەکەرکوك خەتەرەکەی لەوەدایە، بەزمانی خۆمان شەرعیەت بەو عارەبانە بدەین کەلەسەردەمانی پێشوودا بەهەمان مەبەست هاتوون یا هێنراونەتە کەرکوکەوە !!ئەمەش دیسان زۆر لەعارەبەکانی شارەکەی خستە خانەی خاترجەمییەوە و بوونە پشت وپەنا وداڵدە بۆ ئەوانی تر (دەهەزارییەکان) ڕەنگە ئەو خاترجەمییەش

وایکردبێت کەعارەبی حەویجە ئاوا بێ باکانە هەموو کورد لەوێ لە زێدی باوك وباپیریان دەربکەن ودەیانیشیان زۆرنامەردانە ودڕندانە لێ شەهید بکەن .

ئینجا لە هەموو ئەوانە خەتەرناکتر شەڕە پەڕۆی یەکێتی وپارتی وحزبایەتی کردنی هەموو حزبە کوردییەکان بوو لەسەر حیسابی کەرکوك ، ئەوەش بە دالّدە وپەنا دانی عارەبی هاوردە و ماوردە بە تەزکیە و نامەی پشتگیری بۆیان ، لەجیاتی تۆلەکردنەوە لێیان و هەرنا دەرپەڕاندنیان بۆ شارو گوند و بیابانەکانی خۆیان . ئەمەش بووە پەرژین و دیوارێك کە کوردی شارەکە دەستیان نەگاپێیان ، یانیش لەبەر خاتری ئەو حزبانە دەسیان ساردەوە بێت لە تۆڵە و هەوڵی سەندنەوەی ماڵو زەوی و مافە زەوتکراوەکانیان .

لەپاڵ ئەوانەشدا حزبەکان پەیمان وبەڵێنی زۆری درۆیان بەکوردی کەرکوك و ئاوارە و دەرکراوەکانیدا بۆ بەشێنەیی وبەیاسایی سەندنەوەی زەوی و ماڵە داگیر و دەست بەسەرداگیراوەکان بۆیان ، کەتا ئێستاش هیچیان نەك هەر جێبەجێ نەکران ، بگرە پشتگوێش خران و لەبیریش کران .

با لەوساردکرنەوەی جۆش خرۆشەی کوردی کەرکوك گەڕێین بۆپاککردنەوەی کەرکوك لەهەموو چڵك وکێمێکی تەعریب کە بەداخەوە بەڵێن و قسە ودروشمەکانی پارتی و یەکێتی بوونە هۆی و لێی بەرپرسیارن .



من بەش بەحاڵی خۆم دالّدەو پەنادانی هەر عارەبێکی هاوردەی دەهەزاریی تەنانەت بە نامەیەکیش بێت بە خیانەتێکی گەورە دەزانم کە یەك لێکدانەوە زیاتر هەڵناگرێت ،ئەویش رازی بوونە بە هاتنیان و سیاسەتەکانی بەعس و سەدام دەرهەق بە کەرکوك ، کەبە داخەوە هەموو حزبەکان کردیان ئیتر بەهەر پاساو و بیانوویەکەوە بێت .

ئەم دالّدەدان و هاوسۆزی نواندن و پشتگیری کردنەی عارەبی هاوردە لەلایەن حزب و کەسایەتییە کوردەکانەوە ، گەورەترین خزمەتی پیلانەکانی رژێمەکانی پێشوو کە دەرهەق بەکەرکوك وکوردستانێتی کەرکوك کراون ، کردووە . هەر ئەوەش بووە هۆی هەڵگێڕانەوەی هاوکێشە سیاسییەکان کە دەبوو ١٠٠٪ بە قازانجی کورد بکەوتایەتەوە.

هەرئەوەش بووە مایەی تێکشکانی هەیبەت و سام و ترسی پێشمەرگە و کوردی ئاوارەو خاوەن هەقی شاری کەرکوك لە دڵی ئەو عارەبە داگیرکەرە هاوردانەی کە ئێستا لەجیاتی بدرێنە دادگاو دەرکرێن، ئەوە ئەگەر نەشکوژرێن، کەچی ئەوان دەمانکوژن و تیرۆرمان دەکەن و بەرەیان لەگەڕەکەکانی خۆیاندا لەدژی کوردی کەرکوك کردۆتەوە.

هەرئەو دالّدەدان و هاوسۆزی و لێبوردنە ساویلکانەیە بووە هۆی ئەوەی کەعارەب لەبەغدا گوشار بخاتە سەر کورد و بەوە رازی بکات کەدەبێ چارەنووسی کەرکوك بەراپرسی یەکلایی بکرێتەوە و بپەسترێتە ئەو قۆزاخە تەسك و تەنگەوە .

جگە لەوانەش هەڵپەی خۆدەوڵەمەندکردن وخۆخەریك کردنی زۆرلە کاربەدەستانی کەرکوك بەکاری لاوەکییەوە ، کەدێتە سەر کێشەو هەوڵ

وپیلانی عارەبیش لەشارەکە لەجیاتی ئاگادارکردنەوە و وریاکردنەوەی کوردی شارەکەو ئامادەکردنیان بۆ هەر ئەگەر و پێشهاتێك ، کەچی راستییەکانمان لێدەشارنەوە و خۆڵ دەخەنە چاوی کوردەکەوە و ناهێڵن لەراستی رووداوەکان بە ئاگاو وریابین ، بەڵکو زۆرجار رووداو وگرژی بارو دۆخە راستەقینەکەی کەرکوك لە هەردوو سەرکردایەتی دەشارنەوە و بۆئەوەی خۆیان لۆمە و سەرزەنشت نەکرێن لەلایەن سەرکردایەتییەکانیانەوە .

چەندین جار هەوڵی دامرکاندنەوە و خامۆشکردنەوەی رق وقین و جۆش وخرۆشی کوردی کەرکوکیان داوە و بەبەڵێن و پەیمانی درۆ هەڵچوونە جەماوەرییەکانیان لەبار بردووە و ئەمەش بۆتە مایەی دروست بوونی تێڕوانینی ئەوتۆ کە کورد بێدەسەڵات و لاواز و ساویلکەیە وبیرلەتۆڵە ناکاتەوە و وەکو ساردکردنەوەی هەڵچوونەکانی خەڵك لەکاتی هێنانەوەی تەرمی چوار شەهیدەکەی سامەڕڕاو شەهیدانی حەویجە و تیرۆرکردنی دەیان بەرێوەبەرو کاربەدەستی کوردی شارەکە و هەر ناڕەزایەتییەکی تر لە دژی ئەوکارانەی کەهەیبەتی کوردی لەکەرکوك پێ شکابێت .

دەستەوەستانی حزبە کوردییەکان و کاربەدەستەکانیان لەکەرکوك لە ئاست سنووردانان بۆئەو هەموو زۆرداری و پادرێژییەی عارەب و هەندێ جاش تورکی نەژاد پەرست دەرهەق بەکوردی کەرکوك و درێژەو نوێ بوونەوەی عارەباندن(تعریب) . بۆتە مایەی بێزاری وترس و دڵەڕاوکێی کورد و کەوتنە هەڵوێستی بەرگری کردنەوە . لە کاتێکدا هەموو عارەب بەکۆن ونوێ و دەهەزاری ومەهەزارییەوە لەترسا کەرکوکیان چۆڵکرد، چونکە



دەیانزانی چییان بەکورد کردووە ، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی بە پشی پشی حزبەکانی خۆمان هاتنەوە و داڵدە دران ئێستا لەهەڵوێستی هێرش و هەڵکوتانە سەر ئێمەن و بەهۆی بێ نموودی وبوودەڵەیی دەسەڵاتی کورد لەشارەکەدا لەجیاتی ئەوەی بە سزای خۆیان بگەیەنرێن ودەرکرێن ، وائەوان راومان دەنێنەوە و دەشمانکوژن و رۆژ بە رۆژیش باشتر خۆیان ساز دەدەن بۆ راماڵینی کورد لەناو کەرکوکدا.

هەموو ئەو هەڵگەڕانەوەی هاوکێشانە لە سۆنگەی کەمتەرخەمی و خەمساردی حزبەکانی خۆمان و بێ نموودییانە ، خۆزگە لەناو خۆشماندا ئاوا کزو لاواز و بێدەسەڵات بوونایە بۆگیانی یەکتر!!!

سەیرو سەمەرەی پرسەکە لەوەدایە، لەکاتێکدا رژێمی بەعس بەو هەموو دڕندەییەوە لەکەرکوك بوو ، کورد لێی دەردەکراو راوەدوو دەنرا ،کەچی بەرێکخستنی نهێنی ناوشارو پێشمەرگایەتی پارتیزانییەوە ، کورد لەکەرکوك بەسام و هەیبەت تر وسەنگینتربوو ، عارەب و تورکمان و هەموو دۆست وناحەزانیش هەزارو یەك حیسابیان بۆ دەکرد ، کەچی ئێستا ئەو هەموو دامودەزگاو بارەگای حزب و چەکدارو تەنانەت پۆلیس و سەربازو پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگاو سەرۆکەکەشی کوردە و ئینجا دەیەکی جاران شکۆ و هەیبەتمان نییە و سڵمان لێناکەنەوە و لەکەڵەگایی خۆیان بەردەوامن !!!!

ئایا ئەمە هۆی چییە؟؟؟!!! تاکەی دەخایەنێ و بەرەو کوێمان دەبات ؟؟؟!!! وتاکەی لێی بێدەنگ دەبن . کە کەرکوکمان دۆڕاند!!!!!؟؟؟؟ کە کارلەکارترازاو هەل ودەرفەتەکانمان بەتەواوی لە دەستچوو ، کە

بەداخەوە زۆری چووە و کەمی ماوە ئەوە ، ئەگەر بەبەریەوە مابێ وفریای ئەوە بکەوین کەماوە . دڵنیاشم چەندە پێرار ئەرکەکانمان لەپارو پار لەمساڵ و پێرێ لە دوێنێ و دوێنێ لەمڕۆ سووك و ئاسان و سادەتربوون ، دڵنیام کە رۆژ بە رۆژ کارەکان ئاڵۆزتر و ئەرکەکانمان قورستر دەبن . تاکو زووتریش بەخۆماندا بچینەوە و فریای کەرکوك بکەوین درەنگە و درەنگە و درەنگە!!!!؟؟؟؟.

★ ★ ★



## کوردی کەرکوك .......خۆتـان کەرکوك ئـازاد بکەن

((دەشێ ئەم نووسینە وەکو بیرۆکەی پرۆژەیەك سەیر بکرێ ، بابەتێکە بۆ گفتوگۆکردن و خزمەتکردنی دۆزی کەرکوك ودۆزینەوەی رێگەچارەی دروست بۆزووتر چارەسەرکردنی و دروستکردنی رای گشتی بۆ گوشاری زیاتر بۆسەردەسەلاٌتداران ورێگەنەدان بە سازشکردن و خاوە خاوی زیاتری هێزو حزبە کوردییەکان وبوارنەدان پێیان بۆ لەپریاسکەنان ودواخستنی،ئەمەش بۆ دژایەتیکردنی هیچ حزب وهێزێك نییە،با کەسیش نە لەدژی ونە لە پەناشیدا بەتەمای خواردنی نان و پیاز نەبێ پێوەی.تەنها لەو بێ ئومێدییەوە سەرچاوەی گرتووە کە باڵی کێشاوە بەسەرشەقامی کوری لەم شارەدا )).

شاری کەرکوك هێشتا هەر داگیر کراوەو هێشتا تەواو ئازاد نەبووە هەرچەندە بەرووکەش ، هەندێ پۆستی ئیداری شارەکە بەدەست حزبە کوردییەکانەوەیە ،بەلاٌم ئەوان تاکوئێستا نەیانتوانیوە دێوەزمەی

★ لە هەفتەنامەی کەرکوکی ئەمڕۆ ژمارە ١١٤ی رۆژی ٢٠٠٦/٥/٩دا بلاٌوکراوەتەوە.

تەعریب راوبنێن و هەوڵی سڕینەوەی شوێنەواری سیاسەتەکانی سەدامیشیان بەجیددی نەداوە.ئەوەتا زیاترلە( ٧٠٠٠) خێزانی عارەبی هاوردە دەیانەوێ بۆ ناوچەکانی خۆیان لە خوارووی عێراق بگەڕێنەوە،کەچی سەرکردایەتی کورد ئامادە نییە دەسبەرداری بڕێك پارە بێت و چاوی لەدەستی بەغدایە پارە بداتە عارەب و بیاننێرێتەوە !!!!!!!؟؟؟؟؟

ئەگەرچی دڵنیاین کە هیچ عارەبێك نەلەبەغدا و نەلەدەرەوەی بەغداش ئامادە نین پارە بۆ ناردنەوەی عارەبی هاوردەی ناوکەرکوك خەرج بکات بەنیازی بەجێهێشتنی کەرکوك، ئەگەر بەتەمای ئەوەش بین ئەوە فێڵ لەخۆمان وخەڵکەکەی خۆشمان دەکەین ، بێ لەوەش نەیانتوانیوە وەکو پێویست خزمەتی کوردستانێتی کەرکوك بکەن وموجامەلەی دوژمن وناحەزانیش سەرباره .

ئەوەتا لە جیاتی هەڵاتن و چۆڵکردنی کەرکوك و هەڵوێستی بەرگری وداواکردنی عەفو لەکورد ، هەندێ لەعارەبە هاوردەکان ، کەوتوونەتە کورد کوشتن و داڵدەدانی تیرۆریستان .

ئەمەش لەسۆنگەی لاوازی و بوودەڵەیی وبێ نموودی دەسەڵاتی کوردییەوەیە لەشارەکەدا،وای کرد کە هەیبەتی کورد بشکێ ، کە بەپاساوی (سەردەمی توند وتیژی بەسەرچووە و بەیاساو سیاسەت مافەکانتان وەردەگرینەوە و...هتد. )ئاوارەیان بەرووت ورەجاڵی و بێ سەنگ و لەناو کەلاوەوچادرگە پیشانی عارەب و جەبهەی تورکی داو بە مەکەن مەکەن و وانابێ و راوەستن،گوڕو تین وتوانای کوردی کەرکوکیان خەساند!!.



بەهەرحاڵ ، ئەوەی لێرە مەبەستمە تیشکی بخەمە سەر، زەنگێکە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ کەرکوك بکەنە مارکێت و گیرفانیانی پێ گەرم بکەن و هۆشیارکردنەوەیانە لەو گوناه وتاوان و کەمتەرخەمیانەی کەدەرهەق بەکەرکوك وکەرکوکییەکان دەکرێ .

ئەم کەرکوکە زێدی دەیانی وەکو کاك ئازاد هەورامی و سیروان تاڵەبانی و ئەنوەرەکان و مامەریشە و شوانەکان و شاهۆو نازم حەمەی سلێمان وعیززەدین قەرەمحەمەد و مەلا محێدین و ئەرپە وسەیدبرایم و سەدانی وەکو ئەحمەد کەریم و هیواچیمەنی و مام هەژارو مولازم سیروان و دکتۆر هادی و هەزاران سەرهەنگ وفەرهەنگ و پێشرەو و ئارام و ئازاد وبەختیار و کامەران و..و...و ئەمانە وهاوڕێکانیان نموونەی بەرزو بالاّ بوون لەبەرگری وسەرجەم سەنگەرەکانی داکۆکیکردن لە شیو و دۆڵ و زورگ وشاخەکانی کوردستاندا ، بەبێ هیچ جیاوازیکردنێك ، تاکو رۆژی شەهید بوونیشیان و بەدەیان شێوازی جیاجیا درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان داوە و لەسەختترین هەلومەرجی سیاسی و گوشاری بێ وێنەی رژێم نەپرینگاونەتەوەو نەسڵەمیونەتەوە ،چ خۆیان ،یان دایك وباوك، یان خوشك وبرایان گیراون و زیندانی کراون و ئامادەش نەبوون لەژێر هیچ گوشارێکدا، هیچ جۆرە سازشێك لەپێناوی مانەوەی خۆیان، یان دایك وباوك و کەس وکاریاندا بکەن .زۆر بەداخەوە ئەوەتا بێ ئەمەکی ئەوانەی لەسایەی خوێنی گەشی ئەو سەدان هەزار شەهید و قوربانی وئاوارە وئەنفالە کوردەی کەرکوك دا ،بوونەتە سەرکردەو لێپرسراوی بڕیاردەر،لەسایەی سەری ئەوانەوە دەمێ سوکایەتیمان پێ دەکرێ،دەمێ

دەڵێن کەرکوك پیاوی تیا نییە و دەمێ بەبڕیاری قەرەقوش و بەعسیانە لەسلێمانی و هەولێر تەرحیل دەکرێین و دەردەکرێینە ناوکەلاوەی ناو سەربازگە و یاریگاکانی کەرکوك ،لەزەوی و خانووبەرە لەسلێمانی بێبەش دەکرێین .

لەوەتەی رژێمی سەدامیش رووخاوە کەرکوکیان تالاَنکرد، کەرکوك تەنها بۆ دۆشینە ، بۆ دۆشینی فرمێسك و ئارەقەو خوێن ورەنجی بێوەری کەرکوکییەکانە .

یەکێکی تر لەوباره قورسانەی کەهەولێر و سلێمانی لەجیاتی بار سووکی ، بوونەتە هۆی ، ئەویش گرانکردنی خانووی ماڵە عارەبەکانە کەلە سەرەتاوە لەترسا هەموویان بەجێیانهێشت ، کەچی ئەوان هاتن و کەوتنە کڕینەوەیان بە ئیغرا کردنی عارەب و ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەوانەی کە رۆیشتبوونەوەش ، بۆکەرکوك بگەڕێنەوە (ئەمە خیانەتە ؟ یان ئەوەی لەوپەڕی بێ دەرەتانی وبێ رێگەو جێگەیی ، کەرکوك جێدێڵێ و لەهەموو دەنگدانێکیش لەبەر باری ناسك و هەستیاری کورد ، بە ماڵ ومنداڵەوە دێنەوە کەرکوك و دووسێ رۆژ لەماڵان دەکەون ؟؟!!)

حزبایەتی کردنی پارتی ویەکێتی بەشەڕە پەڕۆو حزبایەتی وژەنگ هەڵێنان دژی یەکتر و موجامەلەکردنی دوژمن و ناحەزو بێگانە ، هەست وسۆزو هۆشی کوردایەتییان لەناوماندا کاڵ کاڵ کردەوە و سڕییەوە و فێری ئەوەیان کردین ، چۆن لەجیاتی ئەوەی بەگژ دوژمن و ناحەزو بێگانەدا بچینەوە و گیانی لێبوردنمان لەناو خۆماندا و بەرانبەر بەیەکتر هەبێ. بە پێچەوانەوە تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکی ورق و کینەیان لە نێوانماندا



چاند.ئەوەتا دکتۆر بەرهەم ساڵح راشکاوانە وراستگۆیانە دەڵێ لێمان قبوڵ مەکەن لە شارەکەتاندا حزبایەتی بکەین ، دواترگەیشتە ئەوەی زۆر بێباکانە و بێ منەتانە گەورەترین ڤیستیڤاڵی کوردانەی کەرکوکیەکان لە دەنگدانی بەلادا خستنی تەرازووی هێزی کوردایەتیدا ، بە هەند وەرنەگرن و لەپێناوی کورسی و دەسکەوتی حزبی و شەخسیدا چەندین مانگ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك دوابخرێ ، گەیشتە ئەوەی کە پارتی ویەکێتی لەرقی یەکتری چەندین هەل و دەرفەتی زێڕین لەدەست کورد بدەن و بیکەنە قوربانی ویست و ئیرادەی خۆپەرستانەی تاکە کەس و گەندە و مشەخۆرانی حزبی لەکەرکوك ئەمە لە کاتێکدا کەرکوك وکوردی کەرکوك پێویستیمان بە یەك دەقیقە کاتیش هەیە ، کە بەفیڕۆنەدرێ بۆ زووتر لەبەر یەکهەڵوەشاندنەوەی تەعریب و تەرحیل و تەدمیری شارەکەمان،کە(اضعف الایمان) جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨)ی یاسای کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقکە ئێستاماددەی

(١٤٠)ەلەدەستووری عێراقدا . بە داخەوە،نەیانهێشت کوردی پاك و تێکۆشەری کەرکوك هەرخۆی شارەکەی خۆی و دەورو بەرەکەشی لە هەموو خڵتە و تەعریب ودزو جەردەیەك پاك بکاتەوە ، ئەوە جگە لەوەی لەجیاتی دیاری بۆ منداڵانی کەرکوك ، هاتن بەدوو جۆر مەنهەج و دووجۆر کتێب لەناو قوتابخانەکانی کەرکوك سەریان لە منداڵەکانمان شێواند و کەرکوکیان کردە قوربانی دەسەڵاتەکانی خۆیان لە هەولێرو سلێمانی. بۆ ئەوەی دڵی عەرەبە شۆڤێنیستەکانی وەکو یاوەر و عەللاوی وجەعفەری و مەڕڕجەعیەکانیش ڕازی بکەن ،کەوتنە موجامەلەکردنی

عارەب لەسەر حیسابی برینە قوولەکانی کەرکوك و داتاشینی زاراوەی پڕوپووچی وەکو(عارەبی رەسەن،کەرکوك شاری برایەتی وتەبایی،کەرکوك عێراقێکی بچووککراوەو...هتد)دەیان قسەی بێ سەرو بەری سازشکارانە .
ئەم ناوچەگەری و خۆپەرستی وخۆجیاکردنەوەیەی دهۆك و سلێمانی لەشارەکانی تری کوردستان ،
سەنگەرو ریزەکانی کوردایەتی توند وتۆڵ و پتەو ناکات و بە پێچەوانەوە درزی گەورە دەخاتە ئەو نێوانە و دوژمنان سوودی لێ وەردەگرن و خراپ بەکاری دێنن جگەلەوەی سیمای هەردوو حزبەکەی ناشیرین دزێو کردووە ، بەلاَم ئەمجارەیان نابێ لەسەر جەستەی پڕلەزام و برینی کەرکوك و کەرکوکییەکان بێت ،چونکە دوای ئەو هەموو شەهید وقوربانییەی کەرکوکییەکان بۆ پێکەوە نانی ئەو هێلانەیەی ئەوان بێ جیاوازی داویانە،کەچی ئەوان ئامادە نین شانێك بدەنە بەر ئەم بارە قورسەی کەرکوك ،ئامادەن بە ملیار دۆلارلە جوانکردنی شارەکانیان (سلێمانی ودهۆك) وکۆشکەکانیان خەرج بکەن ، کەبە دڵنیاییەوە دەڵێم نیوەی ئەو پارەیەی کەلە جوانکردنی دهۆك وسلێمانی خەرج کراوە بەشی تەواوپاککردنەوەی تەعریبەکەی کەرکوکی دەکرد.
ئەم فەرق وجیاوازی یە لەکاتێکدایە ، کەرکوك و کەرکوکیەکان کە کرۆکی کوردایەتی و چەقی قورسایی دۆزی رەوای کوردستان و کوردایەتین،لە هەموو کات وساتێك زیاتر پێویستیمان بە کۆمەك و دەسگیرۆیی و هاوکاری هەیە بۆئەوەی کەرکوك لە قورگی ئەژدیها دەربکەین ،ئەگەر،ئەگەر مەبەستیان دەربازکردنی کەرکوك بێت!!!؟.



لێرەوە بە هەردوو حزبە گەورەکە دەڵێم ئێوە بە کێش و قورسایی کەرکوك و کەرکوکیەکانەوە هەن و دەخۆن ودەخوڕن ، بە پاڵ دۆزی کەرکوکەوە لە هەموو هاوکێشەکاندا جێگە و رێگەتان کراوەتەوە و دەکرێتەوە ،ئەگینا نابن بەهیچ و دەشپووکێنەوە .هەقیش وایە هیچی تر بوار بە مشەخۆرو گەندە خۆرەکانی ناوحزبەکانتان نەدەن کە برینی قوولتر بخەنە جەستەی کەرکوك وکەرکوکیەکانەوە و زیاتر بمانڕەتێنن و بمانچەوسێننەوە بمانکەن بەگژیەکتردا بە پەتای حزبایەتی بمانکەنە ئاردی ناودڕك!!!
تاوەکو لە بەرانبەر ویژدانی کەس وکاری شەهید و پێشمەرگە وئەنفال و ئاوارەی کەرکوکدا لەسەر لەخۆبایی بوون و گەندەڵی و بێ نمەکی وگوناهباریتان دادگایی نەکراون،وەرن داوای لێبووردن لە کوردی تێکۆشەرو خەباتگێڕی کەرکوك بکەن و دەستی دایك وباوکی شەهیدان وپاشماوەی ئەنفالەکان ماچ بکەن وئەم دوا هەل ودەرفەتە لەدەست خۆتان مەدەن و لەخۆبایی بوونتان هەڵتان نەخەڵەتێنێ.وەرن تاکو بەبەریەوە ماوە هەرچی مشەخۆرو گەندەخۆرتان هەیە سیکتریان بکەن و بگەڕێنەوە بۆ باوەشی گەرمی گەل و دوور مەکەونەوە ،با دۆزی کەرکوکیش کە چەقی قورسایی دۆزی کوردە نەبێتە قوربانی گیرفانی چەند کەسێکی خائین و خۆپەرست !!!!
وا کوردی تێکۆشەروپشوودرێژوبەئەمەك وبەوەفا بۆ دۆزی رەوای کوردایەتی ، کەوتوینەتە بیرکردنەوە و هەڵوەستەکردن لەو هەموو فەرق وجیاوازی کردن و زوڵم و ناهەقییەی کە ئێوە لێمانی دەکەن.کەوتووینەتە

گومان له و هەموو موزایەدەو قسه ودروشمه بریقەدارو دیماغۆگیانەی که ئێوه پێمانی دەفرۆشن. ئیتر هۆشمان هاتۆتەوه بەر و ناچینه مەیدانی شەڕەپەڕۆوه و چی تریش نابینه پەیژه و پلیکانه بۆ گەندەومشەخۆران و گەورەیی و پیرۆزی کەرکوك وباوەگوڕگوڕ دەکەینه مەشخەڵی سەرەکی وبنچینەی راستەقینەو تاك و تەنیای ئامانجمان ولەجیاتی رەنج و ماندووبوون بۆ پێگەیاندنی مشەخۆرو گەندەخۆری ئەو حزبانه ، ئیتر دێین و رەنج وماندووبونمان بۆ کەرکوکی کوردو کوردستان تەرخان دەکەین،ئێمه هەرماندوین ماندووین ،نەحەساوەین و نەسرەوتین ئیتر بۆچی بۆ کوردایەتی و کەرکوك نەبێ ؟؟!! بۆچی رێگه بدەین رەنجمان بدزرێت و کەرکوکیشمان لەدەست بچێ ؟!

ئیتر پێکەوه کوردایەتییه پاکو بێگەردەکەی خۆمان دەکەینه سەرمەشق و رێبازەکەی کاك ئازاد هەورامی ومامه ریشه و ئەرپەو هاورێکانیان دەکەینه ئاوات وئامانجمان و رێگەش نادەین لەوه زیاتر کەرکوك بخرێته قوڕگی ئەژدیهاوه .

ئەوەتا لەبەر خەمساردی و بێدەنگی کاربەدەستانی کەمتەرخەمی کوردی شارەکه و سەرکردایەتی کورد وا خەریکه سوپای مەهدی (جیش المهدی)پەیتا پەیتا دێنه ناوکەرکوکەوه و پێدەچێ پیلانی گەوره و ئینقلابیان بەدەستەوه بێ .

کورد له گەڕەکی عرووبه لەلایەك و لەلایەکی تریشەوه ناوچەی پیشەسازی هەڕەشەیان لێکراوه ودەرکراون وپێیان گوتراوه که ماڵ



ودوکانەکانیان جێبهێڵن ، هەندێ گەڕەکیش عارەب کۆنترۆڵیان کردووه و بەهی خۆیانی دەزانن وناهێڵن کورد بچێته ناویەوه!!.

خەڵکی گیان لەسەردەست و قوربانیدەری کەرکوك وخەمخۆرانی کورد و دۆزه ڕەواکەی :- زۆر درەنگه و زۆر دواکەوتین ، وەرن با چیتر چاوەڕوانی حزبەخەمساردو کەمتەرخەمەکانی کوردستان نەکەین و وەکو هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر برینەکانمان سارێژ بکەین و مافەکانمان وەربگرینەوه ئەگینا بەیەکجاری کەرکوکمان له دەست دەچێ و ئۆباڵەکەشی چەنده لەئەستۆی پارتی ویەکێتی و حزبەکانی تری کوردستانه ئەوەندەش لەئەستۆی چین وتوێژه هۆشیارو روناکبیرو زەحمەتکێشەکانی شارەکەمان و خەمخۆرانی راستەقینەی کوردایەتییه له هەر کوییەك بن وەرن با.......

★ ئەوەی عارەبی هاوردەیه و بێگانەیه بەهەر شێوه وشێوازێك بێت له کەرکوك دەریان بکەین.

★ئەوەی سووکایەتی به کەرکوکیەکان بکات رسوای بکەین .

★ئەوەی حزبایەتی وشەڕەپەڕۆی کرد وکەرکوکیەکانی لەیەکتر دڕدۆنگ کرد پەراوێزی بکەین .

★ئەوەی موزایەدەی درۆو دەلەسەی بەسەرکەرکوکەوه کردپەراوێزی بکەین.

★ئەوەی دزی وگیرفان پڕکردنی کرده پیشه لەسەر برینەکانی کەرکوك،شاربەدەری دەکەین .

Kurdistannet کوردستان نێت

٭ئەوەی موجامەلەی دوژمنە شۆڤێنیستە دژەکانی کوردو کەرکوکی کرد سیکتری بکەین .

٭ئەوەی خۆی بە خزمەتکاری بەکردەوە وراستەقینەی کورد و کەرکوکییەکان نەزانی پشتگوێی بخەین .

٭ئەوەی لافی کوێخایەتی کەرکوک لێدەدات و بێزی نایەت ماڵ و منداڵی بێنێتەوە بۆکەرکوک گوێی لێ نەگرین .

٭ئەوەی کەرکوک بەکوردستان نەزانێ و سازشی لەسەربکات ، رسواو مەحکوم ونەفرەتی لێ بکەین و شاربەدەریشی بکەین.

با کوردستانێتی کەرکوک بکەینە ئامانجی پیرۆزی کوردایەتی وسمبولی یەکێتی و یەکگرتنمان و هەمووومان لە دەوری کۆببینەوە .



## سوپاس پێزانینم بۆ:

- کۆمەڵەی رووناکبیری وکۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆ.
- کاک عارف قوربانی ئاسانکاری لەچاپدانی کتێبەکەی بۆکردم.
- کاک وریا شەهاب کەتایپی سەرەتایی زۆربەی بابەتەکانی بۆکردم.

# له بلاوكراوەكانی كۆمەڵەی رووناكبیری كەركوك

| ژ | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەنفال و شۆڕەبی | شیعر و بیرەوەری | مەلا شاخی | |
| ٢ | سروودی منالان | سروودی نەتەوایەتی | كۆمەڵێك شاعیر | |
| ٣ | دیوانی ئال یاسین | شیعری وەرگێڕاو | محەمەد ئال یاسین | ئاوات حەسەن |
| ٤ | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەری | سەعید شاكەلی | |
| ٥ | كۆنفرانسی ماددەی (٥٨) | وتار و دیكۆمێنێت | | |
| ٦ | راگەیانـدن بەرجەسـتەكردنی سـتەمی ئایدۆیۆلۆژی | لێكۆڵینەوە | شێركۆ جەبار | |
| ٧ | خورماتوو له پاكتاوی رەگەزیدا | لێكۆڵینەوە | حەسەن بارام | |
| ٨ | فەرهەنگی (ماچۆ)ی كاكەیی | فەرهەنگسازی | هاشم كاكەیی | |
| ٩ | لەنێوان ئێستاو رابردوودا | لێكۆڵینەوە | موعتەسەم ساڵەیی | |
| ١٠ | مێـژووی ئـەو كۆمەڵـەو رێكخـراو و حیزبانـەی لـە ناوچـەی كەركوكـدا سەریان هەڵداوە | مێژوویی | سمكۆ بەهرۆز | |
| ١١ | عەلە بەستێ | كورتە رۆمان | حەسەن جاف | |
| ١٢ | ژیاننامـە و بەرهەمـەكانی پرۆفیـسۆر زنون محەمەد پیریادی | لێكۆڵینەوە | د. زنون محەمەد پیریادی | |
| ١٣ | نەخۆشیەكانی ئاژەڵ كە توشی ئادەمیزاد دەبن | لێكۆڵینەوە | د. عبدالكریم حاجی محمدعلی | |
| ١٤ | كەركوك لەنێوان پیلان و خەمساردیدا | كۆبەندی كۆمەڵە گوتار | هێمن مەولود | |